PAY INSTITUTE
For Education & Development

# خوێندنی باڵا

## لەبەردەم ئاڵنگاری و گرفتی چارەنەکراودا

راپۆرتی هەڵسەنگاندنی رەوشی خوێندنی باڵا لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
(2018-2014)




کانونی دووەمی 2019
ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# خوێندنی باڵا

## لەبەردەم ئاڵنگاری و گرفتی چارەنەکراودا

ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی خوێندنی باڵا

لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

(٢٠١٤-٢٠١٨)

کانونی دووەمی ٢٠١٩


### ستافی کار

ستافی بەشداربوو لە نوسینی ڕاپۆرت:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

**پ.ی.د.توانا وەهبی غەفور**

**م.هەردەوان نەقشبەندی**

**م.بەهزاد موحسین**

**م.بەڕێز عەباس**

ستافی هاوکاری تەکنیکی:

**بابان جەعفەر حەمە**

**ئارێز دارا حەفید**

**ئارام سەردار عومەر**

**میران حسێن حەسەن**

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**


**تێبینی/ ستافێك مامۆستا لە زانکۆ جیاجیاکاندا هاوکاو بەشدار بوون لە نوسینەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا، بەلام بۆ ئەوەی سزا نەدرێن لەلایەن بەرپرسانی وەزارەت و زانکۆکانیانەوە ناوەکانیان نەنوسراوە.**


⋆- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (PAY) ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییە و لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)ـەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

⋆- پرۆژەی چاودێریی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای کابینەی هەشتەمە دەستیپێکردووە. یەکەم ڕاپۆرتی لەگەڵ دەستپێکی کابینەکەدا پێشکەش بە وەزیری خوێندنی باڵا کر لەو چوار ساڵەدا چەند ڕاپۆرت و توێژینەوەیەکی بلاۆکردۆتەوە و ئێستاش ڕاپۆرتی کۆتایی هەڵسەنگاندنی خوێندنی باڵا لە کابینەکەدا بلاۆدەکاتەوە.


PAY INSTITUTE
For Education & Development





**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری کوردستان مۆڵ

تەلەفۆن: 07701564576 - 07701465733

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail. com / sarwary74@yahoo. com -

فەیسبوک: facebook. com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www. payied. org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٩**


**ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان وەرگرتووە.**

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| ئەو نامەیەی چوار ساڵ لەمەوبەر پێشکەشی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵامان کرد | ٩ |
| **یەکەم: یاسا و ڕێنماییەکان** | ١٢ |
| نەبوونی یاسایەکی تێروتەسەلی گشتگیر بۆ ( خوێندنی باڵا ) لە هەرێمی کوردستان | ١٢ |
| خوێندنی بە پارە | ١٢ |
| پێشێل و جێبەجێنەکردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا | ١٢ |
| کەموکوڕی لە یاسای زانکۆ ئەهلیەکاندا | ١٣ |
| پەرشوبڵاوی و زۆری یاساو بڕیار و ڕێنماییەکان | ١٣ |
| جیاوازیکردن لە نێوان زانکۆکاندا بە یاسا/ نمونەی زانکۆی کوردستان | ١٣ |
| پێویستی گەڕانەوەی بینا داگیرکراوەکانی خوێندنی باڵا بە یاسا یا بڕیارێکی پەرلەمان | ١٤ |
| چاوپۆشیکردن لە جێبەجێ کردنی ڕێنمایی میلاکاتی کۆلێژو بەشەکانی زانکۆو پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان | ١٤ |
| کردنەوەی دەیان بەشی زانستی بەدەر لە ڕێنمایەکانی کردنەوەی بەش وکۆلیج | ١٤ |
| **دووەم: تەوەری بودجە:** | ١٥ |
| بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا | ١٥ |
| نەبوونی بودجەی تەرخانکراو بۆ توێژینەوە | ١٥ |
| کەمی کرێی وانەبێژی مامۆستایان و جیاکاری لە نێوانیاندا | ١٥ |
| کێشەی بڕینی دەرماڵەی خوێندکاران و وەرگرتنی پارە لێیان | ١٦ |
| گرفتی پڕۆژە کان/ بینا ڕاگیراوەکان | ١٦ |
| گرفتی جێبەجێنەکردنی بڕیاری ژمارە (١٦٥) و ڕێنمایی ژمارە (١١) وەك پێویست | ١٧ |
| گرفتی بودجەی پرۆسەی تواناسازی | ١٨ |
| داهاتی زانکۆکان و ناشەفافییەت و ناعەدالەتی لە خەرجکردن و پاداشتدا | ١٩ |
| نەبونی بوجەی پێویست بۆ مەشقکردن و ڕاهێنانی ماموستایان | ٢٠ |
| نەبوونی بودجەی تەرخانکراو بۆ کرینی ئامێری پێشکەوتوو | ٢٠ |
| **سێیەم: تەوەری دانانی باج:** | ٢١ |
| دانانی باج و رسومات بەسەر خوێندکارانەوە | ٢١ |
| دانانی باج و رسومات بەسەر مامۆستایان | ٢٢ |
| دانانی باج و رسومات بەسەر فەرمانبەران | ٢٢ |
| دانانی باج و رسومات بەسەر ئەو هاولاتیانەی کاریان دەکەوێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە | ٢٢ |
| دانانی باج و رسوماتی زیاتر بەسەر زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٢٣ |
| **چوارەم: تەوەری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:** | ٢٤ |
| کۆنگرەی زانستیی زانکۆکان | ٢٤ |
| نەبوونی کۆنگرەی خوێندنی باڵا | ٢٤ |
| نەبوونی کتێبخانەی پێویست | ٢٤ |
| پشتگوێخستنی توێژینەوە لە زانکۆ کاندا | ٢٤ |
| وەك پێویست نەبوونی گۆڤارە زانستیەکانی زانکۆکان | ٢٤ |
| نەبوونی پەیوەندی نێوان زانکۆکان لەگەل کۆمەڵدا | ٢٥ |

وەك پێویست نەبونی تاقیگەی زانستی ........ ٢٥

وەك پێویست نەبونی تاقیگەی دەنگ ........ ٢٥

وەك پێویست نەبوونی تاقیگەی کۆمپیوتەر ........ ٢٦

وەك پێویست نەبوونی گۆڕەپانی یاری ومەلەوانگەی پێویست بۆ بەشە وەرزشیەکان ........ ٢٦

وەك پێویست نەبوونی ئینتەرنێت لە زانکۆکاندا ........ ٢٦

گرفتەکانی بەردەم بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ........ ٢٦

گرفتەکانی توێژینەوەی دەرچوونی قۆناغی بەکالۆریۆس ........ ٢٧

گرفتەکانی بەردەم خوێندنی دکتۆرا و ماستەر ........ ٢٨

گرفتەکانی مۆڵەتی خوێندن ........ ٢٨

گرفتەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی ........ ٢٩

گرفتەکانی تواناسازی ........ ٣١

گرفتەکانی بەردەم ئەوانەی لە پرۆسەی تواناسازی تەواو بوون و گەڕاونەتەوە ........ ٣١

کێشەی بەشەوانە ( نصاب )ـی مامۆستایان ........ ٣٢

کۆسپی مەرجی تەمەن بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن ........ ٣٢

نزمی ئاست و خراپی شێوازی وانەوتنەوەی هەندێك لە مامۆستایان ........ ٣٢

گرفتەکانی هەڵبژاردن یا دەستنیشانکردنی سەرۆك بەشەکان ........ ٣٣

ڕێکخستنەوەی بەشە زانستیەکان بە پێی پێداویستی ........ ٣٣

دڵنیایی جۆری ........ ٥٤

زانستخوازیی بەردەوام ........ ٥٥

فیدباك ........ ٥٥

هەگبەی مامۆستا ........ ٥٥

وەك پێویست نەبوونی گەشتی زانستی بۆ ئەو بەشانەی پێویستیان پێی هەیە لە بواری پراکتیکدا ........ ٥٥

کێشەی بڕوانامە و نازناوی مامۆستایانی پەیمانگەکان ........ ٥٦

نەبوونی سەنتەری توێژینەوە لە کۆلێژ و پەیمانگەکاندا ........ ٥٧

گرفتەکانی گفتوگۆی ماستەر و دکتۆرا ........ ٥٧

گرفت و ڕۆتینیاتی هاوتاکردنی بڕوانامەکان ........ ٥٧

کۆپیکردنی توێژینەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی لە لایەن هەندێك مامۆستاوە و چاوپۆشیکردن لێیان ........ ٥٧

نەبوونی دەزگایەك بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێب و سەرچاوانەی پێویستن ........ ٥٧

گرفتی پەروەردەی تایبەت ........ ٥٨

خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ........ ٥٨

نەبوونی پەیوەندی زانکۆکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە وەك پێویست ........ ٥٨

نەبوونی پەیوەندی زانکۆکان لەگەڵ یەکتریدا ........ ٥٨

دابەزینی ئاستی خوێندن ........ ٥٨

نزمی ئاستی زانکۆکانی کوردستان لە ڕیزبەندی جیهانیی زانکۆکاندا ........ ٥٨

پشتگوێخستنی زمانی کوردی ........ ٥٩

بڕوانامەی ساختە ........ ٦١

بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە ساختەکاندا ........ ٦٢

کردنی کۆلێژی یاسا بە پێنج ساڵ ........ ٦٣

گرفتی مەشقی هاوینەی خوێندکاران ( تدريب صيفي ) ........ ٦٥

پشتگوێ خستنی لێژنەی زانستی بەش و کۆلێژەکان ........ ٦٥

دەسکاری کردنی بۆرد و نمرەی خوێندکاران ........ ٦٥

**پێنجەم: تەوەری ئیداری و پەیکەری کارگێڕی:** ٦٦

سەربەخۆیی زانکۆکان ........ ٦٦

نەبوونی سەلاحیات و دەسەلات لە خوارەوەی وەزارەت لای سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکان ........ ٦٦

نەگونجاویی پەیکەری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان و زانکۆکان ........ ٦٧

گرفتی پڕنەکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکان ........ ٦٧

زانکۆی بە وەکالەت ........ ٦٧

شێوازی پڕکردنەوەی پۆستەکان و پرۆسەی پێشکەشکردنی سیفی ........ ٧٧

گرفتی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ مامۆستایان ........ ٧٧

گرفتی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران ........ ٧٨

کەمی و زۆری مامۆستا و ڕێکخستنەوەی میلاك ........ ٧٨

پێویستی بوونی هاندان لە زانکۆ تازەکاندا ........ ٨٠

گرفتەکانی توێژەر و یاریدەدەرانی توێژەر لە زانکۆکاندا ........ ٨٠

گرفتی ئەو زانکۆیانەی کەمپیان نیە ........ ٨٠

گرفتەکانی دامەزراندنی مامۆستایان و فەرمانبەران ........ ٨٠

نوسینگە ڕاوێژکارییەکان لە زانکۆکاندا ........ ٨٠

گرفتی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ........ ٨١

گرفت و وەك پێویست نەبوونی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی زانکۆکان ........ ٨١

نەبوونی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان ........ ٨١

نەبوونی خولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەران ........ ٨١

نەبوونی کارگوزار و باخچەوان وەك پێویست لە زانکۆکاندا ........ ٨٢

گرفت و وەك پێویست نەبوونی چاپخانەی زانکۆکان ........ ٨٢

پشوی زۆر و وەك پێویست جێبەجێنەکردنی ساڵنامەی خوێندن ........ ٨٢

گرفتی گۆڕەپانی پارکین بۆ ئۆتۆمبیل ........ ٨٢

بریکاری وەزارەت ........ ٨٢

ڕاوێژکارانی وەزارەت ........ ٨٣

سەرۆکی زانکۆکان ........ ٨٣

ڕاگری کۆلێژ و پەیمانگەکان ........ ٨٤

سیستەمی بە ئەلیکترۆنیکردنی وەزارەت ........ ٨٤

ئیفادی زۆری بەرپرسانی خوێندنی باڵا بە بێ بەرنامە ........ ٨٤

گرفتەکانی ڕیزبەندی نیشتمانی ........ ٨٦

جیاوازی کردن لە ئیمتیازات ........ ٩٢

وەك پێویست نەبوونی ژینگەی ناوەندەکانی خوێندن ........ ٩٢

دابڕانی زانکۆکان لە کایەی هونەری و ڕۆشنبیری ........ ٩٣

**شەشەم: تەوەری کاروباری خوێندکاران:** ٩٤

گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خوێندکاران ........ ٩٤

گرفتی بەشەناوخۆییەکان ........ ٩٤

ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران ........ ٩٤

مۆتەکەی قبوڵ مەرکەزی و وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ ........ ٩٥

مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران ........ ٩٦

گرفتی ئامادەنەبوون ( غیابات )ـی خوێندکاران .............................................. ٩٦
گرفت و شێوازی سیستەمی تاقیکردنەوەکان .............................................. ٩٦
گرفتەکانی خویندکارانی ئێواران .............................................. ٩٦
گرفتی وەرگرتنی خوێندکاران بە سیستەمی ڕاستەوخۆ .............................................. ٩٧
سیستەمی کریدیت .............................................. ٩٨
گرفتی ئەو ڕێژە زۆرەی خوێندکارانی پۆلی ( ١٢ ) کە ساڵانە وەرناگیرێن .............................................. ٩٩
گرفتەکانی زانکۆلاین .............................................. ٩٩
ڕێبەر و ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکاران .............................................. ١٠٠
دیاردەی دەوامنەکردن ( لێدانی دەوام ) لەلایەن خوێندکارانەوە .............................................. ١٠٠
گرفتی خوێندنی کوردی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم .............................................. ١٠٠
دیاردەی توندوتیژی لە زانکۆکاندا. نەبوونی هاوڕێیەتی نێوان مامۆستا و خوێندکار .............................................. ١٠٠
دەرکردن ( فصل )کردنی خوێندکار .............................................. ١٠٠
گواستنەوەی خوێندکاران لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر .............................................. ١٠٠
گرفتی خوێندنی سیستەمی بۆلۆنیا .............................................. ١٠٠

**حەوتەم: تەوەری هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگەکانی تردا:** ١٠٢

هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی پلاندانان و خوێندنی باڵا .............................................. ١٠٢
هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا .............................................. ١٠٢
نەبوونی هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەت و دامودەزگەکانی تر .............................................. ١٠٢
لاوازی و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان زانکۆ و کۆمەڵگەدا .............................................. ١٠٣
نەبوونی پلانی حکومەت بۆ خوێندنی کوردی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم .............................................. ١٠٣
دابڕانی وەزیر لە دامودەزگەکان و ئاگادارنەبوونی لە کێشەکان وەك پێویست .............................................. ١٠٣

**هەشتەم: تەوەری زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان:** ١٠٤

سەرباری بوونی یاسایەکی تایبەت بە زانکۆ ئەهلیەکان، بەڵام وەك پێویست جێبەجێ نەکراوە .............................................. ١٠٤
گرفتی دانپیانان بە بڕوانامەی زانکۆ ئەهلیەکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقەوە .............................................. ١٠٤
بەکارهێنانی بودجە و موڵکی گشتی بۆ ژمارەیەك لە زانکۆ ئەهلیەکان کە کەرتی تایبەتن .............................................. ١٠٤
بەکارهێنانی زەویی زانکۆ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی .............................................. ١٠٤
گرفتی مامەڵە لەگەڵ زانکۆکانی ( قەڵەم و کتاب و حەدبا و نور ) .............................................. ١٠٤

**نۆیەم: دەست تێخستنی حیزب** ١٠٧

ڕاسپاردە .............................................. ١٠٨
پاشکۆکان .............................................. ١١٢

# پێشەکی

پێنج ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا، ڕاستەوخۆ دوابەدوای سوێندخواردنی وەزیری خوێندنی باڵا، لە (٢٠١٤/٦/١٩) وەك ئینستتیۆتی پەی، لە چوارچێوەی نیمچە کۆنفرانسێکدا یاداشتێکمان پێشکەش بە وەزیری خوێندنی باڵا کرد، کە (١٤٠) کێشە و گرفتی خوێندنی باڵای لەخۆگرتبوو، تیایدا هەموو گرفتەکانمان خستبووە ڕوو، بە مەبەستی ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، دواتر لە درێژەی ئەو کارەماندا بەهاوکاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان پرۆژەیەکمان بە ناونیشانی (پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان) جێبەجێکرد، کە خۆلە چوار وۆرکشۆپ لە هەر چوار پارێزگەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و ئیدارەی گەمیاندا بینیەوە، جگە لەوە ستافی ڕێکخراوەکەمان بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیەو لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە گرفتەکان، لەگەل ئەنجومەن یا سەرۆکایەتی سەرجەم زانکۆ حکومی و ئەهلیەکانی هەرێم هەر لە زاخۆوە تا خانەقین کۆبوویەوە، لەکۆتاییشدا لە ڕۆژانی ٢١-٢٠١٥/٤/٢٢ لەشاری هەولێر بەئامادەبوونی سەرجەم سەرۆکی زانکۆکان و نوێنەرەکانیان و کەسانی پسپۆر و شارەزای بوارەکەو بە ئامادەبوونی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان کۆنفرانسێکمان ئەنجامدا، لەوکۆنفرانسەدا بەمەبەستی لەنزیکەوە چاودێریکردن بەرێز وەزیری خوێندنی باڵاش داوەت کرابوو و وتاری بۆ دانرابوو، بەڵام بەداخەوە بەرێزیان ئامادە نەبوون و دواتر گوێ لە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکەش نەگیرا، نەك هەر کاریان لەسەر نەکرا، بەڵکو لەو ساڵانەی تەمەنی کابینەی هەشتەمدا گرفتەکان زیاتر بوون، جگە لەوانەی هەبوون چەندینی تریشی هاتنەسەر.

ڕاستە حکومەتی هەرێم لەسەردەمی کابینەی هەشتەمدا ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بوویەوە، هەندێك لە گرفتەکان پەیوەندیدارن بە بودجەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی دەبێت بودجە بۆ هەندێ بابەت و سێکتەری تر هەبێت بەڵام بۆ خوێندنی باڵاو زانکۆکان نەبێت! ؟ بۆچی ئەم دەسەلاتە بەردەوامبوو لەسەر تەخشان و پەخشانی بودجەو بەهەدەردانی بەڵام بیرێکی لەبەرەوپێشەوە چوونی زانکۆکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان نەکردەوە! ؟ جگە لەمە هەندێك لەو کێشەو گرفتانەی هەن هیچ پەیوەندییەکیان بە قەیرانی داراییەوە نەبوەو نیە، بەڵکو هۆکارەکان نەبوونی ئیرادە و دەست تێخستنی حزب و بەرژەوەندی کەسی و کەمتەرخەمی بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بون.

لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا وەزارەتی خوێندنی باڵا زۆر کار هەبوو و ئەرکی بوو و پێی دەکراو دەبوایە بیکات، بەڵام نەیکرد! دەیتوانی یاسایەکی خوێندنی باڵای باش لەپەرلەمان پەسەند بکات، نەیکرد! نەك هەر ئەمەی نەکرد بەلکو کاتێك ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەی هەمواری یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵایان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی جیاکاری نێوان زانکۆکان نەهێلرێت، بەرێز وەزیری خوێندنی باڵا ئامادەنەبوو بچێتە دانیشتنەکەوەو سەرنجەکانی خۆی بە پەرلەمان بگەیەنێ لەکاتی پەسەندکردنی یاساکەدا، هەرچەندە لەلایەن پەرلەمانیشەوە بانگهێشتکرابوو! وەزارەتی خوێندنی باڵا دەیتوانی ئەو گرفتانەی لە سیستەمەکەدا هەبوو گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنێ، بەلام نەیکرد،

دەیتوانی ئەو یاسا و سیستەمەی هەیە جێبەجێی بکات و ڕێگە بە پێشێلکردنیان نەدات، نەیکرد! دەیتوانی ڕێگە نەدات بازرگانی بەخوێندنەوە بکرێت، نەیکرد! دەیتوانی شکۆ بۆ پێگەی مامۆستایان و زانکۆکان بگێڕێتەوە، نەیکرد! دەیتوانی لەم بارودۆخە قەیراناوییە تۆزێك لەگوزەرانی مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران بەرەو باشی بگۆڕێت، نەك هەر ئەوەی نەکرد بەلکو باری سەرشانیانی قورستر کرد و باج و رسوماتێکی زۆر زیاتری خستە سەریان! دەیتوانی تا ئاستێك دەستی حزب لەناو زانکۆکاندا بکێشێتەوە و مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران هیچیتر لەسەر بیروڕای سیاسی سزا نەدرێن و لە پلەو پۆستی کارگێڕیدا بەهۆی بۆچوونی سیاسیەوە بێبەشنەکرێن و دوور نەخرێنەوە، بەڵام نەیکرد! دەیتوانی بەپێی یاساو ڕێنماییەکان پۆستەکان دەستنیشان بکات و کەسانی شیاو دابنێت، بەلام نەیکرد و لە ئێستادا لەبەر ئیعتیباری حزبی و شەخسی زۆرینەی پۆستەکان بەوەکالەتن و زانکۆکان بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن! دەیتوانی بەپێی یاساو پێوەرە زانستیەکان سەرۆك بەشەکان دابنێت، بەلام نەیکرد و زۆرینەی زۆریی سەرۆك بەشەکان بە نایاسایی دانراون! دەیتوانی هەوڵی بەرەوپێشەوە بردنی زمانی کوردی بدات، نەك نەیکرد بەلکو هەنگاوەکانی لەپێناو پشتگوێخستنی زانی کوردی بوون! ئەمانەو چەندان گرفتی تری زانستی و یاسایی و کارگێڕی، دابەزینی ئاستی زانستی زانکۆکان و بێ بەهابوونی بڕوانامەی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەو دابەزینی ریزبەندیی زانکۆکان لە لەلایەن ڕێکخراوەکانی و یۆنسکۆ و ئەو ڕێکخراوانەی ریزبەندی زانکۆ جیهانیەکان دەستنیشان دەکەن و چەندانی تر کە کاریگەریی خراپیان لەسەر سایکۆلۆجیای مامۆستایان و خوێندکاران بەتایبەتی و کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی هەبووە.

ئەگەر حکومەت و دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئەو ڕەوشەو کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنەی خوێندنی باڵا بەردەوام بێت و بەدوای ڕێگەچارەیەکدا نەگەڕێت و گۆڕانکارییەکی ریشەیی تیادا نەکات، داهاتوویەکی نادیار چاوەڕێی نەوەکانی داهاتوومان دەکات و بەرپرسیاری یەکەمیش لەبەرامبەر مێژوودا هەر خودی حکومەت و دەسەڵاتی کوردییە.

لەم پێناوەدا لێرەدا جارێکی تر لەم ڕاپۆرتەدا هەڵسەنگاندنێکی وردی چوار ساڵی ڕابردووی ئەدای کاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکانمان بە گشتی کردووە، بە شێوازێکی بەراوردکارییانەوە داتا و ئامارەکانی خودی خوێندنی باڵا و ڕەوشەکەمان خستۆتە ڕوو. بەداخەوە خوێندنی باڵا نەك هەر بەرەو پێش نەچووە و گۆڕانکاریی ئەرێنی بەسەردا نەهاتووە (جگە لە زیاد بوونی ژمارەیی)، بەڵکو چەندین هەنگاو بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە.

**ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

٢٠١٩/١/٢٠

**وەك خۆی:**

**ئەو نامەیەی چوار ساڵ لەمەوبەر پێشکەشی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵامان کرد:**

**ئیش کە ڕووی لە هەورازە، چاکە سەرەو لێژی نەکەی**
**بیری وردیشی دەوێت، هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی**

(شوکری فەزلی)

**بەڕێز د.یوسف گۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

دوای سڵاو و ڕێزمان بۆتان...

سەرەتا پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ بواری خوێندنی باڵا و ئیشوکارەکانی بەڕێزیشتان دەخوازین، پێم وایە لە ئاستی ئەو متمانەیەدا دەبن، کە پێتان بەخشراوە و هیوادارین ئەو وەزیرە بن، کە بواری زانست و خوێندنی باڵا دەیخوازێت و بە توانا و لێزانینی ئەکادیمیانەتان بتوانن لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەی ئەم پۆستەتاندا، تاکە خەمتان تەنها خەمی بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی بواری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بێت، دوور لە هەر ئعتیبارێکی تر، کە خەونی مامۆستایان و خوێندکاران و توێژەرانی پێ بێننەدی، بەوەی بواری خوێندنی باڵا لەسەر دەستی بەڕێزتان بەرەو پێشەوەچوونی بەرچاو و ریفۆرمی ریشەیی بەخۆیەوە ببینێ.

بەڕێز جەنابی وەزیر...

بە پێویست و ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین، لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربونتاندا بە مەبەستی بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ بەڕێزتان و باشتر درککردن و پەیبردن بە کێشەکانی بواری خوێندنی باڵا، لەپێناو دانانی ڕێوشوێنی باشتر، ئەم یاداشتەتان ئاراستە بکەین، چونکە پێمان وایە خوێندنی باڵا بوارێکی زۆر فراوان و هەستیار و گرنگ و پڕ گرفت و چارەنوسسازە و دەبێت هەمووومان بە خەمی خۆمانی بزانین.

فراوانە لەبەر ئەوەی سەرجەم بوارەکانی تر لە خوێندنی باڵاوە کادری زانستی و کارگێڕییان بۆ دەچێت، بوارێکی هەستیارە، چونکە بچوکترین گۆڕانکاری تیایدا بە لایەنی ئیجابی یا سلبی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دەبێت. تا زانکۆکانمان زیاتر بەرەو پێشەوە بچن و ئاستی زانستییان بەرز بێتەوە، دامودەزگاکانی تریشمان تۆکمەتر و ڕێکوپێکتر دەبن و کۆمەڵیش زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت.

خوێندنی باڵا گرنگ و چارەنوسسازە، چونکە تەنها گۆڕانکاری و ریفۆرمی خوێندنی باڵایە، کە دەتوانێت گۆڕانکاریی ریشەیی لە کۆمەڵدا بکات. خۆ ئەگەر گرنگی بەم بوارە نەدرێت، بەرزترین دامودەزگای زانستی وڵات، کە زانکۆ و ناوەندە زانستیەکانن، پشتگوێ دەخرێن (هەروەك تا ئێستا پشتگوێ خراون)، ئاخۆ دەبێت دەزگاکانی تر و

سێکتەرەکانی تر چۆن بن و چ دڵێکمان بەم حوکمڕانییە خۆش بێت! هەر لەم پێناوەدا تکایە هەوڵ بدەن، مێژوویەکی پڕشنگدار لەم چوار ساڵەدا بۆ توێژینەوە و زانست و کوردستان و خۆتان تۆمار بکەن.

کۆمەڵی کوردەواری بەراورد بە (٢٤) ساڵ لەمەوبەری بەر لە ڕاپەڕین قەڵەمبازێکی گەورەی هاویشتووە، لە بواری خوێندنی باڵاشدا بە هەمان شێوە (بەڵام لە ڕووی ژمارەوە)، جگە لە بەرەو پێشچوونی چەندێتی و زیادبوونی ژمارەی خوێندکار و مامۆستا و زانکۆ و پەیمانگە و کۆلیژ و بەشەکان، کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چەندان بەرابەر زیادی کردووە، بەڵام لەڕووی چۆنایەتییەوە تا ئاستێکی زۆر لە شوێنی خۆی چەقیوە و بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆ نابینرێت و لە ئاستی پێویستدا نین، سەردەم سەردەمی گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوون و توێژینەوەی زانستیە، بەڵام ڕیزبەندی زانکۆکانی کوردستان لە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهاندا لە چەند هەزاردایە!

خۆ ئەگەر لەهەموو بوارەکانی تریشدا پێشکەوتوو بین و لە بواری زانستی و توێژینەوەدا لە شوێنی خۆیدا ئاوا بوەستێت، هەروەک چەقی بەستووە، پێشکەوتنەکانی تریش بێمانا و بێ بەرهەم دەبن. چونکە هەموو گۆڕانکاریەک بێ پلان و توێژینەوە پوچ دەردەچێت. کەواتە دەستپێکی هەموو ڕیفۆرمێکی سەرکەوتوو لە کۆمەڵدا لە خوێندنی باڵاوە دەست پێدەکات.

جەنابی وەزیر...

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم وەزارەتە چەند بەڕێزێك پۆستی وەزیریان پێ سپێردراوە، بەڵام بە داخەوە بەرنامەیان تەنها ڕاییکردنی کارەکان بووە و نەیانتوانیوە بەرنامەیەکی گونجاو دابنێن و یەک دوای یەک بەرنامەکانی یەکتری تەواو بکەن. هەر بۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێت وەزارەتێکی سیستماتیکی ڕێکوپێك نیە، ئەو ڕەوشەی ئێستا لەو وەزارەتەدا دەگوزەرێت، تەنها کارڕاییکردنە، بۆیە هیواداریین بەڕێزتان کارە باشەکانی وەزیرە بەڕێزەکانی پێشوو تەواو بکەن و بەرنامەی تۆکمە و سەردەمیانەی خۆشتان هەبێت. بە دڵنیاییەوە ئەوەی بە ئێوە دەکرێت وەک وەزیری خوێندنی باڵا لەم شوێنە گرنگەدا، زەحمەتە بە وەزیرەکانی تر بکرێت، چونکە هەرچی نەوەی تازە پێگەیشتووی وڵات هەیە لە خوێندنی باڵادا دەخوێنن و فێر دەبن، لەسەر دەستی ئەوان وڵات ئاوەدان دەبێتەوە و کۆمەڵ لە نەزانین و دواکەوتوویی نەجاتی دەبێت. هەر بۆیە ئێوەن دەتوانن ڕێڕەوی کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی تری ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی بەرن، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەمە ئاسان نیە و هەر بە قسە خۆشە، ئەم کارە پێویستی بە دڵسۆزی و شەونخونی و جورئەت و هەنگاوی بوێرانە هەیە و وەک وەزیرێکی گەنجی ئەکادیمی و لێهاتوو هەر ئەوەشتان لێ چاوەڕێ دەکەین.

لە پێناو ئەم ئامانجانەدا وەک خەمخۆرێکی خوێندنی باڵا، وەک ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لێرەدا بەشێك لە گرفتەکانی ئەم بوارەتان دەخەینە بەرچاو، ئەگەر ڕەزامەند بن و نیەتی کارکردن و چاککردنی ڕەوشەکەتان هەبێت، هەوڵ دەدەین بە پێی تێڕوانینی خۆمان بۆ چارەسازی پێشنیازیشتان بۆ بکەین.

بەڕێز جەنابی وەزیر...

دوای بەرچاوخستنی ئەم هەموو گرنگیەی خوێندنی باڵا، کە بەڕێزتان لە ئێمە باشتری لێ دەزانن، ئایا پێتان وایە بێ بوونی یاسایەکی سەردەمییانەی پوخت، بێ بوونی سیستەمێکی سەرکەوتووی بێ گیروگرفت، بێ بوونی ژینگەیەکی باش و گونجاو، بە مامۆستای بێ پێداویستی و ڕانەهێنراو، بە وەرگرتنی ژمارەی زۆری خوێندکاران، بێ

پلان و بە پەلە، بەم ڕۆتینیات و سیستەمە گەندەڵە، بتوانن گەشە بە خوێندنی باڵا بدەن و توێژینەوە پێش بخەن و کۆمەڵ بەرەو ئاقارێکی ئارامی و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بەرن!!؟؟

ئەو گرفتانەش کەوا هەن، جۆراوجۆرن، کەڵەکەبووی ساڵانێکی ڕابردوو و کابینەکانی ڕابردوو و وەزیرەکانی ڕابردوون و تا ئێستا بەڕێزتان (کە تازە ئەم پۆستەتان وەرگرتووە) لێی بەرپرسیار نەبوون و نین، بەڵام لە ئێستا بە دواوە لێپرسراویەتیی بەدواداچوون و چاککردنیان لە ئەستۆی بەڕێزتاندایە.

گرفتەکان بەسەر چەند بوارێکدا پۆلێن دەکرێن: یاسایی، دارایی، زانستی، کارگێڕی، کاروباری خوێندکاران و دەستێخستنی حیزب و هتد.

چارەسەری هەندێکیان لەسەر پەرلەمانی کوردستانە، کە پێویستە فشار بخرێتە سەری، بە تایبەت مەسەلە یاساییەکان. هەندێکیشی ئەرکی ئەنجومەنی وەزیرانە، بە تایبەتی مەسەلەی بودجە و سیستەم. هەندێکی لەسەر وەزارەت و دامودەزگەکانی ترە، ئەوانەی تریشی کە زۆرینەیە ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، کە بەدواداچونیان بۆ بکات.

بە کورتی ئەوەی لەم یاداشتەماندا خستومانەتەڕوو، بەشێکن لە کێشە و گرفتەکان، بە مەبەستی بەرچاوڕوونی زیاتر و کار لەسەر کردن و سەرکەوتنی بەڕێزتان.

جەنابی وەزیر...

هەروەك پێشتریش وتمان پێگەی بەڕێزتان زۆر گرنگە لە بەرپرسیارێتیی ئەم بوارە گرنگە لە کۆمەڵدا، ئەگەر ئەو ئیرادەیەتان تێدابێت، بێگومانین دەتوانن گۆڕانکاری ئەوتۆ بکەن، کە مێژویەکی پڕ لە شانازی بۆ خۆتان تۆمار بکەن. هەر لێرەشدا دووپاتی دەکەینەوە، ئێمە وەك ئەنستیتۆتی پەی، خۆمان بە مامۆستا و کادر و چالاکوانی پێناوی سەرخستنی پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا دەزانین، لە هەموو بوارێکی خزمەتی ئەم سێکتەرەدا هاوکار و هاوڕێگەتین و سەرکەوتنی بەڕێزتان بە سەرکەوتنی خۆمان دەزانین، بە پێچەوانەشەوە ئێمە وەك پسپۆران و شارەزایانی بوارەکە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کە لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵادا کار دەکەین، ئەگەر ئەم ڕەوشە خراپەی خوێندنی باڵا هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، وەك ئەرکێکی نیشتمانی و مەدەنی و ڕێکخراوەیی بە پێویستی دەزانین، کە هەمووان بەیەکەوە هەموو شێوازێکی مەدەنی بگرینەبەر، بۆ فشار خستنەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان، چونکە پێمان وایە تا بواری خوێندنی باڵا ڕیفۆرمی تیا نەکرێت، مەحاڵە لە بوارەکانی تردا هیچ گۆڕانکاری و چاکسازییەك بکرێت.

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

**سەرۆکی ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**٢٠١٤/٧/٢٢**

## یەكەم: تەوەری یاسا و ڕێنماییەكان:

### ١. نەبوونی یاسایەكی تێروتەسەلی گشتگیر بۆ ( خوێندنی باڵا ) لە هەرێمی كوردستان.

تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستاندا یاسایەكی نیە، جگە لەوەی یاسای پەیكەرەی وەزارەت هەیە، كە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ە، هەروەها چەند یاسایەكی تری لاوەكی هەیە، پێویست بوو یاسایەكی گشتگیر هەبێت و فەلسەفە و سیاسەتی خوێندنی باڵا بە شێوەیەكی سەردەمیانە تیایدا ڕەنگ بداتەوە. لە خولی سێیەمی پەرلەمان و لە سەردەمی كابینەی شەشەمدا پرۆژە یاسایەكی لەم شێوەیە پێشكەش كرا (بەو تێبینیانەشەوە كە لەسەری بوو)، بەڵام ئەو كاتە لەبەر ململانێی حزبی پەسەند نەكرا، لە كابینەی حەوتەمیش هەر نەكرا، لە كابینەی هەشتەمیشدا نەك هەر لە ماوەی ئەو چوار ساڵ و نیوەدا نەكرا، بەڵكو كۆمەڵێك بڕیار و ڕێنمایی خراپتر دەركران، كە پێچەوانەی یاسا بەركارەكەش بون.

### ٢. خوێندنی بە پارە:

بە پێی دەستور و یاسا لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا خوێندن بە خۆڕاییە، كەچی بە كۆمەڵێك بڕیار و ڕێنمایی خوێندنی ئێواران، پارالێل(كە خەڵكی ناویان لێناوە كڕینی نمرە)، كرێی نیشتەجێبون لە بەشەناوخۆییەكان... تاد پارە وەرگیرا، لە سەردەمی كابینەی هەشتەمدا ئەم دیاردەیە چەند قات زیادی كرد، كە ئەمانە هەمووی پێچەوانەی یاسا بوون. خوێندنی ئێواران ئەوەندەی لە بەهای خوێندن و پرۆسەی مەعریفەو زانینی داوەو زیانی هەبووە نیو ئەوەندە سودو قازانجی نەبووە، ئامانج تیایاندا بەشێكی گرنگیان كات بەفیڕۆدانە و ئامانج و پلانێكی ستراتیژی ڕوون لە پشتیەوە نییە ! وەكو پێویست چاودێری خوێندنی ئێواران ناكرێت. ئەو مامۆستایانەی دبلۆمیان هەیەو مامۆستان ئێستا دەخوێنن لە كۆلێژەكانی ئێواران بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس، بەداخەوە ئەوەی ئێمە تێبینیمان كردووە لەهەندێك شوێن دەوامێكی ئەوتۆ ناكەن و وانەیەكی ئەوتۆ ناخوێنن بە بیانووی ماندووبونەوە ! و ئەوەی پێویستە بیخوێنن و فێری بن لە قۆناغی بەكالۆریۆس بەدەستی ناهێنن، بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی خراپی لێدەكەوێتەوە.

### ٣. پێشێل و جێبەجێنەكردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا :

پاشاگەردانی ناوەندەكانی خوێندنی باڵا لە نێوان كاركردن بە (یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی خوێندنی باڵا)ی بەركار و (پرۆژە یاسای خوێندنی باڵای پێشنیاركراوی پەسەندنەكراو)دا كە تاكو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە هەندێك ناوەندی خوێندنی باڵادا بەردەوامە. ئەگەر شیكارییەك بۆ یاساكانی پەیوەندیدار بە خوێندنی باڵاوە بكەین بەشێكی زۆری مادەو بڕگەكانیان یا جێبەجێ ناكرێن یا پێشێل كراون. بۆ نمونە لە یاسای ژمارە (١٠) دا

مـادەی (٤) برگــەی (١) خاڵــەکانی (٥-٦-٧) و برگــەی (٣) و مادەکــانی (٩، ١١، ١٤، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٣٩) و چەندین برگەو مادەی تر پێشێلکراون.

### ٤. کەموکوڕی لە یاسای زانکۆ ئەهلیەکاندا:

کۆمەڵێك گرفت و کەموکوڕی و بۆشایی لە یاسای ژمارە (٢)ـی ساڵی ٢٠١٣ـی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان ـ عێراقـدا هەیـە و هەرچـەندە هەنـدێك لـە زانکـۆ تایبەتـەکان بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی داوای هـەمواری یاساکەیان کردووە، بەڵام وەزارەت بەدەنگیانەوە نەچووە و پرۆژەی بۆ ئامادە نـەکردووە، تـا پێشکەشـی پەرلـەمانی بکات.

### ٥. پەرشوبلاوی و زۆری یاساو بڕیار و ڕێنماییەکان:

سەرگەردانیەك لەنێو خوێندنی باڵادا هەیە لەنێوان کۆمـەڵێك یاسـای عیراقـی کـە لەهەرێمدا بـەرکارن و لەگـەڵ ئـەو یسایانەی پەرلەمانی کوردستان دەری کـردوون، ئەمـەو جگـە لـەو بڕیـارو ڕێنماییانـەی کـە سـەریان لـە مامۆسـتایان و فەرمانبـەران و خوێنکـاران لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵادا شـێواندووە، هەنـدێك لـە بڕیـار و ڕێنماییـەکانی وەزارەت پەرشبلاوییان پێوە دیـارە و دژ بـە یـەك و نـەگونجاون لەگـەڵ یاسـاکاندا، کەچـی وەزارەت لـەبری کۆتـایی پێهێنـان و چارەسەرییان، هەر بەردەوامە لەسەریان و ڕێژەکانیانی زیاتریش کردووە.

### ٦. جیاوازیکردن لە نێوان زانکۆکاندا بە یاسا/ نمونەی زانکۆی کوردستان:

بە یاسا جیاوازی لە نێوان زانکۆکاندا دەکرێت، بـۆ نمونـە زانکـۆی کوردسـتان گوایـە زانکۆیـەکی حکومییـە لەگـەڵ زانکۆ حکومیەکانی تـردا. لـە برگـەی دووەمـی مـادەی (٧)ی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٨)دا تایبەتمەنـدی بـەو زانکۆیە درابوو و لە زانکۆکانی تر جیاکرابوویەوە، هەرچەندە ساڵی ٢٠١٤ بە یاسـای ژمـارە (٩) پەرلـەمانی کوردسـتان ئەم مادەیەی هەموار کردەوە، بەلام دیسانەوە وەك پێویست نەچووە بواری جێبەجێکردنـەوە، نـەك هـەر ئەمـە بـەڵکو لەکاتی دانیشتنی پەرلەماندا سەبارەت بەهەمواری ئەم یاسایە وەزیری خوێندنی بـاڵا ئامـادەی دانیشـتنەکە نـەبوو کـە دەبوایە ئامادە بێت.

جگـە لەمانـە جیـاوازیکردن لـە نێـوان زانکۆیـەك و زانکۆیـەکی تـردا هەیـە. هەنـدێك زانکـۆ پارەیـەکی باشـیان بـۆ خەرجکراوە بۆ دروستکردنی باڵەخانە و تاقیگە و لەهەمان کات کـڕینی کەلوپـەل و پـەرتوك و سەرچـاوە و شـتی تـری پێویستی زانکۆ. بەهەمان پێوەر بۆ زانکۆیەکی تر نەکراوە. هەندێك زانکۆ لە ڕووی (نەسریە و پارەی وانـەی زێـدەکی و کڕینی پێداویستی) کەموکوڕیان نەبووە و دەست بەڕوویانەوە نەنراوە. کەچی لەولاشەوە بە بیانوی جیـا جیـا پـارە لـە بانك نیە و ئەو پارەیە لەسەریەك زۆرە و ...... هتد بـۆ زانکۆیـەکی تـر خـەرج نـەکراوە. (ئـەوەش ناعەدالـەتی دروسـت دەکات).

### ٧. پێویستی گەڕانەوەی بینا داگیرکراوەکانی خوێندنی باڵا بە یاسا یا بڕیارێکی پەرلەمان:

چەندین بینا و موڵکی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، لە لایەن کەسان و لایەن و دامودەزگای ترەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، کە پێویست بوو بە یاسا یا بڕیارێك بۆ خوێندنی باڵا بگێڕدرێنەوە، کەچی ئەمەش نەکرا.

### ٨. چاوپۆشیکردن لە جێبەجێ کردنی ڕێنمایی میلاکاتی کۆلێژو بەشەکانی زانکۆو پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان:

بەدەیان کۆلێژو بەش لە زانکۆو پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان هەیە کە میلاکاتیان لە ڕووی ژمارەی ستافی ئەکادیمییەوە بەپێی ڕێنماییەکان نییە و بەشێکی زۆری پۆستەکان بە وەکالەت دانراون یان هەر میلاکیان نییە بەوانەبێژی نێوخۆو دەرەکی کارەکان دەبەن بەڕێوە. سەرۆك بەشی هەندێك لە زانکۆکان بۆ تەواوکردنی وانەکان پێویستی بە وانەبێژە، ئەوەی سەیرە لە ناوخۆدا وانەبێژی ناوخۆیی هەیە بەڵام لەبەر ململانێی شەخسی و حیزبایەتی دەچێت پەنادەباتە بەر وانەبێژی دەرەکی و بەمەش لە ڕووی ماددیەوە زیاتر دەکەوێت ئەمە جگە لە پابەندنەبوون بەدەوامەوە وەك خۆی!

### ٩. کردنەوەی دەیان بەشی زانستی بەدەر لە ڕێنمایەکانی کردنەوەی بەش وکۆلیج:

بەبێ پلان و بەهەڕەمەکی لەبەر ئیعتیباراتی تری دوور لە پێوەری زانستی و یاساو ڕێنماییەکان بەدەیان بەش و پەیمانگەو کۆلیژ کراونەتەوە بەبێ ئەوەی پێداویستیەکانیان لەڕووی پرۆگرام و کادری مرۆیی و پێداویستی لۆجستیکی و ژێرخانەوە دابین کرابێت، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر خوێندنی باڵاو ئاستی زانستی هەبووە دەبێت. ئەوەندە بێپلانە بەشی واهەبووە کراوەتەوە کەچی دوای چەند ساڵێك بەهۆی نەبوونی کادری پسپۆڕەوە دوبارە داخراوەتەوە، یان بەشی پزیشکی لە زانکۆی وەهادا کراوەتەوە مرۆڤ توشی سەرسورمان دەبێت! چونکە بەشەکانی تری نغرۆبوون لە کێشە کەچی کۆلێژێکی هەستیاری وەك پزیشکی تێدا دەکرێتەوە! زانکۆ هەیە بەپێی ریزبەندیی خودی وەزارەت لە پلەکانی کۆتاییدایە کەچی کۆلێژی پزیشکی دەکاتەوە!

## دووەم: تەوەری بودجە

### ١. بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا:

لەم کابینەیەدا بە هۆی زیادبونی داهات لە پارەی خوێندنی ئێواران، پارالێل، بەشە ناوخۆییەکان، تاقیگەکان، سەنتەرەکانی ڕاوێژکاریی، پارەی کافتریا، ... تاد، زانکۆکان بە گشتی پارەیان زۆر بووە و ٧٠٪ـش بۆ خۆیان بووە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا چۆن سەرف کراوە؟ ئیفاد و سەفەری بەردەوامی خۆیان، پاداشتکردنی خۆیان و نزیکەکانیان کە چەندین کەس دووبارەو چەندین بارە بوونەتەوە کەچی کەسانی لێهاتووی تر هەر پاداشت نەکراون، خۆ ڕاسپاردنیان بۆ خوێندنی ئێواران و لەگەڵ نزیکەکانیان و دانانی پارەی تایبەت، ناشەفاف و تەخشان و پەخشان کردن...تاد.

### ٢. نەبوونی بودجەی تەرخانکراو بۆ توێژینەوە:

ئەوەی لەم لایەنەوە تێبینی دەکرێت، بودجەیەک بۆ توێژینەوەو دانانی کتێب و وەرگێڕان و داهات تەرخان نەکراوە، هاندانی پێویستی مادی و مەعنەوی بۆ توێژەران زۆر کەمە، جیاوازی لە نێوان زانکۆکاندا هەیە، بە تایبەت لە گرێبەستی ستاف بیانی، زانکۆ هەیە زۆری بۆ کراوە و هەشیانە کەم. شێوازی سەرفکردنی پاداشتی توێژینەوە و پارەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارەکاندا لە نێوان زانکۆکاندا جیاوازەو بۆ پەبەرزکردنەوەش هەروا.

### ٣. کەمی کرێی وانەبێژی مامۆستایان و جیاکاری لە نێوانیاندا:

کرێی وانەوتنەوەی مامۆستایان کەمەو لەگەڵ بڕوانامەو پیشەکەیان و باری بژێوی و گۆڕانکارییەکانی سەردەم و بەراوردی وڵاتانی تردا ناگونجێ و وێك نایەتەوە، بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٦/١/١٣ دەرچووەو ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کراوە و تیایدا هاتووە: "ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٥، پێتان ڕادەگەیەنین کەوا کرێی وانەوتنەوەو وانەبێژان لەگشت زانکۆو پەیمانگەکانی سەر بەوەزارەتتان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت و کار بە هیچ ڕێنمایی و نوسراوێکی تر ناکرێت".

| ژ | نازناوی مامۆستا | کرێی وانەبێژی | |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆفیسۆر | 6500 | شەش هەزار و پێنجسەد دینار |
| ٢ | پرۆفیسۆری یاریدەر | 5500 | پێنج هەزار و پێنجسەد دینار |
| ٣ | مامۆستا | 4500 | چوار هەزار و پێنجسەد دینار |
| ٤ | مامۆستای یاریدەدەر | 3500 | سێ هەزار و پێنجسەد دینار |
| ٥ | هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (دوو ساڵە) | 3000 | سێ هەزار دینار |
| ٦ | هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (یەک ساڵە) | 2500 | دوو هەزار و پێنجسەد دینار |
| ٧ | هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس | 2500 | دوو هەزار و پێنجسەد دینار |
| ٨ | هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم (پەیمانگە) | 2000 | دوو هەزار دینار |

ئەمە لەکاتێکدا وەزارەتی دارایی و ئابوری پێشتر ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بەهەمان بابەت لە ٢٠١٥/٦/١٠ بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرکردبوو، بەلام لە ڕێنمایی ژمارە (٨)ی سالی ٢٠١٦ دا بڕی کرێی وانە بێژی کەمکردەوە، کە بەم شێوەیە بوو کە لەبەرامبەر ئەوەدا وەزارەت هیچ هەلوێستێکی نەبوو و بڕیارەکەشیان بردە سەر:

| ژ | نازناوی مامۆستا | کرێی وانەبێژی بە پێی ڕێنمایی ژ (٧) ی سالی ٢٠١٥ | کرێی وانەبێژی بە پێی ڕێنمایی ژ (٨) ی سالی ٢٠١٦ | بڕی پارە کە کەمکراوەتەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆفیسۆر | 9500 | 6500 | 3000 |
| ٢ | پرۆفیسۆری یاریدەر | 8000 | 5500 | 2500 |
| ٣ | مامۆستا | 7000 | 4500 | 2500 |
| ٤ | مامۆستای یاریدەدەر | 6000 | 3500 | 2500 |
| ٥ | هەلگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (دوو سالە) | 4500 | 3000 | 1500 |
| ٦ | هەلگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (یەک سالە) | 4000 | 2500 | 1500 |
| ٧ | هەلگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس | 4000 | 2500 | 1500 |
| ٨ | هەلگرانی بڕوانامەی دبلۆم (پەیمانگە) | 3000 | 2000 | 1000 |

ئەمەو جگە لەوەی لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر جیاوازە، لە هەندێك زانکۆ کۆمەڵێك مامۆستا بە گرێبەست کاردەکەن (هەندێکیان بیانین) وە پارەیەکی باشیش وەردەگرن و گرێبەستەکان بۆیان نوێ کراوەتەوە و دەکرێتەوە، کەچی مامۆستای میلاك موچەکەی لەوان زۆر کەمترە، ئەم بابەتە کاریگەری نەرێنی لەسەر مامۆستای میلاك دروستکردوە، چونکە گرفتەکانی گیرفان کاریگەری خراپی داناوە لەسەر توانست و چالاکی و چالاکی توێژینەوەش. بەلام مامۆستای گرێبەستی (بیانی) ئەم گرفتەی نیە و لە چالاکی و توێژینەوە بەردەوامە. کە زانکۆیەکی تری حکومیش داوای گرێبەست دەکات زۆر زەحمەتە و بۆی ناکەن. (واتە لەهەمان سەرچاوەی دارایی حکومەت بە دوو پێوەر مامەڵە دەکرێت لەگەڵ دوو زانکۆکە و یەکیان عقوبە دەدرێت و ئەوی تریان پاداشت. بەمەش ناعەدالەتیەك لە ڕیزبەندی دروست دەبێ).

### ٤. کێشەی بڕینی دەرماڵەی خوێندکاران و وەرگرتنی پارە لێیان.

پێشتر خوێندکاران مانگانە دەرماڵەیان وەردەگرت، بۆ خوێندکارانی ناو شارەکان بڕی (١٠٠) هەزار دینار و بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شاریش بڕی (٥٠) هەزار دیناریان پێ دەدرا، بەلام لەساڵی خوێندنی (٢٠١٤–٢٠١٥)ـەوە نەك هەر ئەو دەرماڵەیە بە خوێندکاران نادرێت و لێیان براوە، بەڵکو لە بەرامبەردا سالانە بڕی (١٠٠)هەزار دیناریشیان وەك کرێی مانەوە لە بەشە ناوخۆییەکان لێ وەردەگیرا.

### ٥. گرفتی پرۆژە کان/ بینا ڕاگیراوەکان:

ژمارەیەکی زۆر پرۆژە هەیە بڕیاری لێدراوە، یا دەستی پێنەکردووە یا ئەگەر دەستیشی پێکردبێت بە ناتەواوی ماوەتەوە. تەواونەبوونی ئەم پرۆژانەش بەتایبەتی لە بیناکانی زانکۆ تازە دامەزراوەکان کە کاریگەری نەرێنی دروستکردوەو وای کردوو ئیش و کارەکانی زانکۆ وەکو پێویست بەرێوەنەچن. بۆ نمونە پرۆژەکانی زانکۆی هەڵەبجە (بینای سەرۆکایەتی زانکۆ و بەشی ناوخۆیی) سەرباری ئەوەی بەفەرمانی سەرۆکی حکومەت لە (٢٠١٧/٥/٧)ەوە بڕی

(١١٣٠٠٠٠٠٠٠) یانزە ملیار و سێسەد ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوەو دەبوایە هەردوو پرۆژە لـە مـانگی تـەموزی ٢٠١٨ تەواوبوونایە، بەلام تا ئێستاشی لەگەلدابێت تەواونەکراون و ئیشکردنیش تیایاندا وەستاوە بەهۆی گرفتی کارنـەکردنی کۆمپانیاکان و سەرفنەکردنی تەواوی بڕە بودجەکەوە، ئەمـەش نمونەیەکـە کـە لـەو وەزارەتـەدا دەیـان پـرۆژەی تـری تەواونەکراوی لەم جۆرە هەیە.



هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی پلان دانان

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة التخطيط

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: ١٩٦٧
No :
ڕێکەوت: ١٧ / گوڵان / ٢٧١٧ ی کوردی
Date: ٢٠١٧/٥/٧

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
وەرگرتنە
ژمارە/ ٥٩٠٨
ڕێکەوت/ ٩/٥/٢٠١٧

بۆ/وەزارەتی دارایی و ئابووری
بابەت / دوو پرۆژەی زانکۆی هەڵەبجە

ڕەزامەندی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە لەسەر دابینکردن و خەرجکردنی ئەم کۆرانەی خوارەوە بە تەخشینەی مانگانە بۆ ئەو پرۆژانەی زانکۆی هەڵەبجە :-

١/پرۆژەی بینای سەرۆکایەتی زانکۆ

بڕی ٠٠٠ ٠٠٠ ٤٥٠ تەنها(چوار سەدو پەنجا ملیۆن دینار) تەخشینە بۆ هەر مانگێک و بۆ ماوەی (١٤) چواردە مانگ کە کۆی گشتی دەکاتە ٠٠٠ ٠٠٠ ٣٠٠ ٦ تەنها (شەش ملیار و سێ سەد ملیۆن دینار).

٢/پرۆژەی بینای بەشی ناوخۆیی/٢، قۆناغی سێهەم

بڕی ٠٠٠ ٠٠٠ ٥٠٠ تەنها(پێنج سەد ملیۆن دینار) تەخشینە بۆ هەر مانگێک و بۆ ماوەی (١٠) دە مانگ ، کە کۆی گشتی دەکاتە ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٥ تەنها(پێنج ملیار دینار).

بۆ ئاگاداری و کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا...

نێچیرڤان احمد عبدالله
سـەرۆکـی دیـوان

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/نووسراوتان ژمارە ١٢١٣٤ لە ٢٠١٦/٨/١٤ ئەم ڕەزامەندیە پابەندە بە تەواوکردنی پرۆژەکان لەو ماوانەدا بێ دواکەوتن لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنمایی کارپێکراو...لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی پلان دانان/بۆ ئاگاداری و کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان/ بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پلاندانان/لەگەڵ بەراییەکان.

Kurdistan Region - Erbil
E- mail:cm@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر

## ٦. گرفتی جێبەجێنەکردنی بڕیاری ژمارە (١٦٥) و ڕێنمایی ژمارە (١١) وەك پێویست:

ئەم بڕیارە سەرباری ئەوەی خودی حکومەت ساڵی ٢٠١٢ دەری کردووە، کەچـی تـا ئێسـتاش جێبـەجێ نـەکراوە، نزیکەی (٨٠٠) کەس پشتئەستور بەو بڕیـارە چوونەتە دەرەوە و بڕوانامـەی بـەرزیان بەدەسـتهێناوە، بـەڵام شایسـتە داراییەکەیان بۆ سـەرف نەکراوەتـەوە، هەرچـەندە دوای فشـاری زۆر تـا سـاڵی ٢٠١٥ تـەنها (٨٣) کـەس وەریگرتبـوو، بـەڵام لـە دوای ئـەوە وەسـتا، لـە حـوزەیرانی ٢٠١٨ دووبـارە سـەرفکردنەوەی بـڕە پارەکـە لـەژێر فشـاردا دەسـتی پێکردەوە، بەڵام مانگانە تەنها (١٠٠) ملیۆن دینار سەرف دەکرێت، کە مانگانـە لـەو ژمـارە زۆرە تـەنها ٢ بـۆ ٣ کـەس بەریدەکەوێت، ئەمەش وا دەکات هەندێك لـەو خوێندکارانـە تـا ١٥ سـاڵی تـریش بەریاننەکـەوێت، کـە بـە پێـی یاسا و بڕیاری حکومەتیش مافی ڕەوای خۆیانە.

## ٧. گرفتی بودجەی پرۆسەی تواناسازی.

لە ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ بە مەبەستی خوێندن، بۆ پرۆسەی تواناسازی و ناردنی خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات ساڵانە لە یاسای بودجەدا بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠٠٠) سەد و بیست ملیار دینار دینار تەرخان دەکرا، لەم چوار ساڵەدا نە بودجەی تازە تەرخانکراوە و نە کەسیش ناردراوە و پرۆسەکە پەك خراوە، ئەو خوێندکارانەش کە پێشتر چووبوونە دەرەوە، ڕووبەڕووی گرفتی زۆر بوونەتەوە.

**بڕی تەرخانکراوی بودجە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠ ی بودجەی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی تواناسازی**

**ماددەی پانزدەهەم:**

گوژمەی (120) ملیار دینار تەرخان دەکرێ بۆ سندوقی پرۆژەی گەشەپێکردن و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان لە حیسابی تایبەتی بۆ ئامادەکرنی کادیری پسپۆر لەو بوارە جیاجیانەی کە هەرێم پێویستی پێی دەبێ. ئەمەش لەرێگەی زەمالات و بەعثات و توێژینەوە و خولی ڕاهێنانەوە دەبێ کە لە ژێر چاودێری دەستەیەکی باڵا بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگیرەکەی و وەزیرەکانی (پەروەردە، فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پلاندان) دەبێ و بەپێی پەیرەوێك جێبەجێ دەکرێ کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەچوێنێ.

**بڕی تەرخانکراوی بودجە لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١١ ی بودجەی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی تواناسازی**

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم:** بەردەوام بوون لە جێبەجێ کردنی پرۆژەی بووژاندنەوە و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان، لە پێناو پێگەیاندنی کادیرانی پسپۆر لە بواری جیاجیادا کە هەرێم پێویستی پێیانە، لە ڕێی زەماڵە و نێردە و توێژینەوە و خولی مەشقەوە بە سەرپەرشتیی دەستەی باڵا کە بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرانی (پەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، پلاندانان) کە بە گوێرەی پەیرەوی پەسندکراو (ڕاستێندراو) لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێك هاتووە.

**دووەم:** خەرج کردنی ئەو برە پارەیەی بۆ سندووقی پرۆژەکە تەرخان کراوە، بەردەوام دەبێت و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پشتیوانی کردن لە سندووقەکە لە کاتی پێویستدا، زیدە برە پارەی پێویست دابین دەکات.

بڕی تەرخانکراوی بودجە لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٢ ی بودجەی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی تواناسازی

**ماددەی دوازدەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەو تەرخانکردنەی بەبڕی (١٢٠) سەد و بیست ملیار دینار کراوە بۆ درێژەدان بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان بە مەبەستی ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا کە هەرێم پێویستی پێیان هەیە، ئەویش لەرێی زەماڵە و نێردە و توێژینەوە و خولی مەشقکردن لە ژێر سەرپەرشتی دەستەیەکی باڵا کە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و هەریەك لە وەزیرانی (پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پلاندانان) پێك دەهێنرێت و بەگوێرەی ئەو پەیڕەوەی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە.

بڕی تەرخانکراوی بودجە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ ی بودجەی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی تواناسازی

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان گوژمەی (١٢٠.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) سەدو بیست ملیار دینار بۆ بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی توانستە مرۆییەکانی کوردستان، تەرخان بکات، لە پێناو ئامادەکردنی کارمەندی پسپۆڕ لەو بوارە جۆراوجۆرانەی کەوا هەرێم پێویستی پێیانە لە رێگەی زەمالەو نێردەو توێژینەوەو خولە راهێنانییەکان لە ژێر سەرپەرشتی دەستەی باڵای پێکهاتوو بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکانی (پەروەردە، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، پلاندانان) بەپێی ئەو پێڕەوەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە، لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (حەوتەم/دووەم/٥) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ بە دابینکردنی ژمارەیەك کورسی خوێندن بۆ منداڵی شەهیدان کە خاوەن توانای زانستین، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم.

## ٨. داهاتی زانکۆکان و ناشەفافییەت و ناعەدالەتی لە خەرجکردن و پاداشتدا:

وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٦) ی ساڵی ٢٠١٦ ی ئەنجومەنی وەزیران بڕی داهاتی زیادی کرد بەپێی ئەو باج و رسوماتانەی وەری دەگرێت. بەلام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوە پاریەی کە وەرگیرا لە زۆرینەی زانکۆکان و لە وەزارەتدا بەناوی داهاتەوە وەك پێویست لەشوێنی خۆیدا سەرف نەکراوەو ناعەدالەتی لە نێوان بەشەکان لە خەرجکردن و پاداشتدا هەبووە.

### ٩. نەبونی بوجەی پێویست بۆ مەشقکردن و راهێنانی ماموستایان:

هیچ بودجەیەك تەرخان نەکراوە بەمەبەستی راهێنان و مەشق پێکردنی مامۆستایان، نە لە ناوەوەی ولات و نە دەروە وناوەوی ولات، ئەمەش وایکردووە کە مامۆستایان هەر لەسەر شێوازە کۆنەکان بڕۆن و تا ئاستێك دابڕاوبن لەشێوازی تازەی وانەوتنەوە.

### ١٠. نەبوونی بودجەی تەرخانکراو بۆ کرینی ئامێری پێشکەوتوو:

هیچ بودجەیەك بۆ کڕینی ئامێری پێشکەوتوو و تاقیگەکان تەرخان نەکراوە، ئەمەش وایکردووە بەدواکەوتویی بمێیننەوە.

## سێیەم: تەوەری دانانی باج

وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕێکی زۆر باج و ڕسوماتی خستۆتە سەر خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆ و هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە کاریان دەکەوێتە زانکۆ، هەرچەندە لەم قەیرانی داراییەدا زانکۆکان سودیان لەم باج و رسوماتانە وەرگرت و ئەو نەسرییەیەی کەپێشتر بۆیان سەرفدەکرا چەند قات کەمکرابوویەوەو ئەگەر ئەم باج و رسوماتانە نەبوایە بەڕێوە نەدەچوون، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا لەڕووی یاساییەوە هەموو ئەو باجانە نایاساین و لە دەرەوەی یاسا بڕیاریان لێدراوە، چونکە پێچەوانەی دەستوری عێراقە کە لە بڕگەی یەکەمی مادەی (٢٨)دا هاتووە: "باج و رسومات ناسەپێنرێت و هەموار ناکرێت و وەرناگیرێت و لێبوردن نایگرێتەوە تەنها بە یاسا نەبێت". کەچی لە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیراندا بە ژمارە (٨٦) کە لە ٢٠١٦/٨/٧ دەرچووە و ئیمزای نێچیرڤان بارزانی بە سەرەوەیە و پەسەند کراوە و کۆمەڵێك باج و ڕسوماتی تیادا سەپێنراوە، هەرچەندە لەکاتێکدا لە بڕگەی (دووەم)ی مادەی (٦)ی یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٠٨ دا هاتووە کە: "ئەو داهاتانەی کە بەدەست دێن بە ڕێژەی ٥٠٪ بۆ مەبەستەکانی هاندانی کارمەندان خەرج دەکرێ..". جگە لەمە ئەو باج و رسوماتانە سەرباری نایاساییان لەوەرگرتندا، بەپێی یاساو بەپێی ئەم مادەیە خەرج نەکراونەتەوەو بۆ مەبەستی تر بەکارهێنراون:

### ١. دانانی باج و رسومات بەسەر خوێندکارانەوە:

لە بڕیارەکەدا هاتووە، کە ئەم باج و ڕسوماتانە لە خوێندکاران وەردەگیرێن:

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نوسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادە جداریە)ـی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان | ٢٥.٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٢ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێك (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان | ٢٥.٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٣ | پێدانی پشتگیری دەرچوون بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان | ١٠.٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ١٢ | فۆرمی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٣ | فۆرمی پێشکەشکردن بۆ وەرگیران لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٠٠.٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ١٤ | تۆمارکردنی کاندید لە ئەنجومەنی کوردستانی | ٢٥.٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٥ | دەرچووی (Part 1) لە (Royal College) لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٦ | بەشداربوون لە هەریەکە لە تاقیکردنەوەکانی بەشی یەکەم (Part1) و بەشی دووەم (Part 2 Written) و بەشی دووەم (Par 2 Clinical) پسپۆڕیەکانی ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٧ | بڕوانامەی دیواربەند (شهادە جداریە) لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٨ | نوسراوی پشتگیری دەرچوون لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٩ | بڕوانامەی تەواوکردنی ڕاهێنانی کلینیکی لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٥ | تۆمارکردنی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی بەرایی (جگەلەخوێندنی ئێواران و پاراڵێل) | ٥٠.٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | وەرگرتن و چاپکردنی بڕوانامەی دەرچوون بۆ هەر زمانێك بە جیا | ٥٠.٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | پێدانی پشتگیری دەرچوون بۆ دەرچووان بۆ هەر مەبەستێك | ٢٠.٠٠٠ | بیست هەزار هەزار دینار |
| ٨ | تۆمارکردنی قوتابی/ خوێندکار لە بەشی ناوخۆیی | ١٠٠.٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٩ | تۆماری قوتابی/ خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵا (جگە لە خوێندنی پاراڵێل) | ٢٠٠.٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ١٠ | تۆمارکردنی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی باڵا/ ماستەر (جگە لە خوێندنی پاراڵێل) | ٢٥٠.٠٠٠ | دوو سەد و هەزار دینار |
| ١١ | تۆمارکردنی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی وەرگیرانی لە زانکۆ لە خوێندنی باڵا/ دکتۆرا (جگە لە خوێندنی پاراڵێل) | ٣٠٠.٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |

## ١٢. دانانی باج و رسومات بەسەر مامۆستایان:

لە بڕیارەکەدا هاتووە، کە ئەم باج و ڕسوماتانە لە مامۆستایان وەردەگیرێن:

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نوسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادە جداریە)ـی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان | ٢٥.٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٢ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێك (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان | ٢٥.٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١١ | پێدانی نوسراوی پشتگیری بە مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ کەرتی تایبەت | ٥.٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |
| ١٢ | فۆرمی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٣ | فۆرمی پێشکەشکردن بۆ وەرگیران لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٠٠.٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ١٤ | تۆمارکردنی کاندید لە ئەنجومەنی کوردستانی | ٢٥.٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٥ | دەرچووی (Part 1) لە (Royal College) لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٦ | بەشداربوون لە هەریەکە لە تاقیکردنەوەکانی بەشی یەکەم (Part 1) و بەشی دووەم (Part 2 Written) و بەشی دووەم (Part 2 Clinical) پسپۆرییەکانی ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٧ | بڕوانامەی دیواربەند (شهادە جداریە) لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٨ | نوسراوی پشتگیری دەرچوون لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٩ | بڕوانامەی تەواوکردنی ڕاهێنانی کلینیکی لە ئەنجومەنی کوردستانی | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١ | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە زانستیە ناوخۆییەکان | ٢٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٢ | هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی مامۆستایان | ٢٠٠.٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٣ | پێدانی نوسراوی پشتگیری بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان بۆ کەرتی تایبەت | ٥.٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |
| ٤ | ڕسوماتی مامۆستایانی ئیعارەکراو | ٥٪ | لە سەدا پێنج |

## ١٣. دانانی باج و رسومات بەسەر فەرمانبەران:

لە بڕیارەکەدا هاتووە، کە ئەم باج و ڕسوماتانە لە فەرمانبەران وەردەگیرێن:

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بەژمارە) | بڕی ڕەسم (بەنووسین) |
|---|---|---|---|
| ١٠ | هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی فەرمانبەران | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١١ | پێدانی نوسراوی پشتگیری بە مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ کەرتی تایبەت | ٥.٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |

## ١٤. دانانی باج و رسومات بەسەر ئەو هاوڵاتیانەی کاریان دەکەوێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە:

لە بڕیارەکەدا هاتووە، ئەم باج و ڕسوماتانە لەو هاوڵاتیانە وەردەگیرێن، کە کاریان دەکەوێتە زانکۆوە:

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بەژمارە) | بڕی ڕەسم (بەنووسین) |
|---|---|---|---|
| ٤ | یەکسانکردنی بڕوانامە بۆ هاووڵاتی هەرێمی کوردستان | ٧٥.٠٠٠ | حەفتا و پێنج هەزار دینار |
| ٥ | یەکسانکردنی بڕوانامە بۆ هاووڵاتی عێراقی دەرەوەی هەرێمی کوردستان | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | یەکسانکردنی بڕوانامە بۆ هاووڵاتی بیانی | ٣٠.٠٠٠ | سی هەزار دینار |
| ٧ | تاقیکردنەوەی یەکەم بۆ یەکسانکردنی بڕوانامە | ٥٠.٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٨ | تاقیکردنەوەی دووەم بۆ یەکسانکردنی بڕوانامە | ١٠٠.٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٩ | تاقیکردنەوەی سێیەم بۆ یەکسانکردنی بڕوانامە | ١٥٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا هەزار دینار |

## ١٥. دانانی باج و رسوماتی زیاتر بەسەر زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان:

لە بڕیارەکەدا هاتووە، ئەم باج و ڕسوماتانە لە لەلایەن خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە و دامەزراوە تایبەتەکان وەردەگیرێت.

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بەژمارە) | بڕی ڕەسم (بەنووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی زانکۆ تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ١٢.٠٠٠.٠٠٠ | دوانزە ملیۆن دینار |
| ٢ | پێدانی مۆڵەت بە زانکۆی تایبەت | ٢٥٠.٠٠٠.٠٠٠ | دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار |
| ٣ | پێدانی مۆڵەت بە پەیمانگەی تایبەت | ٥٠.٠٠٠.٠٠٠ | پەنجا ملیۆن دینار |
| ٤ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی لقی زانکۆی تایبەت | ١٠.٠٠٠.٠٠٠ | دە ملیۆن دینار |
| ٥ | مۆڵەتی کردنەوەی لقی زانکۆی تایبەت | ١٥٠.٠٠٠.٠٠٠ | سەد و پەنجا ملیۆن دینار |
| ٦ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی لقی پەیمانگەی تایبەت | ٨.٠٠٠.٠٠٠ | هەشت ملیۆن دینار |
| ٧ | مۆڵەتی کردنەوەی لقی پەیمانگەی تایبەت | ٣٥.٠٠٠.٠٠٠ | سی و پێنج ملیۆن دینار |
| ٨ | مۆڵەتی گۆڕینی لقی زانکۆی تایبەت بۆ زانکۆی تایبەتی سەربەخۆ | ١٠٠.٠٠٠.٠٠٠ | سەد ملیۆن دینار |
| ٩ | مۆڵەتی گۆڕینی لقی پەیمانگەی تایبەت بۆ پەیمانگەی تایبەتی سەربەخۆ | ١٥.٠٠٠.٠٠٠ | پانزە ملیۆن دینار |
| ١٠ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ١٢.٠٠٠.٠٠٠ | دوانزە ملیۆن دینار |
| ١١ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی لقی زانکۆی تایبەت یان لقی پەیمانگەی تایبەت | ١٢.٠٠٠.٠٠٠ | دوانزە ملیۆن دینار |
| ١٢ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان | ٨.٠٠٠.٠٠٠ | هەشت ملیۆن دینار |
| ١٣ | پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی کۆلێژ یان سەنتەری زمان | ٢٠.٠٠٠.٠٠٠ | بیست ملیۆن دینار |
| ١٤ | پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بۆ کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ٢٠.٠٠٠.٠٠٠ | بیست ملیۆن دینار |
| ١٥ | پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی بەشی ئەکادیمی لە زانکۆی تایبەت یان پەیمانگەی تایبەت | ١٠.٠٠٠.٠٠٠ | دە ملیۆن دینار |
| ١٦ | وردبینیکردنی فۆرم و دۆکیۆمێنتەکانی وەرگرتن بۆ هەر قوتابی / خوێندکارێك | ٣.٠٠٠ | سێ هەزار دینار |
| ١٧ | ڕسوماتی داهاتی گشتیی ساڵانەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٣٪ | سەدا سێ |
| ١٨ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی هەڵواسین (شهادە جداریە)ـی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٦٠.٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ١٩ | پەسەندکردن و ڕاستاندنی بڕوانامەی بە نمرە بۆ هەر زمانێك (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٦٠.٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ٢٠ | پێدانی پشتگیری دەرچوونی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان | ٣٠.٠٠٠ | سی هەزار دینار |

# چوارەم: تەوەری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

### ١. کۆنگرەی زانستیی زانکۆکان:

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا زانکۆکان ژمارەیەکی زۆر کۆنگرە و کۆنفرانسیان بەستاوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەو کۆنگرە و کۆنفرانسانە ئەوەندەی بۆ ناو و کۆکردنەوەی خاڵە بە مەبەستی ڕانکی زانکۆکانیان، ئەوەندە مەبەستی زانستی لە پشتیانەوە نابینرێت، هەر بۆیە هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەوە نەبووە و لە گەلێك لەو کۆنفرانسانەدا مەرج و ستانداردەکانی کۆنفۆانسێکی زانستی جێبەجێ ناکرێن.

### ٢. نەبوونی کۆنگرەی خوێندنی باڵا:

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا سەرباری ئەوەی گرفتێکی زۆر بەرۆکی خوێندنی باڵای گرتووە، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەدواداچوونی گیروگرفتەکان و چارەسەرکردنیان، هیچ کۆنگرە و کۆنفرانسێکی تایبەت بەم مەسەلەیەی نەبەستاوە.

### ٣. نەبوونی کتێبخانەی پێویست:

کتێبخانەی زانکۆکان وەك پێویست نین، ساڵانە بودجەیەك بۆ کڕینی کتێب تەرخان ناکرێت و ئەبدەیت ناکرێتەوە و مامۆستایان و خوێندکاران ناتوانن لە کتێبخانەی زانکۆکاندا لە سەرچاوە و کتێبی تازە بەهرەمەند بن. ئەمەو جگە لەوەی سیستەمی کارکردن و خواستنی کتێبخانەکان کۆنن، بۆ نمونە لە بەئەلیکترۆنیکردنیکردنی کتێبخانەی زانکۆکاندا، لە زۆربەیاندا چەند فایلێك داندراوە، کە لیستی کتێبەکان پێنج ساڵە نوێ نەکراوەتەوە و مامۆستایان و خوێندکاران وەك پێویست ناتوانن سودی لێ وەربگرن. بە تایبەتی ئەمە زیاتر لە زانکۆ تازە دامەزراوەکان هەستی پێدەکرێت و کتێبخانەکانیان ئێجگار هەژارە!

### ٤. پشتگوێخستنی توێژینەوە لە زانکۆ کاندا:

توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکاندا پشتگوێ خراوە، نەك هەر هاندان نیە، بەڵکو باری سەرشانی مامۆستایان قورستر کراوە، بۆ نمونە هەر مامۆستایەك ئەگەر توێژینەوەیەك بنوسێت، بۆ بڵاوکردنەوەی دەبێت (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بدات بە گۆڤارەکە، کە ئەمەش لەم چوار ساڵەی دواییدا بە هۆی قەیران و بڕینی موچەوە بارێکی قورسە بۆ مامۆستایان. هەر ئەمە بۆتە مایەی ئەوەی گەلێ جار بە چەند مامۆستایەك یەك تیوژینەوە بنوسن، ئەمە لە کاتێکدا تەنها یەکێکیان نوسیویەتی و ناوی ئەوانەی تری دەدرێتە پاڵ، بۆ ئەوەی پارەی تێچوونیان کەمتر لەسەر بکەوێت.

### ٥. وەك پێویست نەبوونی گۆڤارە زانستیەکانی زانکۆکان:

گۆڤارە زانستیەکانی زانکۆکان زۆرینەیان وەك پێویست نین، ئاستی زانستیان نزمە، بەراورد بە گۆڤاری زانکۆ جیهانیەکان سستن لە دەرچووندا، هەندێك لەو گۆڤارانە بەدەگمەن نەبێت توێژینەوە ڕەتناکەنەوە، ئەگەر ئاستیشی

لاواز بێت، هۆکارەکەیشی بۆ وەرگرتنی ئەو برە پارەیە دەگەڕێتەوە، کە وەریدەگرن، بۆ ئەوەی کەس لێیان دوور نەکەوێتەوە، هەندێك لەو گۆڤارانە توێژینەوە بۆ یەك هەڵسەنگێنەر دەنێرن، تا پارەی کەمی تێبچێت، ئەمە لەکاتێکدا بە پێی یاسا دەبێت بۆ دوو هەڵسەنگێنەر یان سێ هەڵسەنگێنەر ئەگەر پێویستی کرد بنێردرێت. یەکێك لە گرفتەکانی تر سەرف نەکردنی پاداشتی هەڵسەنگاندن یا دواکەوتنیەتی بۆ هەڵسەنگێنەر، کە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی زۆر کات هەڵسەنگێنەر توێژینەوەکە پشتگوێ بخات، یا بێبایەخ سەیری بکات. بە کورتی گۆڤارەکان لە ڕووی ژمارەوە لە هەڵکشاندان، بەڵام لە ڕووی کوالیتیەوە داکشاون. جگە لەمە هەموو گۆڤارە زانستییەکانی زانکۆکان لەگەڵ پێوەرەکان و ستانداردەکانی (نور) هاوتا نین، بەنمونە چەند گۆڤارێکی زانستی زانکۆکان هەیە کە لە وێبساتی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵادا نووسراوە ئەمانە پەسەند نەکراون بەپێوەرەکانی (نور) کەچی هەروەکو گۆڤارێکی زانستیش بەردەوامن.

شایانی باسە تاکە گۆڤاری زانستی کە لە (Thomson Reuters)دا (index) کراوە گۆڤاری (ARO)ی زانکۆی کۆیەیە.

### ٦. لاوازی پەیوەندی نێوان زانکۆکان لەگەڵ کۆمەڵدا:

زانکۆکان لە کۆمەڵ دابڕاون، پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵدا نیە و هیچ کاریگەریەکیان بەسەر گۆڕانکارییە کۆمەلایەتیەکانەوە نییە، هەر بۆیەشە کەمترین جێپەنجەیان بەسەر گۆڕانکارییەکانەوە هەیەو ئەو هەموو گرفت و قەیرانە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیە بەرۆکی هەرێمی گرتووە بەلام کاریگەریی زانکۆکان نابینرێت. بۆ نمونە: داعش زۆری نەمابوو بێتە هەندێك ناوچە کە زانکۆی لێبوو، کەچی ئەو زانکۆیە دواتر ئەوەی باسی نەکردو کۆنفرانسی بۆ نەبەست مەسەلەی داعش بوو!

### ٧. وەك پێویست نەبونی تاقیگەی زانستی:

لە زانکۆکاندا تاقیگە زانستیەکان وەك پێویست نین و لە ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو هەژارن و کەرەستەی پێویستیان لەبەردەستدا نیە و بودجە بۆ کڕینی کەلوپەلەکانیان تەرخان نەکراوە. دواتریش دەبن بە مامۆستا کێشە بۆ پەروەردە دروست دەکەن و بەشێکیان ئامێر بخەرە بەردەستیان تواناى بەکارهێنانیان نییە، چونکە لەزانکۆ نەبووە!

### ٨. وەك پێویست نەبونی تاقیگەی دەنگ:

لە زۆربەی زانکۆکاندا بەشەکانی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەڕەنسی و فارسی و عەرەبی هەیە، پێویست بوو لە هەر یەکێك لە بەشەکانی زماندا تاقیگەی دەنگ هەبێت، بەلام لە زۆربەیاندا ئەم تاقیگانە نابینرێن.

### ٩. وەك پێویست نەبوونی تاقیگەی كۆمپیوتەر:

لە ژمارەیەكی زۆر لە زانكۆكاندا (چ كۆلیژ یاخود پەیمانگە) بەشەكانی كۆمپیوتەر و (IT) هەیە، كە پێویست بوو جۆرەها تاقیگەی كۆمپیوتەر لەو كۆلیژ و پەیمانگەیانەدا هەبێت، بەلاّم زۆرینەی تاقیگەكان هەر بەناو هەن و كۆمپیوتەر و ئامێری پێویستیان نیە و گرفتیان زۆرە.

### ١٠. وەك پێویست نەبوونی گۆڕەپانی یاری ومەلەوانگەی پێویست بۆ بەشە وەرزشیەكان:

بەشی وەرزشی لە زۆربەی زانكۆكاندا هەن، بەلاّم لە هەندێك زانكۆدا مەلەوانگەو گۆڕەپانی پێویستی تۆپی پێ، سەبەتە، بالە و یاریگەكانی تریان نیە. وە تاقیگەی زانستیان نیە بۆ بوارەكانی (فەسلەجە، بایۆمیكانیك ... هتد) كە بتوانرێت توێژینەوەی زانستی پراكتیكیان تیادا ئەنجام بدرێت.

### ١١. وەك پێویست نەبوونی ئینتەرنێت لە زانكۆكاندا:

لە زانكۆكاندا گرفتی ئینتەرنێت هەیە ئەگەر هەشبێت هێڵەكان زۆر لاواز و خاون، خەرجی زۆری بۆ دەكرێت و وەك پێویستیش نیەو پتر بۆ سەرۆكایەتی زانكۆكانەو خوێندكاران لێی بێبەشن، تەنانەت لە هەندێك كۆلیژ و پەیمانگادا هێڵی ئینتەرنێت هەر بوونی نیە.

### ١٢. گرفتەكانی بەردەم بەرزكردنەوەی پلەی زانستی:

گرفتی زۆر لەبەردەم بەرزكردنەوەی پلەی زانستیدا دروست كراوە، مەرجی زمانی ئینگلیزی دانراوە لە كاتێكدا پێچەوانەی یاسایە و لە یاسادا ئەم مەرجە نەهاتووە، خولەكانی ڕێگای وانەوتنەوە یەكێك لە مەرجەكانە، بەلاّم خولەكان سستن و وەك پێویست ناكرێنەوە، هەر زانكۆیەك لە بەرامبەر ناردنی توێژینەوە بۆ هەڵسەنگاندن لای هەڵسەنگێنەران بڕێك پارە وەردەگرێت و لەیەكتری جیاوازن، كە مامۆستا بۆ پلە بەرزكردنەوە دەبێت خۆی پارەی هەڵسەنگاندن بدات، هەندێك لە لیژنەكانی بەرزكردنەوەی پلە سستن و مامەڵەی بەرزكردنەوە هەیە، نزیكەی زیاد لە ساڵێكی پێدەچێت. تەنانەت لە چەندین زانكۆدا لیژنەی گازاندە بوونی نیە تاوەكو لەكاتی دواكەوتنی مامەڵە گازاندە بكرێت لە كاتێكدا لە مادەی (١٢)یەمی ڕێنمایی بەرزكردنەوەی پلەی زانستی ئاماژەی پێكراوە.

مەرجی نازناوی زانستی كە سەنگی مەحەكە بۆ ئەوەی مامۆستایانی زانكۆ بتوانن لە پسپۆڕیەكانی خۆیان وانە بڵێنەوە، مەرجی نازناوی زانستیش دیسانەوە وابەستە كراوە بە توانستی زمانی ئینگلیزیەوە، بەمەش نزیكەی پێنج هەزار لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرا لەم نازناوە زانستیە بێبەشن و بە دەست ئەم بڕیارە نابەجێیە گیریان خواردوە. جگە لەمە ناچار كردنی ماموستایان بەپێدانی پارە بە هەڵسەنگێنەر لە پێناو پەسەند كردنی توێژینەوەكان گرفتێكی ترە.

جگە لەمە پێویستە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی زمان خولی زمان بۆ مامۆستایان بكرێتەوە بە پارەیەكی كەم، لە هەندێك سەنتەردا خولی زمان دەگەیشتە ٦٠٠٠٠٠ دینار، كەئەمەش لەم بارودۆخەدا بارقورسییەكی زۆر بوو لەسەر مامۆستایان.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: ٨٨٦ No:
ڕێکەوت: ١ / ٩ / ٢٠١٥ ی زایینی Date:
/ / ٢٧١٥ ی کوردی

فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە مادەی (٢٠) یەکەم لە یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨) بە مەبەستی ڕێکخستنی پرۆسەی پێدانی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و ڕەخساندنی هەلی پەرەپێدانی زیاتری تواناکانیان بڕیارمان دا :

١. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە دوای بەدەستهێنان و یەکسانکردنی بڕوانامەکانیان پێویستە کۆرسەکانی ئامادەکاری بۆ وانەوتنەوە و پەرەپێدانی توانا ئەکادیمییەکان بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن.
٢. پێویستە ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر بەر لە وەرگرتنی نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەر لە (5) ی تاقیکردنەوەی (IELTS) یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی دیکەی توانستی زمان کەمتر نەبێت.
بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بڕوانامەی یەکێک لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی پێشکەش بکات کە بریتین لە (IELTS، TOEFL IBT، PEARSON)
٣. دوابەدوای دەستەبەرکردنی ئەو مەرجانەی کە لە خاڵی یەکەم و دووەمی ئەم فەرمانەدا ئاماژەمان پێکردووە، لە لایەن زانکۆکانەوە سیمیناری تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی توانا زانستی و ئەکادیمییەکانی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر ئەنجام دەدرێت و کاندیدە سەرکەوتووەکان نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەریان پێدەدرێت.
٤. ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٩/١) جێبەجێدەکرێت.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێ ی تایبەتمەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ گشتاندنی بۆ گشت زانکۆ ئەهلییەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: 066 2562396
www.mhe-krg.org
E-mail: xoyati2006@yahoo.com
هەرێمی کوردستان – هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٦٢٣٩٦

## ١٣. گرفتەکانی توێژینەوەی دەرچوونی قۆناغی بەکالۆریۆس:

توێژینەوەی خوێندکاران تەنها ڕۆتینە و هەر بە ناو هەیە، ئاستی زانستییان لاوازە، مامۆستاکان بە ئیهمالی وەریانگرتووە، لە زۆرینەی زانکۆکاندا بە دوو خوێندکار یان زیاتر یەك توێژینەوە دەنوسن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە یەکێکیان ماندوو بێت و ئەوەی تریان تەنها ناوی درابێتە پاڵ، لە کاتێکدا زۆربەی کات هەردووکیشیان یەك نمرە وەردەگرن، لە هەندێك شوێن دووکانی تایبەت بە توێژینەوە نوسین و فرۆشتن دانراوە و خوێندکاران بەبێ ماندووبوون بە پارە دەینوسن، ئەگەر وا نیە ساڵانە لەو هەزاران توێژینەوانەی دەنوسرێن، سەدا چەندیان بڵاودەکرێنەوە؟ ئەمە گرفتێکی گەورەیە و پێویستی بە کۆنفرانسێکی تایبەتە کە تاوتوێ بکرێت و بڕیاری تایبەتی لێ بدرێت، بەلام وەزارەت پشتگوێی خستووە.

لە کاتێکدا نووسینی توێژینەوە لەلایەن خوێندکارەوە مەرجێکی گرنگە بۆ دەرخستنی توانا و ئاستی زانستییان، بەڵام بەشێك لە خوێندکاران لەجیاتی ئەو خۆماندووکردنە پەنا دەبەنە بەر ساختەکردن، یان کۆپیکردن، یاخود کڕینی توێژینەوەی زانستی و ئەدەبی بێ ئەوەی لە لایەن زانکۆکانەوە هیچ بەدواداچوون و لێپێچینەوەیەك هەبێت.

جگە لەمە لە کۆلیژەکانی پەروەردەدا خوێندکارانی قۆناغی چوارەم پراکتیکیان هەیە، کاتێك دەچن لەقوتابخانەکاندا وانە دەڵێنەوە، ئەو پراکتیکەش زیاتر شکلیەو چاودێرییەکی ئەوتۆی بەسەرەوە نیەو لاواز و پڕگرفتە.

## ١٤. گرفتەکانی بەردەم خوێندنی دکتۆرا و ماستەر:

بە هۆی گیروگرفتەوە خوێندنی دکتۆرا لە زۆربەی زانکۆکاندا وەستاوە. مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی کراوە بە مەرجی تەواوکردنی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە دوو هەزار خوێندکار کە لە ماستەر و دکتۆرا وەرگیرابون، نەیانتوانی خوێندنەکەیان تەواو بکەن و هەموبان بە دڵشکاوی و بە تێکشکانەوە گەڕانەوە ماڵەوە. لە کاتێکدا پێویستە زمانەکانی پێویست بۆ بەشەکان جیا بکرێنەوە، چونکە هەر بەشێك پێویستی بە فێربونی زمانێکی جیاواز هەیە. یاخود ناکرێت بۆ نموونە پسپۆڕی شەریعە وەك مێژوو یاخود پسپۆڕیەکی تر سەیربکرێت.

گرفتێکی تری خوێندنی دکتۆرا لەسەر بنەمای پرۆپۆزەلە کە لەنێوان زانکۆکاندا جیاوازی هەیە، خوێندکار کە لەسەر بنەمای پرۆپۆزەڵێك پێشکەشی کردووە بەڵام دوای وەرگیرانی ناوەرۆك و تایتڵی پرۆپۆزەڵەکە دەگۆڕێت بۆ بابەتێکیتر، لەکاتێکدا دەبێت لە کۆرسەکاندا ئەو بابەتانەی خوێندبێت کە پەیوەندی بەو پرۆپۆزەڵەوە هەیە کە لەسەری وەرگیراوە. جگە لەمانە پێویست بوو کە وەزارەت بەدواداچوونی تەواو بکات یان چاودێری ئەو نامەی ماستەر و دکتۆرایانە بکات کە لەدەرەوەی هەرێم دەنوسرێن، چونکە هەندێکیان کتێبە کوردییەکانی خۆمانە لەوێ وەریدەگێڕن و بڕوانامەی پێوەردەگرن.

لە ڕێنمایی ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٦ ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکاندا هاتووە: "بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لەهەر بەشێکی زانستی مەرجە یەك پرۆفیسۆر و سێ یا پێنج پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەبێت ە هەلگری بڕوانامەی دکتۆرا بن و پسپۆڕیان لە هەمان بواری بەشەکەدا هەبێت و مەرجیشە ئەو بەڕێزانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یا خانەنشینکراو بن لەهەمان ئەو بەشە، پێویستە ئەوانەی ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر". بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت دکتۆرا کراوەتەوە لەهەندێك بەش و کۆلیژدا و ئەو مەرجەش بوونی نەبووە.

جگە لە هەموو ئەمانە ڕێنماییەکانی تایبەت بە خوێندنی دکتۆرا ئەوەندە پەرشوبلاون کە زوو زوو زۆرترین گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووەو بەمەش وەزارەت سەری لەخۆی و زانکۆکان و خوازیارانی دکتۆراش شێواندووە.

## ١٥. گرفتەکانی مۆڵەتی خوێندن:

مۆلەتی خوێندن یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە خوازیارن درێژە بە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بدەن لە زانکۆکانی کوردستاندا.

## ١٦. گرفتەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی:

توانستی زمانی ئینگلیزی کراوە بەمەرج بۆ وەرگرتن لە ماستەر و دکتۆرا و بەرزکردنەوەی پلەو نازناوی زانستی، بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە وەزارەت هیچ کارئاسانیەکی بۆ ئەم مەبەستە نەکردووە، هەر بۆیەشە نارەزایی زۆری لێکەوتەوە. لە فەرمانێکی وەزاریدا بە ژمارە (٨٨٦) لە رۆژی (٢٠١٥/٧/١) کە وەزیر دەریکردووە سەبارەت بە پێدانی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر و لە (٢٠١٥/٩/١)ەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە خالّی دووەمی ئەو فەرمانەدا هاتووە:

"پێویستە ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر بەر لە وەرگرتنی نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەر لە (٥) ی تاقیکردنەوەی (IELTS) یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی دیکەی توانستی زمان کەمتر نەبێت"

ئەم بڕیارەش بووە مایەی ناڕەزایی هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر کە ژمارەیان نزیکەی (٢٠٠٠) هەلگری بڕوانامەی ماستەر بوو، لە کەمپینێکدا کە (٣٩٤) کەس لەسەرتاسەری هەرێم سەرپەرشتیان دەکرد، ئەم فرمانەیان بە پێشێلکاریەکی ئاشکرا دەزانی بەرامبەر مافێکی تایبەتی خۆیان، هەر بۆیە نارەزایی خۆیان نیشاندا، پێیانوابوو نە لۆژك و نەپرەنسیپی کارگێڕی ئەوەی تیادا جێ نابێتەوە کە بڕیار و فەرمانی کارگێری شوێنکار لەسەر پێش خۆی دروست بکات، بەڵکو ئەگەر پێشوەخت فەرمانێکی لەو جۆرە بوونی هەبوایە گومانی تێدا نیە زۆربەی ماستەرەکانی ئێستا بڕیارێکی تریان دەدا.

لەلایەکی دیکەوە ئەم فرمانە سەرەڕای ئەوەی ناوەرۆکەکەی ئیداری نەبوو، هاوکات نا هاوتابوو بە ژینگەی زانستی هەرێم و ئاستی گوزەرانی ماستەرەکان و ئامانجەکەشی تەنها خزمەت کردن بوو بە ئەجێندایەك کەمەبەستی ئابووری نەبێت هیچی دیکەی لێنەدەخوێندایەوە، لەبەر ئەوە ناڕازییەکان پێیانوابوو ئەو کاتە:

١- بەهەموو دەڤەری گەرمیان و ئیدارەی راپەڕین و پارێزگای هەڵەبجەو دەڤەری شارەزوور سەنتەرێك شك نەدەبرا هەتا خاوەن بڕوانامەی ماستەر بتوانێت خولێك ببینێت بۆ ئەوەی ئەو مەرجە دەستەبەر بکات. هاوکات ئەگەر بیویستایە راستەوخۆش ئەو تاقیکردنەوەی (IELTS)ە ئەنجامبدات دەبوایە بچێتە هەولێر چونکە تاکە سەنتەرێك لە هەرێمی کوردستان لەوێ بوو، ئەویش ئەگەر سەرەی لێ بنوسرایە چەند مانگێکی دەویست تا سەرەی بەردەکەوت.

٢- بۆ دەستەبەر کردنی ئەو مەرجەی خوێندنی باڵا (IELTS)لەرووی داراییەوە ماستەر مەحکوم دەکات نزیکەی (٨٥٠ دۆلار) لەم قەیرانە داراییەدا بۆ ئەو مەرجە تەرخان بکات، لە کاتێکدا ماستەر ئەو کاتە زیاتر لە دوو ساڵ و نیو بوو سێ مانگ جارێك مووچەی وەردەگرت وەك هەموو فەرمانبەرێکی ئەم هەرێمە.

٣- ئەگەرچی بەرپرسانی وەزارەت ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە گوایە ئەمە بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی مامۆستای زانکۆیە، بەڵام هەمووان دەزانین کوالیتی زانکۆ بە تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی نیە، چونکە ئەگەر مەبەستەکە ئەمەبێت خۆ سەرجەم ئەم ماستەرانە لەسەرەتای بەشداریکردنیان لە کۆرساتی ماستەر ئەم مەرجەیان دەستەبەر کردووە. لە کاتێکدا لە مێژووی نەك وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بگرە لە عیراقیش مەرجی لەو جۆرە بوونی نەبووە.

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث والتطوير

Republic of Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Research & Development Department

الرقم: ب ت 5 / 8692
التاريخ: 2018/11/12

No:
Date:

**الجـامعات كـافة / مكتب السيـد رئيس الجامعـة**
**الهيئة العراقية للحاسبات والمعلوماتية / مكتب السيد رئيس الهيئة**
**م / اعمام**

**السلام عليكم ورحمة الله وبركاتـه ...**

الحاقاً بإعمامنا المرقم ب ت٥/٤٥١ في ٢٠١٨/١/١٨ ، واشارة الى مصادقة السيد وكيل الوزارة لشؤون البحث العلمي المورخة في ٢٠١٨/١١/٧ على توصيات محضر اجتماع لجنة اللغة العربية تقرر ما يأتي-

١- اعتماد النظام الالكتروني الخاص بإداء اختبار كفاءة اللغة العربية للراغبين بالتقديم للدراسات العليا في الجامعات العراقية للعام الدراسي ٢٠١٩- ٢٠٢٠ الذي اعدته جامعة بغداد .
٢- تغذية النظام ببنك اسئلة واجوبة مركزية مع تحديث البنك بصورة دورية من قبل اعضاء اللجنة الوزارية .
٣- تترك الصلاحية للجامعات في إعداد نظام الكتروني خاص بها لإداء اختبار كفاءة اللغة العربية يتوافق مع النظام الالكتروني المشار اليه في الفقرة (١) ، على ان تقوم الجامعة بتحديث بنك الاسئلة الخاص بها بصورة دورية أو الاستعانة بالنظام الالكتروني الذي اعدته جامعة بغداد .
٤- يتم البدء باختبار كفاءة اللغة العربية للراغبين بالتقديم للدراسات العليا اعتباراً من (٢٠١٨/١٢/١ ولغاية ٢٠١٩/٦/١٣) وتكون مدة صلاحية الشهادة سنتين، وتكون درجة اجتياز الاختبار(٥٠%) وفق التقديرات (مستوف) لغير ذوي الاختصاص ، اما لذوي الاختصاص فتكون درجة الاجتياز (٦٠%) أي (متوسط صعوداً .
٥- يتم اعتماد شهادات المشاركة باختبار كفاءة اللغة العربية الصادرة من الجامعات الحكومية حصراً .
٦- تكون اجور اختبار كفاءة اللغة العربية (١٠,٠٠٠) الاف دينار عراقي
٧- يمكن عقد دورات التقوية باللغة العربية للراغبين بالاشتراك فيها على ان يكون اجورالدورة والاختبار الالكتروني (٢٥,٠٠٠) الف دينار .
٨- الاعلان عن مصادر ومراجع مساعدة للمتقدمين في إداء الاختبار عن طريق الموقع الالكتروني او اقراص مدمجة .

**للتفضل بالاطلاع واتخاذ ما يلزم ... مع التقدير**

**أ.د. هناء عبد الحسين محيميد**
**المدير العام لدائرة البحث والتطوير وكالة**
٢٠١٨/١١/ ١٢

نسخة منه الى:-
- مكتب السيد وكيل الوزارة لشؤون البحث العلمي / للتفضل بالاطلاع .. مع التقدير.
- جامعة بغداد / مركز الحاسبة الالكترونية .. للتفضل بالاطلاع واتخاذ ما يلزم ... مع التقدير.
- السادة اعضاء لجنة اللغة العربية .. للتفضل بالاطلاع واتخاذ ما يلزم بشأن ما ورد اعلاه ... مع التقدير.
- دائرة البحث والتطوير / مكتب السيد المدير العام / المتابعة.
- دائرة البحث والتطوير / قسم الدراسات العليا / شعبة تنمية المهارات.
- الصادرة.

د.ساهرة / مروة/١١/١١

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي – دائرة البحث والتطوير – القصر الأبيض – المجمع التربوي – الطابق السادس
قسم الدراسات العليا pgdep@rdd.edu.iq rdd.edu.iq

**گشتاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراق سەبارەت بە توانستی زمانی عەرەبی**

### ١٧. گرفتەکانی تواناسازی:

تواناسازی پرۆژەی گەشەپێکردن و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی هەرێمبوو، کە بریتی بوو لە بەرنامەیەك بۆ پێگەیاندنی شارەزا و پسپۆر لە گشت بوارە زانستیەکاندا لە رێگای ناردنە دەرەوەی کەسانی شیاو بۆ خوێندنی (ماستەر و دکتورا) و توێژینەوەی زانستی و خولی راهێنان لە زانکۆ و ناوەندە زانستیە باوەرپێکراوە پێشکەوتووەکانی جیهان و سوود وەگرتن لە توانا و شارەزایی بەدەست هاتوویان لە بوارە جیاجیاکان لە هەرێم.

لە هەر چوار ساڵی کابینەکانی شەشەم و حەوتەمدا سالانە لە ساتی پەسەندکردنی یاسای بودجەدا بڕی (١٢٠) ملیار دینار بۆ ئەم مەبەستە تەرخاندەکرا، بەلام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو:

١-تەنها لەسەردەمی کابینەی شەشەمدا کاندیدان ئەو چانسەیان هەبوو سود لەو پرۆسەیە وەربگرن و دواتر وەستاو لەسەردەمی کابینەی حەوتەمدا هیچ وەجبەیەك رانەگەیەنرا.

٢-پرۆسەی تواناسازی بریتی بوو لە هەرسێ بواری (بەدەستهێنانی بڕوانامە، خولی راهێنان، توێژینەوە)، بەلام تەنا یەکەمیان چووە بواری جێبەجێکردنەوەو دوانەکەی تریان تەنها بەناو هەبوو.

٣-لەسەردەمی کابینەی هەشتەمدا ئەو کاندیدانەش کە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە لەچوارچێوەی تواناسازیدا چووبوونە دەرەوە کە زیاتر لە (١٠٠٠) خوێندکار دەبوون ماوەی زیاد لە دوو ساڵ شایستەداراییەکانیان بۆ خەرج نەدەکرا، هەر بۆیە رووبەرووی گرفتی زۆر بوونەوە، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی زۆرترین ناڕەزایی لەمبارەیەوە دەربرێت و سەدان خوێندکاریش بەهۆی خراپی گوزەرانیانەوە بەناچاری خوێندنەکانیان بەجێهێشت و گەڕانەوە کوردستان. هەرچەندە ئەم تواناسازییە بەدەرنەبوو لە زۆری و بۆری و بێ پلانی و بەشێکیان شایستە نەبوون و لە کاتی هاتنەوەو گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ئیزافەیەکیان نەخستەسەر دونیای پرۆسەی خوێندنی باڵا لە کوردستاندا!

سەبارەت بە کێشەکانی تواناسازی، خوێندکارانی تواناسازی لە دەرەوەی وڵات بەهۆی نەدانی پارەکانیانەوە لەلایەن حکومەتەوە ڕووبەڕووی کیشە بوونەوە، هەندێك لەو خوێندکارانە ڕەوانەی کۆمپانیای قەرزوەرگرتن دەکران ئەگەر نەیانتوانیبوایە قەرزەکە بدەنەوە ئەوا زیندانی دەکران و کێشەی بڕوانامەشیان بۆ درووستدەکرا و بڕوانامەکانیان پێ نەدەدرایەوەو لە زانکۆکانیان دەردەکران بەهۆی نەدانی کرێی خوێندنیان.

دوای چەندین خۆپیشاندان و یاداشت و فشار و ناڕەزایی، حکومەت ناچارکرا وردە وردە بڕێك لە شایستە داراییەکانیان بۆ سەرف بکات. بەلام بەگشتی پرۆسەی تواناسازی لەلایەن کابینەی هەشتەمەوە لەگۆڕنراو کۆتایی پێهات.

### ١٨. گرفتەکانی بەردەم ئەوانەی لە پرۆسەی تواناسازی تەواو بوون و گەڕاونەتەوە:

زۆرینەی ئەوانەی لەتواناسازی گەڕانەوە گرفتیان بۆ دروستدەکرا لە زانکۆکان و وەك پێویست شوێنیان نەدەکرایەوە، ئەمە جگە لەوەی کێشەی پاکتاوی داراییشیان بۆ دروستدەکرا، زۆرینەوەی گەڕاوەکان بڕێك پارە قەرزدار کراونەتەوە، لە کاتێکدا بە پێی (قرار الضم) وا نیە، بەڵام لیژنەکە ئامادەنەبوون گوێشیان لێ بگرن.

لەلایەکی ترەوە وەزارەت بڕیارێکی دەرکردووە لە چوار ساڵی رابردوودا ئەوانەی لە تواناسازی دەگەڕێنەوە (کە مامۆستا و موعید و میلاکی زانکۆکانن) کە دەگەڕێنەوە بە ئیجباری لە دیوانی وەزارەت تەنسیب دەکرێن و

ناگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان، دواتر لیژنەیەك دابەشیان دەكات بەسەر زانكۆكاندا، ئەمەش ناعەدالەتی تیایەو هەندێك زانكۆ بە حوكمی پەیوەندییەكانیان سود لەم پرۆسەیە وەردەگرن و كەموكوڕییەكانی خۆیانی پێ پڕدەكەنەوە، زانكۆی تریش هەیە زیان لەم پرۆسەیەدا دەكات.

### ١٩. كێشەی بەشەوانە (نصاب)ـی مامۆستایان:

لەهەندێك لە بەشەكاندا دابەشكردنی وانەكان بەپێی میزاجی سەرۆكی بەش بووە كە بەپێی ئەو پشتیوانیەی لەسەرەوە هەیبووە دایناوە، مامۆستا هەبووە كەمترین وانەی كەمتر لە بەشەوانەی خۆی و مامۆستاش هەبووە زۆر زیاتر لە ئاستی خۆی ئەمە لەكاتێكدا پسپۆریشی لەو بوارەدا نەبووە كە وتویەتیەوە. ئەمە جگە لەو حاڵەتانەی كە لەلایەن سەرۆكی هەندێك بەشەوە چاوپۆشی لەو مامۆستایانە كراوە كە پلەی كارگێڕیی بەرزیان هەبووەو ئەو بەشەوانەیەی بەپێی یاسا بۆیان دەستنیشانكراوە نەیانوتۆتەوەو كەچی لەبەرامبەردا هەمان ماف و ئیمتیازاتیشیان هەبووە. ئەم حاڵەتانە بۆ قۆناغی بەكالۆریۆس و ماستەر و دكتۆراو تەنانەت بۆ لیژنەی گفتوگۆی ماستەر و دكتۆراكانیش بەهەمان شێوە بووە.

### ٢٠. كۆسپی مەرجی تەمەن بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن:

مەرجی تەمەن بۆ خوێندن دانراوەو هەموو كەسێك كە ئارەزوو بكات بخوێنێت بۆ نیە، بەپێی ڕێنماییەكان بۆ خوێندنی بەكالۆریۆس خوازیار دەبێت تەمەنی لە خوار (٣٠) ساڵەوە بێت، بۆ ماستەریش ئەگەر خوازیار میلاكی خوێندنی باڵا بێت ئەوە دەبێت تەمەنی لەخوار (٤٥) ساڵ و بۆ دكتۆراش ئەگەر میلاكی وەزارەتی ناوبراوبێت لەخوار (٥٥) ساڵەوە بێت، هەر كەسێكی تر ئەگەر تەمەنی لەو ساڵە دیاریكراوانە تێپەڕیبێت و بیەوێت درێژە بە خوێندن بدات دەبێ بەسیستەمی پاراڵێل و بە پارە بخوێنێت، بۆ كەسانی تریش كە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادان تەمەنیان هەرچەندێك بێت دەبێت بە سیستەمی پاراڵێل بخوێنن.

### ٢١. نزمی ئاست و خراپی شێوازی وانەوتنەوەی هەندێك لە مامۆستایان:

بەهۆی نەبوونی خولی پێویستی ڕاهێنانی مامۆستا و چاودێریكردنەوە، بە هۆی جێبەجێنەكردنی ئیلتیزاماتی حكومەت بەرامبەر مامۆستایان و پێنەدانی مافەكانیان، بە هۆی قورسكردنی باری سەر شانیان، ئاستی مامۆستایان دابەزیوە، بەشێكی زۆری مامۆستایان مەلزەمە بەكاردەهێنن، هەندێكیشیان ناچار دەكرێن مەلزەمە ئامادە بكەن، كە ئەمەش كاریگەریی خراپی هەیە. دوورن لە كتێب و چاودێری نییە و هەروەها كەمنین ژمارەی ئەو مامۆستایانەی موحازەرەكەی خۆی سەعات و نیوە لەبەر بێتوانایی بە نیو سەعات تەواوی دەكات!

هەرچەندە یاسایەك هەیە لەسەر سزادانی ئەو مامۆستایانەی كە ماوەی دوو ئەوەندەی كاتی خۆیان تەرقیەیان نەكردووە و هیچ توێژینەوەیەكیان ئەنجام نەداوە، كە دەڵێت دەبێت لە وانەوتنەوە ڕابگیرێن، ئەو ڕێنماییە جێبەجێنەكراوە و پێویستە جێبەجێ بكرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كەمتەرخەمی زانكۆكان لە بەدواداچوونی

کەمتەرخەمی مامۆستایان لە وانەوتنەوە. وە لە هەندێك زانکۆش بەسەر هەندێك کەسدا جێبەجێ دەکرێت و هەندێك کەس نا، ئەمەش زیاتر بۆ تەسفیە کردنی ئەو کەسانە بەکاردێت کە لەگەڵ بەرپرسەکانی زانکۆدا کۆك نین.

هەندێك لە مامۆستایان بەرامبەر پرسیارەکانی خوێندکارەکانیاندا دادەمێنن و وەڵامیان پێ نیە، هەر بۆیەشە یا ڕق لەو خوێندکارانە وەردەگرن، یا ئەوەتا وانەکانیان بە بابەتی لابەلا بەڕێدەکەن، کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر پێگەی مامۆستاکە و پێگەیاندنی خوێندکارەکان دەبێت. . هەندێکیان بەپێی ئایدۆلۆژیاو بیروباوەری خۆی هەڵس و کەوت لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات یان وانەیان پێدەڵێتەوە نەوەك بەشێوەی ئەکادیمی و زانستی و بەمەش دوجار خوێندکار دەبێتە قوربانی.

### ٢٢. گرفتەکانی هەڵبژاردن یا دەستنیشانکردنی سەرۆك بەشەکان:

زۆرینەی سەرۆك بەشەکان بە پشکی حیزبی دانراون و ساڵانێکە لە شوێنەکانی خۆیاندا ماونەتەوە. هەرچەندە بەپێی برگەی یەکەمی مادەی (١٨) لە یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٠٨ هاتووە کە: "سەرۆکی بەش یا لق بۆ کۆلیج مەرجە پلەی زانستی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت و بۆ پەیمانگاش پلەی لە (مامۆستا) کەمتر نەبێت". بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە ژمارەیەکی زۆر بەش هەن کە سەرۆکەکانیان ئەو پلانەیان نیە کە بەمەرج دانراوە. هەروەها بەپێی رێنمایی دەبێت سەرۆکی بەش هەر چوار ساڵ جارێك بگۆڕێت، بەلام چەندین سەرۆکی بەش هەن کە ماوەی یاساییان تێپەڕیوەو گۆڕانیشیان بەسەردا نایەت.

### ٢٣. ڕێکخستنەوەی بەشە زانستیەکان بە پێی پێداویستی:

بەشە زانستیەکان بەبێ پلان کراونەتەوە، هەرچەندە بەپێی برگەی دووەمی مادەی (١٨) لە یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٠٨ هاتووە کە مەرجە بۆ کردنەوەی بەشێکی زانستی: "ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە (١٤) پتر نەبێت و لە (٨)یش کەمتر نەبێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بن یاخود لەوانە بن نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەریان هەبێ و ماوەی بەلانی کەم (٥) ساڵ خزمەتی زانکۆییان بەکردەنی هەبێ". بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە چەندان بەش کراونەتەوە نە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و نە هەلگری بڕوانامەی دکتۆراو نە ستافی ئەکادیمی دیاریکراویان هەیەو کەچی کراونەتەوەش، بۆ نمونە لەوانە: بەشی زمانی سریانی، بەشی کاری کۆمەڵایەتی، بەشی زمانی ئەڵمانی، بەشی فەلسەفە لە(زانکۆی سەلاحەدین)، بەشی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی(زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك) و بەشەکانی مێژوو و جوگرافیا لە کۆلیژی سەیدسادقی زانکۆی سلێمانی و بەشەکانی نەوت و دەیان بەشی تر.

بۆ نمونە لە زانکۆی سلێمانی (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە کۆی (١٠٧) بەش و لقی زانستی لە زانکۆکەدا (٤٣) سەرۆکی بەش یا لق لەدەرەوەی یاسا دانراون کەدەکاتە ڕێژەی (٤٠٪)، ئەو سەرۆک بەشانە پلەیان مامۆستا یا مامۆستای یاریدەدەرە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر بێت:

| ژ | بەش | کۆلیژ | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی ئینگلیزی | زمان | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | زمانی فارسی | زمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣ | وەرگێڕان | زمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤ | لقی دەرونی | پزیشکی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٥ | لقی بایۆ کمستری | پزیشکی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٦ | لقی توێکاری | پزیشکی | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٧ | کیمیا | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٨ | بایۆلۆجی | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ١٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٩ | کۆمپیوتەر | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٠ | کارەبا | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١١ | ئاودێری | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٢ | کۆمەڵناسی | زانستە مرۆڤایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٣ | لقی P.O.P | پزیشکی ددان | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٤ | لقی نەشتەرگەری دەم و دان | پزیشکی ددان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٥ | خوێندنی ئیسلامی | زانستە ئیسلامیەکان | ماستەر | مامۆستا | ٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٦ | لقی مایکرۆبایۆلۆجی | پزیشکی ڤێترنەری | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٧ | لقی زانستە بنچینەییەکان | پزیشکی ڤێترنەری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٨ | میوزیک | هونەرە جوانەکان | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ١٩ | فلیمسازی | هونەرە جوانەکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٠ | شێوەکاری | هونەرە جوانەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢١ | تەکنەلۆجیای زانیاری | بازرگانی | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٢٢ | گەشتوگوزار | بازرگانی | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٣ | ئاماروکۆمپیوتەر | بازرگانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٤ | کارگێڕی پڕۆژەکان | بازرگانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٥ | زانستی دارایی و بانک | بازرگانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٦ | ژمێریاری دارایی و وردبینی | بازرگانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | بازرگانی نێودەوڵەتی | بازرگانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٢٨ | ئابوری بازاڕ | بازرگانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٢٩ | لقی پەرستاری مندالان | پەرستاری | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٣٠ | لقی بنەماکانی پەرستاری | پەرستاری | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٣١ | زانستە بیرکارییەکان | پەروەردەی بنەڕەتی | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٣٢ | زمانی ئینگلیزی | پەروەردەی بنەڕەتی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٣ | زانستی کۆمپیوتەر | پەروەردەی بنەڕەتی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٤ | لقی P.P.C | دەرمانسازی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٥ | لقی Pharmaceutice | دەرمانسازی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٦ | لقی C.P | دەرمانسازی | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٣٧ | لقیP.T | دەرمانسازی | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٣٨ | ماتماتیك | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر هەیە |
| ٣٩ | فیزیا | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤٠ | کیمیا | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر هەیە |
| ٤١ | جوگرافیا | پەرەردەی/سەیدصادق | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٤٢ | مێژوو | پەرەردەی/سەیدصادق | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٤٣ | سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان | زانستە رامیاریەکان | دکتۆرا | مامۆستا | – |

له زانکۆی گەرمیان (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) له کۆی (٣٣) بەش له زانکۆکەدا (٢٦) سەرۆکی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون که دەکاته ڕێژەی (٧٩٪)، ئەو سەرۆك بەشانه پلەیان مامۆستا یا مامۆستای یاریدەدەرە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت له پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر بێت:

| ژ | بەش | کۆلێژ | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا له بەشەکه پلەی زانستی بەرزتر هەیه؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی کوردی | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ٢ | زمانی عەرەبی | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ٣ | زمانی ئینگلیزی | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ٤ | ماتماتیك | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٥ مامۆستا هەیه |
| ٥ | فیزیا | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٦ | کیمیا | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٧ | بایۆلۆجی | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ٨ | جوگرافیا | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٣ مامۆستا هەیه |
| ٩ | مێژوو | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا هەیه |
| ١٠ | پەروەردەی دەروونناسی | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ١١ | زمانی عەرەبی | زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ١٢ | زمانی ئینگلیزی | زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ١٣ | دەروونناسی | زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ١٤ | زمانی عەرەبی | پەروەردەی بنەڕەت | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ١٥ | زانسته کۆمەلایەتیەکان | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٣ مامۆستا هەیه |
| ١٦ | باخچەی ساوایان | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٧ | پەروەردەی وەرزش | پەروەردەی وەرزش | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ١٨ | زمانی کوردی/ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت/ئێواران | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ١٩ | زمانی عەرەبی/ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت/ئێواران | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ٢٠ | زانسته کۆمەلایەتیەکان/ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت/ئێواران | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ٢١ | اخچەی ساوایان/ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت/ئێواران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیه |
| ٢٢ | زمانی ئینگلیزی/ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت/ئێواران | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیه |
| ٢٣ | سامانی ئاژەڵ | کشتوکاڵ-کفری | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٢٤ | کیمیا | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٢٥ | ئەندازیاری | ئەندازیاری بیناسازی | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٢٦ | یاسا | یاسا | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیه |

لە زانكۆی ڕاپەڕین (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە كۆی (٢٨) بەش لە زانكۆكەدا (٢٣) سەرۆكی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون كە دەكاتە ڕێژەی (٨٢٪)، ئەو سەرۆك بەشانە پلەیان مامۆستا یا مامۆستای یاریدەدەرە، لەكاتێكدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر كەمتر بێت:

| ژ | بەش | كۆلێژ | بڕوانامەی سەرۆكی بەش | پلەی زانستی سەرۆكی بەش | ئایا لە بەشەكە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جوگرافیا | زانستە مرۆڤایەتیەكان | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | مێژوو | زانستە مرۆڤایەتیەكان | دكتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣ | یاسا | زانستە مرۆڤایەتیەكان | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤ | كارگێڕی ئێواران | زانستە مرۆڤایەتیەكان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥ | عەرەبی | پەروەردە | دكتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٦ | ئینگلیزی | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ مامۆستا هەیە |
| ٧ | پەروەردەی دەروونزانی | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٨ | باخداری | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٩ | سامانی ئاژەل | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ١٠ | پەرستاری مندالان | پەرستاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ١١ | پەرستاری تەندروستی دەرونی | پەرستاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٢ | پەرستاری ژنان و مندالبون | پەرستاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٣ | زمانی كوردی/ بەیانیان | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٦ مامۆستا هەیە |
| ١٤ | زمانی كوردی/ ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٥ مامۆستا هەیە |
| ١٥ | زانستی كۆمپیوتەر | پەروەردەی بنەڕەت | دكتۆرا | مامۆستا | – |
| ١٦ | بیركاری/ بەیانیان | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٧ | بیركاری/ ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت | دكتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٨ | باخچەی ساوایان | پەروەردەی بنەڕەت | دكتۆرا | مامۆستا | – |
| ١٩ | زانستی گشتی/ ئێواران | پەروەردەی بنەڕەت | دكتۆرا | مامۆستا | – |
| ٢٠ | زمانی ئینگلیزی | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٢١ | بایۆلۆجی | زانست | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٢٢ | فیزیا | زانست | ماستەر | نازناوی نیە | سەرۆكی بەش بە گرێبەست دانراوە |
| ٢٣ | كیمیا | زانست | ماستەر | مامۆستا | – |

لە زانکۆی هەڵەبجە (بەپێی ماڵپەڕی زانکۆکە) لە کۆی (١٣) بەش لە زانکۆکەدا هەموو سەرۆکی بەشەکان لەدەرەوەی یاسا دانراون بە ڕێژەی (١٠٠٪)، ئەو سەرۆک بەشانە پلەیان مامۆستا یا مامۆستای یاریدەدەرە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر بێت:

| ژ | بەش | کۆلێژ | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسا | زانستە مرۆڤایەتیەکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا هەیە |
| ٢ | مێژوو | زانستە مرۆڤایەتیەکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣ | جوگرافیا | زانستە مرۆڤایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٤ | زانستە کۆمەڵایەتیەکان | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٥ | ئینگلیزی | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ مامۆستا هەیە |
| ٦ | کوردی | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا هەیە |
| ٧ | عەرەبی | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٤ مامۆستا هەیە |
| ٨ | پەروەردەی وەرزش | پەروەردەی وەرزش | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا هەیە |
| ٩ | پەروەردەی وەرزشی بنەرەت | پەروەردەی وەرزش | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ١٠ | کۆمپیوتەر | زانست | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ١١ | فیزیا | زانست | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ١٢ | ئەندازیاری | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ١٣ | بنەماکانی ئاین | زانستە مرۆڤایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٤ مامۆستا هەیە |

له زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە کۆی (٧٧) بەش لە زانکۆکەدا (٥١) سەرۆکی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون کەدەکاتە ڕێژەی (٦٦٪)، ئەو سەرۆک بەشانە پلەیان مامۆستای یاریدەدەر یا توێژەرە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە (بۆکۆلێژ پرۆفیسۆری یاریدەدەر) و (بۆ پەیمانگە مامۆستا) کەمتر بێت:

| ژ | بەش | کۆلێژ یا پەیمانگە | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تەکنیکی کارگێڕی | تەکنیکی کارگێڕی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | تەکنیکی میدیا | تەکنیکی کارگێڕی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣ | ئەندازیاری نەوت و وزە | تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤ | ئەندازیاری گەیاندن | تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٥ | پەرستاری | تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٦ | شیکاری نەخۆشیەکان | تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٧ | تەکنیکی بێ هۆشکاری | تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٨ | تەندروستی و کۆمەڵ | تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٩ | تەکنەلۆجیای داتابەیس | تەکنیکی ئینفۆرماتیك | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٠ | تۆڕەکانی کۆمپیوتەر | تەکنیکی ئینفۆرماتیك | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١١ | تەکنەلۆجیای زانیاری | تەکنیکی ئینفۆرماتیك | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٢ | پیشەسازی خۆراك | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکانی هەڵەبجە | دکتۆرا | مامۆستا | ناوی ستافی بەش لە ڕێبەری دەرچوندا نیە. |
| ١٣ | بەروبومی کێڵگەیی | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکانی هەڵەبجە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٤ | باخداری | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکانی هەڵەبجە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ؟ |
| ١٥ | بەروبومی کێڵگەیی | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکانی هەڵەبجە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ؟ |
| ١٦ | تەندروستی و کۆمەل | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ١٧ | سڕکردن | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٨ | تیشك | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ١٩ | شیکاری نەخۆشیەکان | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٠ | پاراستنی ددان | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٣ مامۆستا هەیە |
| ٢١ | میکانیك | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | بەکالۆریۆس | تدریسی/١ | - |
| ٢٢ | ڕوپێوی | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٢٣ | ئەلیکترۆنیك | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٢٤ | وێنەی ئەندازەیی | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٢٥ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی کەلار | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٢٧ | کارەبا | پەیمانگەی تەکنیکی کەلار | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ مامۆستا هەیە |
| ٢٨ | روپێوی | پەیمانگەی تەکنیکی کەلار | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ مامۆستا هەیە |
| ٢٩ | کارەبا | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٠ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٣١ | پەرستاری | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٢ | کارگێڕی کار | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | بەکالۆریۆس | توێژەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٣ | پەرستاری | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٤ | شیکاری نەخۆشیەکان | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٣٥ | کارگێڕی کار | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٦ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٧ | داتابەیس | پەیمانگەی زانستی کۆمپیوتەر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٨ | نێتوۆرک | پەیمانگەی زانستی کۆمپیوتەر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٣٩ | IT | پەیمانگەی زانستی کۆمپیوتەر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٠ | کارگێڕی بانکەکان | پەیمانگەی تەکنیکی دوکان | بەکالۆریۆس | - | – |
| ٤١ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی دوکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٤٢ | سیستەمەکانی کارقێکردن و نەوت | پەیمانگەی تەکنیکی دوکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٣ | پەیوەندییەگشتیەکان و بازاڕکردن | پەیمانگەی تەکنیکی دوکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٤ | کارەبا | پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٥ | کارگێڕی کار/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٤٦ | کارگێڕی کار/ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٤٧ | روپێوی | پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان | بەکالوریوس | – | – |
| ٤٨ | پەرستاری/ بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٤٩ | پەرستاری/ ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٥٠ | کارگێڕی ئەلیکترۆنی | پەیمانگەی تەکنیکی بەکرەجۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥١ | کارگێڕی تەندروستی | پەیمانگەی تەکنیکی بەکرەجۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |

لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک (بەپێی رێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٦) لە کۆی (٤٨) بەش لە زانکۆکەدا (٤٦) سەرۆکی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون کەدەکاتە رێژەی (٩٦٪)، ئەو سەرۆک بەشانە پلەیان مامۆستای یاریدەدەر یا توێژەرە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە (بۆکۆلیژ پرۆفیسۆری یاریدەدەر) و (بۆ پەیمانگە مامۆستا) کەمتر بێت:

| ژ | بەش | کۆلیژ یا پەیمانگە | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | میکانیک | پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ١ مامۆستا هەیە |
| ٢ | ئافرەتان و منداڵبون | پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٣ مامۆستا هەیە |
| ٣ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٤ | بیناکاری | پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٥ | نۆژداری ددان | پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٦ | تیشک | پەیمانگەی تەکنیکی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٧ | دارایی و ژمێریاری | کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستا | - |
| ٨ | تەکنەلۆجیای زانیاری | کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٩ | رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی | کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٠ | کارگێڕی کار/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستا | - |
| ١١ | کارگێڕی کار/ ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستا | - |
| ١٢ | سیستەمی زانیاری/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٣ | سیستەمی زانیاری/ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٤ | رۆژنامەوانی | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٥ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٦ | نەخۆشەوانی | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٧ | شیکردنەوەی نەخۆشی | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٨ | ساردکردن و هەواسازی | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٩ | روپێوان | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٠ | نەوت | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢١ | کارەبا | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٢ | کارگێڕی نەخۆشخانە | پەیمانگەی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستا | - |
| ٢٣ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئامێدی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٤ | شیکردنەوەی نەخۆشی | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئامێدی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٥ | کارگێڕی گەشتیاری | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئامێدی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٦ | سامانی ئاژەڵی | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئامێدی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | کارگێڕی | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئاکرێ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا |
| ٢٨ | نەخۆشەوانی | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئاکرێ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٢٩ | ڕوپێوان | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئاکرێ | بکالوریوس | – | ١ مامۆستا |
| ٣٠ | ڕەزگەری | پەیمانگەی تەکنیکی/ ئاکرێ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا |
| ٣١ | تەکنەلۆجیای زانیاری | کۆلیژی ئینفۆرماتیك/ئاکرێ | | | |
| ٣٢ | زانیاری سکیوریتی | کۆلیژی ئینفۆرماتیك/ئاکرێ | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٣ | نەخۆشەوانی | پەیمانگەی تەکنیکی/ بەردەرەش | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٤ | کارگێڕی کار | پەیمانگەی تەکنیکی/ بەردەرەش | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا هەیە |
| ٣٥ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی/ بەردەرەش | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٦ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی/ شیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا |
| ٣٧ | تەکنەلۆجیای تەندروستی و کۆمەل | کۆلیژی تەکنیکی تەندروستی/شیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٨ | تەکنەلۆجیای تاقیگەی پزیشکی | کۆلیژی تەکنیکی تەندروستی/شیخان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٩ | نەخۆشەوانی | پەیمانگەی تەکنیکی/ شەنگال | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٠ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی/ شەنگال | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤١ | پرد و ڕێگاوبان | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری/دهۆك | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٤٢ | ئەندازیاری وزە | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری/دهۆك | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٤٣ | پیترۆکیمیایی | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری/دهۆك | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٤٤ | باخداری | کۆلیژی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٤٥ | کارگێڕی کار | کۆلیژی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٦ | ژمێریاری | کۆلیژی تەکنیکی/ زاخۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |

له زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە کۆی (٧٢) بەش لە زانکۆکەدا (٦٢) سەرۆکی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون کەدەکاتە ڕێژەی (٨٦٪)، ئەو سەرۆک بەشانە پلەیان مامۆستای یاریدەدەر یا توێژەرە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە (بۆکۆلیژ پرۆفیسۆری یاریدەدەر) و (بۆ پەیمانگە مامۆستا) کەمتر بێت:

| ژ | بەش | کۆلیژ یا پەیمانگە | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تەکنیکی ئەندازیاری و شارستانی | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | تەکنیکی ئەندازیاری و سیستەمی زانیاری | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٣ | تەکنیکی ئەندازیاری و ڕێگاوبان | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤ | کارگێری کار | کۆلیژی تەکنیکی کارگێری | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٥ | ژمێریاری | کۆلیژی تەکنیکی کارگێری | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٦ | میدیا | کۆلیژی تەکنیکی کارگێری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٧ | شیکاری نەخۆشیەکان | کۆلیژی تەکنیکی کارگێری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٨ | چارەسەری سروشتی | کۆلیژی تەکنیکی کارگێری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٤ مامۆستا هەیە |
| ٩ | کارەبا/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٠ | کارەبا/ئێواران | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١١ | گەیاندن | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | نازناوی نیە | ١ مامۆستاو ٣ مامۆستای یاریدەدەر هەیە |
| ١٢ | بیناکاری | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٣ | تەکنەلۆجیای زانیاری/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٤ | تەکنەلۆجیای زانیاری/ئێواران | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٥ | تەکنیکی ئۆتۆمبێل | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٦ | تەکنەلۆجیای نەوت/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ١٧ | تەکنەلۆجیای نەوت/ئێواران | پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ١٨ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٩ | زانیاریەکان و کتێبخانە | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | ڕێبەری گەشتیاری | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ مامۆستا هەیە |
| ٢١ | سیستەمی زانیاریەکان | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٢٢ | کارگێری کار | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٢٣ | تەکنیکی وەرگێران | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٢٤ | ڕاگەیاندن | پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ماستەر | نازناوی نیە | ٣ مامۆستا هەیە |
| ٢٥ | پاراستنی تەندروستی | پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٢٦ | پزیشکی ددان | پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٧ | پەرستاری | پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٢٨ | تیشک | پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٢٩ | دەرمانسازی | پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٠ | ئافرەتان و لەدایکبوون | پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣١ | ئامێری تاقیگە پزیشکیەکان | پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٢ | پەرستاری | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٣ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٤ | پاراستنی تەندروستی | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٣٥ | کارگێری یاسایی | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٣٦ | تیشک | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٣٧ | نەوت | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٣٨ | دەزگاکانی گەشتیاری | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٩ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٠ | ڤێترنەری | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٤١ | بیناکاری | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٢ | تەکنەلۆژیای زانیاری/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | نازناوی نیە | ٢ مامۆستای یاریدەدەر هەیە |
| ٤٣ | تەکنەلۆژیای زانیاری/ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | نازناوی نیە | ٣ مامۆستای یاریدەدەر هەیە |
| ٤٤ | شیکاری نەخۆشیەکان | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٤٥ | کارگێری کار/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٦ | کارگێری کار/ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٧ | کارگێری کەرەستەو کۆگاکان | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | نازناوی نیە | ١ مامۆستای یاریدەدەر هەیە |
| ٤٨ | وێنەی ئەندازەیی | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٤٩ | ئامار و زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥٠ | پەرستاری/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥١ | پەرستاری/ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٢ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥٣ | ژمێریاری | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥٤ | شیکاری نەخۆشیەکان | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥٥ | کارگێری کار/بەیانیان | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥٦ | کارگێری کار/ئێواران | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥٧ | ئافرەتان و لەدایکبون | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٥٨ | بەروبومی کێلگەیی | پەیمانگەی تەکنیکی خەبات | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ مامۆستا هەیە |
| ٥٩ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی خەبات | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٦٠ | کارگێری کار | پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان | بکالوریوس | نازناوی نیە | ١ مامۆستای یاریدەدەر هەیە |
| ٦١ | کارگێری گومرگ | پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٦٢ | تەکنەلۆجیای زانیاری | پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |

لە زانکۆی سەلاحەدین (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە کۆی (٧٨) بەش لە زانکۆکەدا (٤١) سەرۆکی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون کەدەکاتە (٥٢.٧٪)، ئەو سەرۆك بەشانە پلەیان مامۆستای یاریدەدەر یا مامۆستایە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر بێت:

| ژ | بەش | کۆلێژ | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کیمیا | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٩ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | فیزیا | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆر و ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣ | ماتماتیك | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤ | کۆمپیوتەر | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | — |
| ٥ | پرۆگرامسازی | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر ٨ مامۆستا هەیە |
| ٦ | بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٧ | ڕووپێوان | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٨ | ئەندازیاری نەوت | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | — |
| ٩ | کۆمەڵناسی | ئەدەبیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆر و ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٠ | مێژوو | ئەدەبیات | دکتۆرا | مامۆستا | ١٢ پرۆفیسۆر و ٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١١ | جوگرافیا | ئەدەبیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆر و ٩ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٢ | شوێنەوار | ئەدەبیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٣ | فەلسەفە | ئەدەبیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٤ | ڕاگەیاندن | ئەدەبیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٥ | کاری کۆمەلایەتی | ئەدەبیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٦ | زمانی فارسی | زمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٣ مامۆستا هەیە |
| ١٧ | زمانی فەرەنسی | زمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا هەیە |
| ١٨ | زمانی تورکی | زمان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٩ | زمانی ئەلمانی | زمان | دکتۆرا | مامۆستا | — |
| ٢٠ | سامانی ئاژەل | کشتوکاڵ | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆر و ٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢١ | پاراستنی ڕووەك | کشتوکاڵ | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٢ | دارستان | کشتوکاڵ | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | رەزگەری | کشتوکاڵ | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٤ | سامانی ماسی | کشتوکاڵ | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٥ | ژمێریاری | بەڕێوەبردن و ئابوری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٩ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٦ | زمانی سریانی | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٢٧ | یارییە تاکەکان | پەروەردەی وەرزش | مامۆستا | دکتۆرا | ٨ پرۆفیسۆر و ١٠ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٨ | زمانی ئینگلیزی | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر ٩ مامۆستا هەیە |
| ٢٩ | ماتماتیک | پەروەردەی بنەڕەت | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر هەیە |
| ٣٠ | زمانی کوردی | پەروەردەی بنەڕەت | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣١ | زانستەگشتیەکان | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٨ مامۆستا هەیە |
| ٣٢ | زمانی عەرەبی | پەروەردەی بنەڕەت | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ٣٣ | شێوەکاری | هونەرەجوانەکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٦ مامۆستا هەیە |
| ٣٤ | میوزیک | هونەرەجوانەکان | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٣٥ | سینەماو شانۆ | هونەرەجوانەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٦ | بایۆلۆجی | پەروەردەی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٣٧ | زمانی کوردی | پەروەردەی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٨ | زمانی عەرەبی | پەروەردەی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ مامۆستا هەیە |
| ٣٩ | پەروەردەی وەرزش | پەروەردەی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ٤٠ | زمانی کوردی | پەروەردەی مەخمور | ماستەر | مامۆستا | – |
| ٤١ | زمانی عەرەبی | پەروەردەی مەخمور | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |

لە زانکۆی کۆیە (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە کۆی (٢٧) بەش لە زانکۆکەدا (١١) سەرۆکی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون کەدەکاتە ڕێژەی (٤٠٪)، ئەو سەرۆک بەشانە پلەیان مامۆستای یاریدەدەر یا مامۆستایە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر بێت:

| ژ | بەش | فاکەلتی | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کارگێڕی و ژمێریاری | زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | یاسا/ئێواران | زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣ | ژمێریاری/ئێواران | زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤ | ئینگلیزی | زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیەکان | ماستەر | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٥ | ئینگلیزی | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | – |
| ٦ | پەروەردەو دەروونزانی | پەروەردە | ماستەر | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٧ | ئەندازیاری نەوت | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٨ | ئەندازیاری دروستکردن | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٩ | ئەندازیاری جیۆتەکنیک | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٠ | ئەندازیاری پرۆگرامسازی | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١١ | ئەندازیاری کیمیاوی | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٢ | ئەندازیاری شارستانی | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٣ | بایۆلۆجی | زانست و تەندروستی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١٠ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٤ | فیزیا | زانست و تەندروستی | دکتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٥ | ماتماتیک | زانست و تەندروستی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر هەیە |
| ١٦ | کیمیا | زانست و تەندروستی | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر هەیە |

له زانكۆی چەرموو (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە كۆی (١٢) بەش لە زانكۆكەدا (١١) سەرۆكی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون كە دەكاتە ڕێژەی (٩١.٦٪)، ئەو سەرۆك بەشانە پلەیان مامۆستای یاریدەدەر یا مامۆستایە، لەكاتێكدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر كەمتر بێت:

| ژ | بەش | كۆلێژ | بڕوانامەی سەرۆكی بەش | پلەی زانستی سەرۆكی بەش | ئایا لە بەشەكە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەروەردەو دەروونزانی | پەروەردەو زمان | دكتۆرا | مامۆستا | – |
| ٢ | زمانی كوردی | پەروەردەو زمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٥ مامۆستا هەیە |
| ٣ | فیزیا | پەروەردەو زمان | ماستەر | مامۆستا | ٦ مامۆستا هەیە |
| ٤ | زانستە گشتیەكان | پەروەردەو زمان | دكتۆرا | مامۆستا | – |
| ٥ | زمانی ئینگلیزی | پەروەردەو زمان | دكتۆرا | مامۆستا | – |
| ٦ | زانستەكۆمەلایەتیەكان–ئێواران | پەروەردەو زمان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ٧ | پەروەردەی تایبەت | پەروەردەو زمان | دكتۆرا | مامۆستا | – |
| ٨ | كۆمپیوتەر | پەروەردەو زمان | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ٩ | كارگێڕی گشتی | كارگێڕی گشتیو بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٠ | ژمێریاری | كارگێڕی گشتیو بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ١١ | كارگێڕی نەوت و گاز و وزە | كارگێڕی گشتیو بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ مامۆستا هەیە |

لە زانكۆی دهۆك (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە كۆی (٨٠) بەش لە زانكۆكەدا (٥٠) سەرۆكی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون كەدەكاتە ڕێژەی (٦٢.٥٪)، ئەو سەرۆك بەشانە پلەیان مامۆستای یاریدەدەر یا مامۆستایە، لەكاتێكدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر كەمتر بێت:

| ژ | بەش | كۆلیژ | بڕوانامەی سەرۆكی بەش | پلەی زانستی سەرۆكی بەش | ئایا لە بەشەكە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پلاندانان | پلاندانان | دكتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆر و ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | نەشتەرگەری | پزیشكی | دكتۆرا | مامۆستا | ٩ پرۆفیسۆر و ٨٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣ | دڵ و هەناو | پزیشكی | دكتۆرا | مامۆستا | ٩ پرۆفیسۆر و ٨٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤ | مندالان | پزیشكی | دكتۆرا | مامۆستا | ٩ پرۆفیسۆر و ٨٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٥ | بەرهەمی گیانەوەری | كشتوكال | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٦ | دارستان | كشتوكال | دكتۆرا | مامۆستا | ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٧ | دەرامەتی كێڵگەیی | كشتوكال | دكتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٨ | گەشتیاری | كشتوكال | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٩ | زانستی بنەكی | كشتوكال | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٠ | شارستانی | ئەندازیاری | دكتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١١ | تەلارسازی | ئەندازیاری | دكتۆرا | مامۆستا | — |
| ١٢ | میكانیك | ئەندازیاری | دكتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٣ | ڕوپێوان | ئەندازیاری | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٤ | كارەباو كۆمپیوتەر | ئەندازیاری | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٥ | سەرچاوەكانی ئاو | ئەندازیاری | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٦ | زانستی سیاسی | زانستی مرۆڤایەتی | دكتۆرا | مامۆستا | — |
| ١٧ | هونەری شێوەكاری | زانستی مرۆڤایەتی | دكتۆرا | پ.ی | راگر بەوەكالەت سەرۆكی بەشە |
| ١٨ | كۆمەلناسی | زانستی مرۆڤایەتی | دكتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٩ | دراما | زانستی مرۆڤایەتی | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٠ | مێژوو | زانستی مرۆڤایەتی | دكتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆر و ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢١ | نەخۆشی و مایكرۆبایۆلۆجی | ڤێترنەری | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | نەشتەرگەری و پزیشکی هەناوی | ڤێترنەری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٣ | بوون و فسیۆلۆجی توێکاری | ڤێترنەری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٤ | دارایی و بانك | کارگێڕی و ئابوری | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٥ | ئامار | کارگێڕی و ئابوری | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٢٦ | فیزیا | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ١٠ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٧ | ماتماتیك | زانست | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٨ | پەروەردەی دەروونناسی | پەروەردەی بنیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢٩ | باخچەی مندالان | پەروەردەی بنیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٠ | ماتماتیك | پەروەردەی بنیات | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣١ | کۆمەلایەتی | پەروەردەی بنیات | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٢ | زمانی ئینگلیزی | پەروەردەی بنیات | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٣٣ | پەرستاری | پەرستاری | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٤ | فراماکۆلۆژی | دەرمانسازی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٥ | دەرمانسازیەکان | دەرمانسازی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٦ | پاراستن و راستکردنەوەی ددانی مندالان | پزیشکی ددان | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٧ | چاکردن و چارەسەرکردنی ددان | پزیشکی ددان | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٨ | زانستی بنەرەت | پزیشکی ددان | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٣٩ | عەرەبی | پەروەردە-ئاکرێ | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤٠ | کۆمەلایەتی | پەروەردە-ئاکرێ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٦ مامۆستا هەیە |
| ٤١ | ئینگلیزی | پەروەردە-ئاکرێ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٤٢ | ماتماتیك | پەروەردە-ئاکرێ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٤٣ | زمانی کوردی | پەروەردە-ئاکرێ | ماستەر | مامۆستا | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٤٤ | پەروەردەی ئیسلامی | پەروەردە-ئاکرێ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٤٥ | مێژوو | پەروەردە-ئاکرێ | دکتۆرا | مامۆستا | - |
| ٤٦ | سڕکردن | زانستی تەندروستی | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤٧ | لابورێن پزیشکی | زانستی تەندروستی | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤٨ | زمانی ئینگلیزی | پەروەردەی بنیات/ئامێدی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٤٩ | زانستی کۆمەلایەتی | پەروەردەی بنیات/ئامێدی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ٥٠ | زمانی ئینگلیزی | زمان | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |

له زانكۆی زاخۆ (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە كۆی (٢٦) بەش لە زانكۆكەدا (١٠) سەرۆكی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون كەدەكاتە ڕێژەی (٣٨.٤٪)، ئەو سەرۆك بەشانە پلەیان مامۆستا یا مامۆستای یاریدەدەرە، لەكاتێكدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر كەمتر بێت:

| ژ | بەش | فەكۆلتی | بڕوانامەی سەرۆكی بەش | پلەی زانستی سەرۆكی بەش | ئایا لە بەشەكە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئینگلیزی | پەروەردەی بنیاد | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٢ | كۆمەلایەتی | پەروەردەی بنیاد | دكتورا | مامۆستا | – |
| ٣ | زانستی گشتی | | دكتورا | مامۆستا | – |
| ٤ | جوگرافیە | پەروەردە | دكتورا | مامۆستا | – |
| ٥ | میكانیك | ئەندازیاری | دكتورا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٦ | ئابوری | كارگێڕی و ئابوری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٧ | زمانی ئینگلیزی | زانستی مرۆڤایەتی | ماستەر | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٨ | زمانی توركی | زانستی مرۆڤایەتی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | – |
| ٩ | كیمیا | زانست | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٩ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٠ | كۆمپیوتەر | زانست | دكتۆرا | مامۆستا | – |

لە زانکۆی سۆران (بەپێی ڕێبەری ساڵی خوێندنی ٢٠١٨) لە کۆی (٢٣) بەش لە زانکۆکەدا (٢٠) سەرۆکی بەش لەدەرەوەی یاسا دانراون کەدەکاتە ڕێژەی ( ٨٧٪)، ئەو سەرۆك بەشانە پلەیان مامۆستا یا مامۆستای یاریدەدەرە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر بێت:

| ژ | بەش | فەکۆلتی | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی عەرەبی | ئاداب | دکتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ٢ | زمانی ئینگلیزی | ئاداب | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ مامۆستا هەیە |
| ٣ | مێژوو | ئاداب | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر هەیە |
| ٤ | دەروونزانی | ئاداب | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٥ مامۆستا هەیە |
| ٥ | کۆمەڵناسی | ئاداب | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا هەیە |
| ٦ | جیۆلۆجی نەوت | زانست | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٢ مامۆستا هەیە |
| ٧ | کیمیا | زانست | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ٣ مامۆستا هەیە |
| ٨ | بایۆلۆجی | زانست | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٤ مامۆستا هەیە |
| ٩ | ماتماتیك | زانست | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ٣ مامۆستا هەیە |
| ١٠ | کۆمپیوتەر | زانست | بکالۆریۆس | نازناوی نیە | ٥ مامۆستا و ٨ مامۆستای یاریدەدەر هەیە |
| ١١ | یاسا | یاساو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٢ | پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | یاساو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ مامۆستا هەیە |
| ١٣ | زانستەکۆمەڵایەتیەکان | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٤ | ماتماتیك | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ١٥ | ئینگلیزی | پەروەردە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ مامۆستا هەیە |
| ١٦ | زانستەگشتیەکان | پەروەردە | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| ١٧ | زمانی کوردی | پەروەردە | بکالۆریۆس | نازناوی نیە | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ١ مامۆستا و ٥ مامۆستای یاریدەدەر هەیە |
| ١٨ | ئەندازیاری شارستانی | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٤ مامۆستا هەیە |
| ١٩ | ئەندازیاری نەوت | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | - |
| ٢٠ | ئەندازیاری کیمیا | ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | - |

بەپێی ئەم خشتانەی سەرەوە دەبینین کە زۆرینەی سەرکی بەشە زانستیەکان لەدەرەوەی یاسا دانراون، لەکاتێکدا لە زۆرینەی بەشەکاندا مامۆستای تر هەیە کە مەرجە یاسایی و زانستیەکانی تیادابێت، بەلام لەوە دەچێت لەبەر ئیعتیباری حزبی و شەخسی ئەو کەسانە دانەنرێن و کەسانێکی تر لەدەرەوەی یاسادانرابن، کە لە کۆی (٦٢٤) بەشدا (٤٠٧) سەرۆکی بەش کەدەکاتە رێژەی (٦٥.٣٪) بە نایاسایی دانراون، بەم شێوەیە:

| ژ | زانکۆ | ئەوبەشانەی سەرۆکەیانیان بە یاسایی دانراون | | ئەو بەشانەی لەدەرەوەی یاسا سەرۆکیان بۆ دانراوە | | کۆی بەشە زانستیەکانی زانکۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | رێژەی ٪ | ژمارە | رێژەی ٪ | |
| | سەلاحەدین | ٣٧ | ٪٤٧.٣ | ٤١ | ٪٥٢.٧ | ٧٨ |
| | سلێمانی | ٦٤ | ٪٦٠ | ٤٣ | ٪٤٠ | ١٠٧ |
| | دهۆک | ٣٠ | ٪٣٧٠٥ | ٥٠ | ٪٦٢.٥ | ٨٠ |
| | کۆیە | ١٦ | ٪٦٠ | ١١ | ٪٤٠ | ٢٧ |
| | سۆران | ٣ | ٪١٣ | ٢٠ | ٪٨٧ | ٢٣ |
| | پۆلیتەکنیکی هەولێر | ١٠ | ٪١٤ | ٦٢ | ٪٨٦ | ٧٢ |
| | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ٢٦ | ٪٣٤ | ٥١ | ٪٦٦ | ٧٧ |
| | پۆلیتەکنیکی دهۆک | ٢ | ٪٤ | ٤٦ | ٪٩٦ | ٤٨ |
| | گەرمیان | ٧ | ٪٢١ | ٢٦ | ٪٧٩ | ٣٣ |
| | هەڵەبجە | ٠ | ٠ | ١٣ | ٪١٠٠ | ١٣ |
| | زاخۆ | ١٦ | ٪٦١.٦ | ١٠ | ٪٣٨.٤ | ٢٦ |
| | راپەرین | ٥ | ٪١٨ | ٢٣ | ٪٨٢ | ٢٨ |
| | چەرموو | ١ | ٪٨.٤ | ١١ | ٪٩١.٦ | ١٢ |
| | **سەرجەم** | ٢١٧ | ٪٣٤.٧ | ٤٠٧ | ٪٦٥.٣ | ٦٢٤ |

### ٢٤. دڵنیایی جۆری:

بە گشتی بریار و رێنماییەکانی تایبەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری جێبەجێ ناکرێت، یاخود خراپ بەکار دەهێنرێت، هەر بۆیەشە هەندێ کات لەبری چاکسازی و باشتر بەرێوەچوونی رەوشی خوێندنی باڵا، خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە. سەرەرای پێویستبوونی دڵنیایی جۆری، بەڵام هەموو ئەو سیمینار و وۆرکشۆپ و کۆنفرانسانەی ئەنجام دەدرێن، مامۆستایانیان بە کۆکردنەوەی خاڵ سەرقاڵ کردووە، مامۆستا ئەوەندەی بە دوای خاڵدا رادەکات، ئەوەندە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەشداری ئەو سیمینارانە ناکات، تەنانەت هەندێك جار بۆ بەدەستهێنانی خاڵ وانەکانی پشتگوێ دەخات ، کە لە سیمینارەکە بەشداری دەکات و خاڵەکەی تێدا بەدەست دێنێت.

### ٢٥. زانستخوازیی بەردەوام:

لە زانستخوازیی بەردەوامدا سمینارەکان تەنها دیکۆرن و لە ڕووی واقیعیەوە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر پێشکەوتنی مامۆستایان نیە، گەیشتۆتە ئاستێك لە هەندێك شوێندا ناویان ناوە پرسە، مامۆستاکان تەنها بە قەد خوێندنی فاتیحەیەك دەچن ئامادە دەبن و تا ئەو کاتەی ناوی خۆیان لە لیستی ئامادەبواندا دەنوسن، تا خاڵیان بۆ ئەژمار بکرێت. لە هەندێك کاتدا هەندێك بەش سمیناریان نەکردووە و تەنها ناوی یەکترییان نوسیوە و هەماهەنگیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە. ئەمانە و گەلێ بابەتی دەسکاریکردنی تری ئەم بوارە.

### ٢٦. فیدباك:

ئەم پرۆسەیە لەبری ئەوەی ببێتە مایەی ئەوەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا بە باشە بشکێتەوە، پێچەوانە بوەتەوە، نەبوونی هۆشیاریی خوێندکاران بۆتە مایەی ئەوەی لە کاتی هەڵسەنگاندندا ئەو مامۆستایانەی زیاتر بەلاوە پەسەند بێت، کە جددی نین، ئەمەش وای کردووە مامۆستا لەبەر حاڵی خۆی چاوپۆشی لە خوێندکاران بکات، بابەتەکە کەم بخوێنێت و ڕێژەی دەرچوون بەرز بکاتەوە و نمرەی زۆر ببەخشێتەوە، تا ڕای خوێندکارەکانی لەسەری باش بێت. جگە لەمە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لەکۆتایی ساڵدایە، بۆیە ئەگەر فیدباکی مامۆستایەکیش خراپ بێت هیچ ڕێوشوێنێك بەرامبەر ئەو مامۆستایە ناگیرێتەبەر تەنیا سەرقاڵکردنی خوێندکارانە.

### ٢٧. هەگبەی مامۆستا:

هەگبەی مامۆستا کۆکەرەوەی ئەو خاڵانەیە، کە مامۆستا لە ماوەی ساڵێکدا بە چالاکی زانستی و سمینار و توێژینەوە و چالاکی کارگێڕی کۆی دەکاتەوە و ئاستی مامۆستاکەی پێ دیاری دەکرێت، بەڵام لەوەشیاندا زۆر کات جیاوازی لە نێوان مامۆستایان دەکرێت، بە هۆی تەنسیقی نێوان سەرۆکی هەندێك بەش و ڕاگرایەتیەوە لە بەرامبەر مامۆستاکاندا، هەندێك مامۆستا بە میزاج دەخرێنە هەندێك لیژنەوە، تەنها لەپێناو ئەوەی خاڵی زیاتریان بۆ دابنرێت. هەندێك جار ئەم پرۆسەیە بۆ تەسفیەی حیساب لە نێو مامۆستاکاندا بەکاردێت و بەئەنقەست مامۆستایەك سزا دەدرێت واتە نمرەی کەمی بۆ دادەنرێت لە هەڵسەنگاندنەکەدا.

### ٢٨. وەك پێویست نەبوونی گەشتی زانستی بۆ ئەو بەشانەی پێویستیان پێی هەیە لە بواری پراکتیکدا:

گەشتی زانستی نەماوە یاخود زۆر کەم بووە، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو بەشانەی پێویستیان پێیەتی بۆیان نەکرێت و خوێندکارەکان تا خوێندنیش تەواو دەکەن، لە ڕووی پراکتیکیەوە ئاشنای بابەتەکانیان نەبن.

### ٢٩. کێشەی بڕوانامە و نازناوی مامۆستایان و وانەوتنەوە:

بەپێی مادەی (١٩) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ پێویستە مامۆستایانی پەیمانگەکانیش هاوتای مامۆستایانی کۆلیژەکان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بن و نازناوی زانستیان هەبێت، لە نوسراوێکیشدا بە ژمارە (٢٦١) لە ٢٠١٨/٢/٢١ وەزیری خوێندنی باڵا جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ مامۆستایەك نابێ وانە بڵێتەوە ئەگەر نازناوی زانستی نەبێت، بەڵام لە بڕیارێکی تردیدا وەزیری خوێندنی باڵا کە بە ژمارەی (١٩٤٠) لە ٢٠١٨/١٢/١٧ دەریکردووە تەواوی ئەو مادە یاساییەی پێشێلکردووەو ڕەزامەندی داوە کە هەموو ئەو مامۆستایانەی هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر و دبلۆمی باڵا و بەکالۆریۆس)ن و نازناوی زانستیشیان نیە، دەتوانن دەرس بڵێنەوە! ئەمەش پێشێلێکی بەرچاوی یاسایە.


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No:
Date:

ژمارەی نهێنی:
ڕێکەوت: / ٢٠١٨ ی زایینی

بۆ / سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ
بابەت / وانە ووتنەوە

سڵاو و ڕێز...

نووسراوتان ژمارە (١٠٤٨٠) لە ٢٠١٨/١٢/٦ تایبەت بە داواکاری و پێشنیارتان سەبارەت بە ووتنەوەی وانە لەلایەن بەشێک لە ستافی زانکۆکەتان کە هەڵگری بڕوانامەی (ماستەرو دبلۆمی باڵاو بەکالۆریۆس)ن وە نازناوی زانستیان نیە ، وەزارەتەکەمان ڕەزامەندی دا لەسەر ناوەڕۆکی نووسراوتان بۆ گشت زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەرجێک تەنها بۆ پەیمانگەکان وە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) واتا لەم ساڵی خوێندن.

لەگەڵ ڕێزدا...

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

No:
Date:

ژمارەی نهێنی: ٢٦١
ڕێکەوت: ٢١/ ٢ / ٢٠١٨ ی زایینی

بۆ/ سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ
بۆ/ سەرۆکایەتی گشت زانکۆ ئاییەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ
بۆ / گشت پەیمانگا ئاییەکان/ نووسینگەی بەڕێز ڕاگری پەیمانگا
بابەت/ پرۆسەی وانەوتنەوە

سڵاو و ڕێز...

پێتان ڕادەگەیەنین کەوا بە هیچ شێوەیەک نابێت مامۆستا بەبێ هەبوونی نازناوی زانستی (اللقب العلمي) وانەبڵێتەوە لە گشت زانکۆکانی حکومی و ئاییەت و پەیمانگا ئاییەکانی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بەو زانکۆیانە ئەنجام دەدرێت. بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست بە پێی ڕێنماییەکان.

لەگەڵ ڕێزدا...

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

### ٣٠. نەبوونی سەنتەری توێژینەوە لە کۆلیژ و پەیمانگەکاندا :

زۆرینـەی کۆلیـژەکان سـەنتەرێکی توێژینـەوەیان نیـە، بـەو مانایـەی کـە کـاری توێژینـەوە بکـات، لـە کاتێکـدا لـە زۆربەیان ژمارەیەکی زۆری مامۆستا هەیـە، کـە نیسـابی وانەوتنـەوەیان کەمـە و ڕێکنـەخراون، تـا توێژینـەوە بکـەن و بوارەکەیان بـۆ فەراهـەم نـەکراوە. تەنانـەت سـەنتەری توێژینـەوەی زانکۆکـانیش تـەنها بـە نـاو هـەن و کـاری ئیـداری دەکەن، نەك زانسی.

### ٣١. گرفتەکانی گفتوگۆی ماستەر و دکتۆرا :

لە گەڵێ کاتدا لە دانانی لیژنـەی گفتوگـۆ و هەڵسـەنگاندنی ماسـتەرنامە و تێـزی دکتۆراکانـدا لـە دانـانی ئەنـدامانی لیژنەکاندا بە میزاج و پەیوەندی شەخسی دادەنرێن، جیاکـاری لـە نێـوان خوێندکارەکانـدا کـراوە، ئـەو ئەندامانـەی لـە دوورەوە دێن لەسەر تێچووی خوێندکارەکە کرێی هاتوچـۆ و مانـەوەیان دەدرێـت و ئەمـەش هـەم بارگرانیەکـە لەسـەر خوێندکارەکە و هەم کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکانیش دەبێت. تەنانـەت هەنـدێك کـۆلێج ڕاسـتەوخۆ دوای گفتوگۆکـە پـارە لـە خوێندکارەکـە وەردەگرێـت و دەیدەنـە لیژنـەی گفتوگـۆ و سەرپەرشـتیارەکە بەبیانووی ئەوەی دواتر لەکاتی خەرج کردنی لەلایەن زانکۆوە پێتان دەدرێتەوە.

### ٣٢. گرفت و ڕۆتینیاتی هاوتاکردنی بڕوانامەکان :

ئەو مامۆستایانەی لە دەرەوەی وڵات خوێنـدنیان تـەواو کـردووە، گرفتـی هاوتـاکردنی بڕوانامـەکانیان بـۆ دروسـت دەکرێت و بە هۆی ئەو ڕۆتینیاتە زۆرەی بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت.

### ٣٣. کۆپیکردنی توێژینەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی لە لایەن هەندێك مامۆستاوە و چاوپۆشیکردن لێیان :

بە هۆی ئـەو فەوزایـەی هەیـە، هەڵپـەی هەنـدێك مامۆسـتا بـۆ بەرزکردنـەوەی پلـەی زانسـتییان و نزمـی ئاسـتیان، هەندێك مامۆستا کۆپیی توێژینەوەی نوسراو و ئامادەکراوی کەسانی تر بەکار دەهێنن و دووبارە بەناوی خۆیان بـڵاوی دەکەنەوە، کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر ناوبانگی مامۆستا و زانکۆکان هەیە.

### ٣٤. نەبوونی دەزگایەك بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێب و سەرچاوانەی پێویستن :

تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، هیچ سەنتەرێکی وەرگێڕان لە زانکۆکاندا نیە، کـاری وەرگێڕانـی ئـەو کتێـب و پرۆگـرام و سەرچاوە زانستیانە لەئەستۆ بگرێت، کە خوێندکاران پێویسـتیان پێـی دەبێـت، ئەمـە لـە کاتێکـدا لـە زۆرینـەی بەشـە مرۆییەکاندا خوێندن بە زمانی کوردییە، بێ ئەوەی سەرچاوەی پێویست بەو زمانەش لەبەردەستدا بێت.

لە هەمانکاتدا پێویستە سەنتەرێکی لەو شێوەیە هەبێت و ئەرکی وەرگێڕانـی توێژینـەوە باشـەکانی مامۆسـتایانیش لە ئەستۆ بگرێ، بۆ ئەوەی لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکان بڵاو بکرێنەوە.

### ٣٥. گرفتی پەروەردەی تایبەت:

بەشی پەروەردەی تایبەت گرنگیی زۆری هەیە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی گیرۆدە بەدەم ئەو نەخۆشیەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، سەربارى ئەوەی چەند بەشێك بۆ پەروەردەکردنی ئەو مامۆستایانە لە هەندێك زانکۆدا کراونەتەوە، بەڵام ژمارەیان کەمە و کادیری پێویست و پێداویستیەکانیان بۆ دابین نەکراوە و ئەو بەشە جێگەی بایەخی وەزارەتی خوێندنی باڵا نیە.

### ٣٦. خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان:

ژمارەیەك خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە زانکۆکاندا هەن، هەر لە نابیناوە تا دەگات بەوانەی بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە یا کار ناکات، بەڵام هەم بۆ نابیناکان پێداویستیەکان دابین نەکراوە و هەم بۆ ئەوانەی تریش بینا و شوێنی خوێندن و ئامراز و کادری پێویست نیە، ئەمەش بۆ ناوبانگی زانکۆکان خراپە، کە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان وەك مرۆڤی پلەدوو لێیان بڕوانرێت.

### ٣٧. نەبوونی پەیوەندی زانکۆکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە وەك پێویست:

زانکۆکانی کوردستان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و گونجاویان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نیە و وەك پێویست سودمەند نین لەو گۆڕانکارییە خێرایانەی دێنە کایەوە، ئەمەش وای کردووە بە دواکەوتوویی بمێننەوە.

### ٣٨. نەبوونی پەیوەندی زانکۆکان لەگەڵ یەکتریدا:

خودی زانکۆکان بەشە هاوشێوەکانیان پەیوەندییەکی ڕێکخراوی بەرنامە بۆداڕێژراوی سیستماتیکیان نیە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بەشێك لە زانکۆیەکدا ئاگاداری بەشی هاوشێوەی نەبێت لە زانکۆیەکی تردا، ئەو پەیوەندیانەی هەن، زیاتر شەخسین نەك سیستماتیك بن و هەموو مامۆستایان و خوێندکاران لێی بەهرەمەند بن.

### ٣٩. دابەزینی ئاستی خوێندن:

ئاستی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان دابەزینێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێك کە خوێندکار هەیە دوای دەرچونیشی تەنانەت ئیملای نوسینیشی تەواو نیە، چجای ئاستی زانستی، ئەوەندەی زانکۆکان لە خەمی دەسکەوتی مامۆستا و بەخشینەوەی بڕوانامە و زیادکردنی ژمارەکاندان، ئەوەندە بیر لە بەرزی ئاستی زانستی و کوالیتی ناکەنەوە.

### ٤٠. نزمی ئاستی زانکۆکانی کوردستان لە ڕیزبەندی جیهانیی زانکۆکاندا:

ئاستی زانستیی زانکۆکانی کوردستان بەراورد بە ئاستی زانکۆ جیهانیەکاندا زۆر لەدواوەیە، ئەگەر سەیرێکی ئەو ڕیزبەندیانە بکەین کە ساڵانە لەلایەن دەزگا باوەڕپێکراوەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، تێدەگەین زانکۆکانی کوردستان لە کوێن!

## ٤١. پشتگوێخستنی زمانی كوردی:

وەزارەتی خوێندنی باڵا نەك كاری پێویستی نەكرد بۆ پێشخستنی زمانی كوردی، بەڵكو لە بڕیارێكی ناپەسەندا زمانی كوردی پشتگوێخست و هەوڵی بێبایەخكردنی دا، ئەوە بوو بڕیارێكی دا، كە زمانی كوردی لە پۆلی دوانزەهەمی ئامادەییدا و لە كاتی وەرگرتن لە كۆلیژەكانی (پزیشكی و ئەندازیاری و زانست) ئارەزوومەندانە بێت. ئەم بڕیارەش سەرەتایەكی خراپە لە پەراوێزخستن و بێبایەخكردنی زمانی كوردی، چونكە:

یەكەم: ئەم بڕیارە نایاساییە، چونكە پێچەوانە و دژی چەند یاسا و بڕیارێكە، لەوانە:

1- پێچەوانەی مادەی (٤)ـی دەستوری كۆماری عێراقە، كە تیایدا زمانی كوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی وەك دوو زمانی فەرمی ناسێنراون.

2- پێچەوانەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستانە.

3- پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ـی زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

4- پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای ژمارە (٧)ـی ساڵی ٢٠١٤ـی زمانە فەرمییەكان، كە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسند كراوە.

5- پێچەوانەی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ ئەكادیمیای كوردییە، كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە.

دووەم: بڕیارێكی ناپەروەردەییە، چونكە لە كاتێكدا دەركراوە، كە كۆتایی ساڵە و سەری لە خوێندكاران و قوتابیان شێواندوە.

سێیەم: بڕیارێكی نائیدارییە، چونكە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی پەروەردەشەوە، بەڵام تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵا دەریكردووە.

چوارەم: بڕیارێكی نانەتەوەییە، چونكە بەرژەوەندی باڵای زمانی نەتەوەیەك دەكاتە قوربانیی بەرژەوەندیی تایبەتی چەند كەسێك و زمانی كوردی بێبایەخ كردووە. زمانی كوردی وەك زمانی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەكان لە خەم نەڕەخسیوە و تا ئێستاش لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیدایە، چونكە زمانێكی ستانداردمان نییە و پێویستی بە گرنگیدانی زیاترە.

پێنجەم: ئەم بڕیارە وێكدێتەوە لەگەڵ ئەو بڕیارانەی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو، كە سەبارەت بە زمانی كوردی لە ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٨٩ دەریكرد و هەمان ناوەڕۆكی هەیە.

شەشەم: ئەم بڕیارە دەبێتە مایەی پەراوێزخستنی زمانی كوردی لەم چەند خاڵەدا:

١- بێبەهاكردنی زمانی كوردییە لە سەرجەم ناوەندەكانی خوێندن، هەر لە قۆناغی باخچەی منداڵان و سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تا دەگاتە زانكۆ و پەیمانگاكان، چونكە ئیتر زمان و ئەدەبی كوردی لای خوێندكاران و قوتابییانی كورد هیچ ڕۆڵ و گرنگییەكی خۆی نابێت لە پرۆسەی خوێندن و فێركردندا، تەنها بۆ دەرچوونە و بەهای زانستی نامێنێت.

٢- دەبێتە مایەی پەراوێزخستنی دەرچووان و فێرخوازانی بەشی زمانی كوردی لە زانكۆكاندا.

٣- دەبێتە مایەی پەراوێزخستنی بەشەكانی زمانی كوردی لە زانكۆكاندا، كە لەمەودوا لە قوتابییان و خوێندكاران دەكات وەك پێویست ڕووی تێنەكەن.

٤- دەبێتە مایەی ئەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی كوردیش وەك وانەكانی (هونەر و وەرزش) پەراوێز بخرێن، هەروەك پەراوێز خراون.


بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة التربية

المديرية العامة للدراسات الكردية

العدد / ع ٢٣٨
التاريخ / ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٨

الى / المديريات العامة للتربية في المحافظات كافة / عدا اقليم كردستان
م / اعمام

تحية طيبة ..
الحاقاً بأعمامنا ذي العدد ك ٢١٨٠ في ٢٠١٨/٩/٢٤ .
ان الغرض من اعمامنا اعلاه هو تعليم ابنائنا الطلبة اللغة الكردية وزرع روح الاخوة والمحبة بين فسيفساء الشعب العراقي على ان تعامل مادة اللغة الكردية كغيرها من المواد من حيث الرسوب والنجاح وايلاء تدريس هذه اللغة الاهمية كونها اللغة الرسمية الثانية في البلاد حسب ما جاء في الدستور العراقي .
للتفضل بالعلم والعمل به .. مع التقدير

سناء كرمياني
المدير العام
٢٠١٨/١٢/٢٦

نوسراوی عیراق سەبارەت بەگرنگیدان بە زمانی کوردی


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارەی نهێنی: ٤٦٠
ڕێکەوت: ٢٩ / ٣ / ٢٠١٧ ی زایینی
/ / ٢٧١٧ ی کوردی

No:
Date:

نهێنی دەرکردە

فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٧) ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وە بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە

**بڕیارماندا:**

١- لەمەودوا دەرچوانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشەکانی ( **کۆمەڵەی پزیشکی، ئەندازیاری، زانست**) دەتوانن تەنها نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان ( **فیزیا، کیمیا، بیرکاری، زیندەوەر زانی، زمانی ئینگلیزی**) ئەژمار بکەن، ئەژمارکردنی نمرەی وانەکانی تر ئارەزمەندانە دەبێت بە مەرجێک پێشکەشکار لەسەرجەم وانەکان دەرچوو بێت.

٢- ئەم بڕیارە لە پرۆسەی وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی ئەم ساڵی خوێندن **(٢٠١٧ - ٢٠١٨)** جێبەجێ دەکرێت.

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: 066 2296768
www.mhe-krg.org
E-mail: minister.office@mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوك، شەقامی هادی چاوشلی
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨

نوسراوی وەزارەتی خوێندنی بالا ی کوردستان سەبارەت بۆ پشتگوێخستنی زمانی کوردی



## ٤٢. بڕوانامەی ساختە:

یەکێك لە گرفتەکانی خوێندنی باڵا بوونی بڕوانامەی ساختەیە، هەر مامۆستایەك بۆ ئەوەی لە زانکۆ وانە بڵێتەوە، دەبێت چەندان فلتەر ببڕێت. جگە لە چاوپێکەوتنی زانکۆی داخواز، زانکۆکە لە بەشی دڵنیایی جۆری خۆی، چێك بۆ بڕوانامەی مامۆستاکە دەکات و دوای هەڵسەنگاندنی لە وانەگوتنەوەی، پشتگیری بۆ وەزارەت بەرز دەکاتەوە تا نازناوی زانستی پێ بدرێت. وەزارەتی خوێندنی باڵاش، هەر بەوە وازناهێنێت و خۆشی بەدواداچوون بۆ بڕوانامەکان دەکاتەوە. کەچی سەرباری ئەوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی تازەی وەزارەت، دەرکەوتووە مامۆستا هەن بە بڕوانامەی ساختە لە زانکۆکان وانە دەڵێنەوە، بۆ نمونە بە پێی نوسراوی ١٨٣٨٥ی خوێندنی باڵا لە ٢٠١٦/١٢/٥، بابەت توانستی زمان/نێردراو بۆ یەکێك لە زانکۆکان، ناوی سێ مامۆستا هاتووە، کە زیاتر لە دوو ساڵە لەو زانکۆیە وانە دەڵێنەوە، بە هۆی بڕوانامەی ساختەی "ئایلتس"ی زمانی ئینگلیزییان بڕیاری دەرکردنیان دراوە. هەر وانە گوتنەوە نا، تەنانەت یەکێك لەوان بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆکە بووە، کە ئەو بەرپرس بووە لە دڵنیایی ڕاستی و دروستی بڕوانامەی مامۆستاکان و هەڵسەنگاندنی بۆ وانەگوتنەوەکانیان کردووە. لە کاتێکدا بە پێی نوسراوەکەی وەزارەت، خۆی بڕوانامەکەی ساختە بووە.

بەپێی ڕێنمایی ئەگەر خوێندکارێك لەوانەیەکدا فێڵ بکات بۆ یەك ساڵ فەسڵ دەکرێت، کەچی وەزارەت ئەو هەموو بڕوانامە ساختەیەی ئاشکراکردووەو سزای پێویستی کارگێڕی بەرامبەر ئەو مامۆستایانە نەگرتۆتەبەر بەشێکیان لەکاری مامۆستایەتی بەردەوامن!

بەشێك لەو بڕوانامە ساختانە لە بەغدا و میسر دروست دەکرێن. پەنا بردنەبەر ساختەکردنی بڕوانامەی "ئایلتس و تۆفڵ و هاوشێوەکانی"، دوای ڕیفۆرمی خوێندنی باڵا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستان دێت، کە لە ٢٠١٥/٩/١ـەوە ڕێنوێنی پێدانی نازناوی زانستی دەرکردووە و دەبێت مامۆستایانی زانکۆ توانستی زمانێکی جیهانی هەبێت. بەپێی ڕێنوێنییەکە لە تاقیکردنەوەی ئایلتس تایبەت بە زمانی ئینگلیزی پێنج نمرە لە کۆی نۆ نمرە دانراوە، ئەوە لەکاتێکدایە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو نمرەیە لە سەرووی شەشە.

لەم بارەیەوە وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە ڕاگەیەنراوێکدا نوسیویەتی "دوای بەدواداچونێکی ورد و ئەنجامدانی ڕاست و دروستی (صحە صدور) بۆ بڕوانامەی تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ((PEARSON-PTE، IELTS، TOEFL-PBT،TOEFL-iBT ، کە لە ناوەڕاست و باشوری ئێراق و ناوەوەی هەرێمی کوردستان لەلایەن پێشکەشکاران بەدەست هێنراون، بۆ وەرگرتن لە خوێندنی باڵا/ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)". ئاشکرای کردوە" دوای بەدواداچوون دەرکەوتوە دەیان لەو بڕوانامانەی توانستی زمانی ئینگلیزی بە شێوەی ساختە بەدەستهێنراون و پێشکەش بە وەزارەت و ژمارەیەك لە زانکۆکان کراون". گوتوشیەتی:" ئێستا کاروبارەکانی ئەم پرۆسەیە کۆتایی پێهاتوە و لە ماوەیەکی نزیك کاری پێویست ئەنجام دەدرێت". دەشڵێت: چارەنوسی ئەو کاندید و خوێندکار و قوتابیانەی خوێندنی باڵا کە بەڵگەی ساختەی زمانیان پێشکەش کردوە، بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، کە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاوکراونەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، کە بریتیە لە سڕینەوەی ناوی لە

خوێندن و بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر". وە لە هەندێك زانکۆ تا ئێستاش بڕوانامەی ساختەی زمانی ئینگلیزی هەیە بەڵام چاوپۆشی لێ دەکرێت.

## ٤٣. بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە ساختەکاندا:

هەندێك لە مامۆستایانی زانکۆ بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانیان پەنایان بۆ گۆڤارە ساختەکان بردوە و توێژینەوەکانیان تیادا بڵاو کردۆتەوە، ئەو توێژینەوانە ڕۆڵیان هەبووە لە بەرزکردنەوەی پلە و نازناوی زانستیی مامۆستایانی زانکۆدا، بە جۆرێك مامۆستای واهەیە سێ پلەی زانستی بەو هۆیەوە بڕیوە. باندێکی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی گۆڤارە ساختەکانیانەوە زانکۆکانی کوردستانیان کردۆتە ئامانج و بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانیان دەیان مامۆستا لە زانکۆکانی کوردستان پەنایان بردۆتە بەر ئەو گۆڤارە ساختانە. گۆڤارە ساختەکان یەکێکن لە جۆرەکانی ئەو باندە نێودەوڵەتیانەی لە بواری توێژینەوە زانستیەکاندا کاردەکەن و واخۆیان دەناسێنن، کە دەزگای توێژینەوە و پەبڵیشەری زانستین، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها دەزگایەکی وەهمیی سەر ئینتەرنێتن، کە ئامانجیان بزنس و کۆکردنەوەی پارەیە. لەم ساڵانەی دواییدا ئەم جۆرە گۆڤارانە لە جیهاندا ڕوو لە زیادبونن و بەشێکی زۆریشیان ناوەندە زانستیەکانی وڵاتە دواکەوتوەکانیان کردۆتە ئامانج، چونکە مامۆستایان و توێژەرانی ئەم وڵاتانە بە ئاسانی دەبنە نێچیری ئەم باندانە. بە پێی داتاکانی بەردەستی دیپلۆماتیك، چالاکیی ئەم گۆڤارە ساختانە لە زانکۆکانی کوردستاندا لە ئاستێکی مەترسیداردایە. بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بە جۆرێکە لەو توێژینەوانەی ساڵی ٢٠١٦ لە لایەن مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستانەوە لە گۆڤارە نێودەوڵەتیەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ٢٥٪ یان لەو گۆڤارە ساختەکاندا بووە.

چەند توێژەرێکی گەنج سەنتەری (بایۆساینس) بەڕێوەدەبەن، کە سەنتەرێکی ئەکادیمی سەربەخۆیە تایبەت بە توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی فیزیا، کیمیا، بایەلۆجی و پزیشکی و کۆمپیوتەر. توێژەرانی ئەم سەنتەرە لەپاڵ کارە سەرەکیەکەیاندا، کە هاندان و یارمەتیدانی مامۆستایانە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە جۆرناڵێکی باوەڕپێکراودا. کاردەکەن لەسەر چێککردن و هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوانەی لەلایەن مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان ئەنجام دراون لە جۆرناڵە جیهانی و لۆکاڵیەکان. ئەوەی توێژەرە گەنجەکانی سەنتەری (بایۆساینس) چاوەڕێیان نەدەکرد ئەوەبوو لە کاتی کارەکەیاندا بەر ئەنجامێکی "مەترسیدار" و "شۆکئامێزی" لەو جۆرە بکەون.

سەنتەری بایۆساینس دەڵێت: بە پێی توێژینەوەکانیان دەرکەوت لە بواری زانستە سروشتیەکاندا ٢٧٪ توێژینەوەکانی زانکۆی سلێمانی و ٣١٪ی توێژینەوەکانی زانکۆی کۆیە و ١٩٪ی توێژینەوەکانی زانکۆی چەرموو لە گۆڤارە ساختەکاندا بڵاوکراونەتەوە. ژمارەکان تۆقێنەرن، پەردە لەسەر سکاندالێکی گەورەی زانستی هەڵدەدەنەوە، کە لە ماوەی ڕابردودا زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە کە زۆرینەی ئەو توێژینەوانە ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٧ بوون.

ئـەوەی کـە سەرنجڕاکێشـە لـەناو زانکۆکـانی کوردسـتاندا بەشـی کیمیـا زۆرتـرین توێژینـەوەیان لـە بڵاوکـراوە ساختەکاندا بڵاوکردۆتـەوە. بـە جۆرێك بـە پێـی داتاکـانی سـەنتەری بـایۆ سـاینس ٦٨٪ـی توێژینـەوەکانی بەشـی کۆمپیوتەر لە زانکۆی سلێمانی و ٤٨٪ـی توێژینەوەکانی بەشی کۆمپیوتـەر لـە زانکـۆی چـەرموو لـە گۆڤـاری سـاختەدا بڵاوکراونەتەوە.

فەهمی حوسێن کاکە، ئەندامی بۆردی بەڕێوەبردنی سەنتەری بایۆساینس نایشـارێتەوە، کـە بـونی ژمارەیـەکی زۆر لـە توێژینـەوەی سـاختە لـە زانکۆکـانی کوردسـتاندا ئامـاژەی ئەوەیـە، کـە ئـەم بانـدە بـە فراوانـی لـە کوردسـتاندا بڵاوبونەتەوە. گومان دەکرێت ئەو تۆڕە نێودەوڵەتیەی کە لەپشتی ئـەم کـارەوەن، هاوکـار و هاودەسـتیان هـەبێت لـە کوردستان. بە بەڵگەی ئەوەی ژمارەیەك لـە مامۆسـتایانی زانکۆکـانی کوردسـتان ناویـان لـە دەسـتەی نوسـەرانی ئـەو جۆرە گۆڤارانەدا هەیە و کارئاسانییان بۆ دەکەن و هانی مامۆستایان دەدەن بـۆ بڵاوکردنـەوەی توێژینـەوەکانیان لـەو جۆرە گۆڤارانەدا. بە بڕوای "فەهمی" دیاردەکە لە ئاستێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ بـە هـۆی ئـەم جۆرناڵە ساختانەوە نازناوی زانستییان وەرگرتوە بە جۆرێك کەسـی وا هەیـە بـە هـۆی ئـەم جۆرناڵـە سـاختانەوە سـێ نازناوی زانستی گۆڕیوە، لە مامۆستای یاریدەدەرەوە بۆتە مامۆستا و لە مامۆستاشەوە بۆتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

### ٤٤. کردنی کۆلیژی یاسا بە پێنج ساڵ:

ئەمسـاڵی خوێنـدنی ٢٠١٨–٢٠١٩ چـوار ساڵە گۆڕانکـاری لـە سیسـتەمی خوێنـدنی بەشـەکانی یاسـا لـە هـەرێمی کوردستان چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەوڵ دەدەین لە چەند تەوەرێکدا جۆری گۆڕانکارییـەکان، لیژنـەی بڕیـاردەر لە گۆڕانکارییەکان، لایەنی باشی و خراپی ئەو گۆڕانکارییانە ڕون بکەینەوە:

**یەکەم**: لیژنەی باڵای دانانی پرۆگرام و پلانـی سیسـتەمی پێـنج سـاڵی خوێنـدنی یاسا: ئـەم لیژنەیـە بـە فـەرمانی وەزارەت لــە ســەرۆك بەشــەکانی یاســا لــە زانکــۆ حکومییــەکان لەگــەڵ نوێنــەری وەزارەت پێکهــاتووە، بڕیــاری گۆڕانکارییەکان لە سیستەمی خوێندنی یاسا لە زانکۆکانی هـەرێمی کوردسـتان دەدەن، بـەڵام ئایـا ئـەم گۆڕانکارییانـە تەنها لیژنەیەك بە بێ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی تایبەت، دیراسەکردنێکی زانستییانە دەتوانێت سەرکەوتو بێت؟

**دووەم** : لە ڕووی بابەتەکانی کە دەخوێندرێن: ئەو بابەتانەی کە دەخوێنرێن، هـەمان بابەتـەکانی سیسـتەمی چـوار ساڵییەکەیە، تـەنها گۆڕانکـاری لـە قۆنـاغـەکان کـراوە، یـان بابەتـەکان دەمـج کـراون، یـاخود کاتـژمێری هەفتانـەیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە:

١-لە سیستەمی چوار ساڵییەکەدا وانەی (القانون الدستوري) کە پێکهاتبوو لە هـەردوو بابـەتی (نظریـة الدسـتور) و (نظریة الدولة) بە (٣) کاتژمێری هەفتانە لە قۆناغی یەك دەخوێندرا، بابـەتی (الـنظم السیاسـیة) کـە بـە (٢) کاتـژمێری هەفتانە لە قۆناغی دوو دەخوێندرا. لە ئێستادا تەنها (نظریة الدستور) (٢) کاتـژمێر لـە هەفتەیەکـدا، (نظریـة الدولـة) و (النظم السیاسیة) بە یەکەوە (٢) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا دەخوێندرێت. چـەندین وانـەی دیکـەش دەمـج و جێگۆڕکێیـان پێکراوە، وەك (الشریعة الاسلامیة) و (أصول الفقه الاسلامي) کە جاران بابەتی یەکەمیان بە (٢) کاتـژمێری هەفتانـە لـە لە قۆناغی یەك دەخوێندرا، بابەتی دووەمیشیان بە (٢) کاتژمێری هەفتانە لە قۆناغی چواردا دەخوێنـدرا، لـە ئێسـتادا

هەردوو بابەتەکە بەیەکەوە بە ناوی (أصول الفقە الاسلامي وقواعدە) بە (٣) کاتژمێری هەفتانە لە قۆناغی دوو دەخوێندرێت. چەندین بابەتی دیکەش گۆڕانکارییان بەم شێوەیە بەسەردا هاتوە.

٢-(القانون المدنی) بە هەردوو بەشەکەیەوە (مصادر الالتزام) و (أحکام الالتزام) بە چوار کاتژمێری هەفتانە لە قۆناغی دوو دەخوێندرا، ئێستا (مصادر الالتزام) لە قۆناغی دوو (٣) کاتژمێری هەفتانە، (أحکام الالتزام) بە (٣) کاتژمێری هەفتانە دەخوێندرێت. هەروەها بابەتی (القانون الاداري) بە هەمان شێوە جاران بە (٣) کاتژمێری هەفتانە لە قۆناغی دوو دەخوێندرا، لە ئێستادا دابەش کراوەتە سەر قۆناغی دوو و سێ بە (٥) کاتژمێری هەفتانە.

٣-هەندێك بابەتی دیکە هیچ گۆرانکارییەکیان بەسەر دا نەهاتوە، وەك (القانون الجنائي، القانون الدولي الخاص، مدخل لدراسة القانون، القانون العمل).

٤ -هەندێك بابەتی دیکە تەنها گۆڕانکاری بەسەر ناوی بابەتەکەدا هاتوە، وەك (التشريعات الماليە) بووە بە (التشريعات الضريبية).

٥ -چەند بابەتێك زیاد کراوە، کە پێشتر نەدەخوێنران وەك (اللغە العربيە)، یاخود پێشتر بەشێك بون لە بابەتی دیکە، وەك (القانون الدولی الانسانی) پێشتر بەشێك بو لە بابەتی (القانون الدولی العام).

**سێیەم**:لە رووی کتێبی مەنهەجی: دانانی کتێبی مەنهەجی بۆ بەشەکانی یاسا لە هەموو زانکۆکان پێویستی بە لێژنەیەکی تایبەتمەندی زانستی خاوەن ئەزمون و پلەی بەرزی زانستی، هەروەها لیژنەیەك بۆ پێداچونەوەی کتێبە بڕیار لێدراوەکان هەیە، بەلاّم لەم گۆڕانکارییەدا چەند ئەندامێکی لیژنەکە کتێبەکانی خۆیان کردۆتە مەنهەجی خوێندن، بێ ئەوەی لیژنەیەك هەبێت کتێبەکانییان هەڵسەنگێنیت، تەنانەت بابەتی وا هەیە مامۆستای ڕاسپێردراو بۆ دانانی کتێبی مەنهەجی بەش بەش بابەتەکە بۆ مامۆستایانی بەشەکانی یاسا دەنێرێت، بۆ ئەوەی بخوێندرێت. (ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هیچ پێداچونەوەیەکی زانستی، تەنانەت زمانەوانیش بۆ بابەتەکان ناکرێت و دەرخواردی خوێندکارانی یاسا دەدرێت).

**چوارەم**: لە رووی سالّی خوێندنەوە: لیژنەی ناوبراو بڕیاری زیادکردنی سالّیکی خوێندنی لە سەرجەم بەشەکانی خوێندن دا، لە کاتێکدا لە ولاّتیکی وەك بەریتانیا بەکالۆریۆس لە یاسادا ئەگەر (part time) بێت چوار سالّە، ئەگەرنا ٢-٣ سالّە. لە فەڕەنسا خوێندکار لە (٣) سالّدا لیسانس (بەکالریۆس) لە یاسا وەردەگرێت، لە میسر و لوبنان و ولاّتانی دەوروبەر چوار سالّە، تەنانەت لە عێراق لەگەلّ دامەزراندنی یەکەم کۆلێجی یاسا بە ناوی (کلیە الحقوق) لە بەغداد لە سالّی ١٩٠٨ تا سالاّنی چلەکانی سەدەی ڕابردوو خوێندنی بەکالۆریۆسی یاسا (٣) سالّ بوو.

نازانرێت لەسەر چ بنەمایەك و بەسوود وەرگرتن لە سیستەمی خوێندنی چ ولاّتێك بڕیاری (٥) سالّی خوێندن بۆ بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی کوردستان درا، لە کاتێکدا سالّێك درەنگتر تەواوکردنی خوێندن بە واتای سالّێك ڕۆیشتنی تەمەنی گەنجی و وزە و توانای خوێندکار، سالّێك تێچوی زیاتر لەسەر کەسوکاری خوێندکار و بارگرانی زیاتر بۆ حکومەت، دوای تەواوکردنی خوێندنیش (ئەگەر دامەزراندن هەبێت) حکومەت دەبێت لە پلەی وەزیفی بەرزتر دەرچوانی یاسای پێنج سالّە دایبمەزرێنێ، ئەمەش بارگرانییەکی دیکەیە بۆ حکومەت. مەگەر تەنها زانکۆ ئەهلییەکان سودمەندبن بە وەرگرتنی پارەی سالّێکی زیاتری خوێندن .

**پێنجەم**: لە ڕووی سیستەمی تاقیکردنەوە و نمرەی دەرچون: لە سیستەمی پێنج ساڵەی خوێندندا دەرچون لە ٦٠٪، لە کاتێکدا پێشتر دەرچون ٥٠٪ بوو. هەروەها لەم سیستەمەدا هەر قۆناغە و دوو بابەت دیاری دەکرێت، کە پێویستە تاقیکردنەوەکانی تێدا بە مەرکەزی بکرێ، واتە لەو دوو بابەتە یەك پرسیار بۆ سەرجەم بەشەکانی یاسا دادەنرێت و لیژنەیەکیش لە هەر پارێزگایەك دەفتەرەکانی ئەو دوو تاقیکردنەوەیە ڕاست و هەڵە دەکەن و نمرەیان بۆ دادەنێن. کەچی لیژنەی باڵا لەو بابەتانەی تاقیکردنەوەیان مەرکەزییە، بڕیار دەدات چ شتێك داخل بێت بۆ تاقیکردنەوەکە یاخود چ شتێك تەرك بکرێت.

کەواتە لەم خاڵانەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو بابەتانەی دەخوێندرێن، هەمان بابەتەکانی سیستەمە کۆنەکەیە، ئەگەر گۆڕانکارییەکیش کرابێت، دەکرا لە سیستەمی چوار ساڵی جێگەی کرابایەوە. وە ئەم جۆرە گۆڕانکاریانەش پێویستیان بەوەیە کە بە کۆنفرانس ئەنجام بدرایە، نەك هەر بە بڕیارێکی سەرپێیی.

### ٤٥. گرفتی مەشقی هاوینەی خوێندکاران (تدریب صیفی):

مەشقی هاوینەی خوێندکاران لەو بەشانەی کە پێویستە بۆ ماوەی مانگێك ڕاهێنان بکەن لە فەرمانگەیەك، بێ بایەخ کراوە هیچ چاودێرییەکی ئەوتۆی وەزارەت و زانکۆکان بەسەر ئەم مەشق و ڕاهێنانەوە نین و تەنها بۆ کات کوشتنە و خوێندکارەکانیش سوود لەو مەشقە وەرناگرن چونکە بەبێ دەوام کردن و ڕاهێنان پشتگیرییان پێدەدرێت لەو فەرمانگایانەی کە دەچنە ئەوێ بۆ ڕاهێنان.

### ٤٦. پشتگوێ خستنی لیژنەی زانستی بەش و کۆلیژەکان:

بەشێکی زۆری لیژنە زانستیەکان تەنها بەناو هەن و لەڕاستیدا پشتگوێ خراون، لەبەشەکاندا میزاجی سەرۆکی بەش و لە کۆلیژەکانیشدا ڕاگر ڕۆل دەبینن لەسەر دانانی ستافی وانەوتنەوەو دەستنیشانکردنی سەرپەرشتیاری نامەو تێزەکان و دانانی لیژنەی گفتوگۆی ماستەر و دکتۆراکان نەك پێوەری زانستی و پسپۆریی پێویست، واتە لەگەڵێ بەش و کۆلیژدا لیژنەکان هەر بەناو هەن و پشتگوێخراون.

### ٤٧. دەسکاری کردنی بۆرد و نمرەی خوێندکاران:

حاڵەت هەبووە کە دەسکاری نمرەی خوێندکاران کراوە، بۆیان زیادکراوە یا کەمکراوەتەوە، یا ئەوانەی دەسکاریان کردووە بە ئارەزووی خۆیان دایانناوە. بۆ نمونە کەیسێکی لەو جۆرە لە زانکۆی هەڵبجە هەیە کە لە ڕاگەیاندنەکانیش بە بەڵگەوە خرانە ڕوو و مامۆستاکان و خوێندکارانیش لەم بابەتەوە ڕایانگەیاند کە بەڵگەکانیان لەبەردەستە. لەکاتێکدا دەبوایە ئەوانەی ئەم کارە نایاساییەیان کردووە سزا بدرێن و بدرێن بەدادگا. بەلام سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە هیچ ڕاگەیەنراوێکی ڕەسمی لەم بارەیەوە ڕانەگەیاندووە.

# پێنجەم: تەوەری ئیداری و پەیکەری کارگێڕی

## ١. سەربەخۆیی زانکۆکان:

زانکۆکانی کوردستان سەربەخۆ نین، لە ڕووی کارگێڕییەوە بۆ هەموو شتێك دەبێ بۆ وەزارەت بگەڕێنەوە، لە ڕووی داراییەوە دەسەڵاتێکیان نیە، لە ڕووی زانستیەوە پاشکۆن، لە ڕووی حیزبییەوە دەستتێخستنی زۆر هەیە و حیزب دەستی خستۆتە بیناقاقایانەوە و هەموو پۆستێك دەبێ بە فلتەری حیزبدا بڕوات، هەڵسەنگاندن نیە بۆ ئەو کەسانەی پۆستی کارگێڕییان هەیە، ئەوانەی زانکۆکان بەڕێوەدەبەن ئەوەندەی لە خەمی ئەوەدان سەروی خۆیان کە وەزارەت و وەزیرە لێیان ڕازی بێت، بیر لە خوارەوە ناکەنەوە و هەڵسەنگاندنی خوارەوە پێوەر نیە بۆ ئەدای کارکردنیان، دیارە ڕەزامەندی وەزیریش ئەوەندی وەلائی حیزبی و شەخسیە پێوەری تر لەبەر چاو ناگیرێت.

وەزارەت بە ئامانجی سەربەخۆبوونی زانکۆ حکومیەکان لە ڕوی داراییەوە و کردنی زانکۆکان لە زانکۆی بەکاربەرەوە بۆ زانکۆی بەرهەمهێن، سیستەمی خوێندنی ئێوارانی لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکان داهێنا و چەندین هەزار خوێندکار هەنوکە لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە شێوازی ئێواران درێژە بە خوێندن دەدەن، داهاتی زانکۆکانیش بە جۆرێك بوو کە لە ٧٠٪ بۆ زانکۆکان و لە ٧٪ بۆ وەزارەت و ٢٣٪ بۆ وەزراەتی دارایی بوو، ئەم سیستەمە وای کرد زانکۆکان ببنە خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار، کە بەشی پێداویستەیەکانی خۆیانی دەکرد، بەڵام ئەم داهاتە لە لایەن هەندێك لە سەرۆکی زانکۆکانەوە تەخشان و پەخشان کرا و بێ ئەوەی یەك لیژنە و یەك چاودێری دارایی لێیان بپرسێتەوە، دەبوایە وەزارەت ڕێنمایی وردی (یەکگرتوو) دەربکات بۆ چۆنیەتی خەرج کردنی ئەم پارانە لە خوێندنی ئێواران، چونکە بەشێوازێکی ناڕێك مامەڵەی لەگەڵدا کرا، کەچی تا ئێستاش وەزارەت خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە نەداوە و (زانکۆکان هەموویان وەك یەك داهاتیان زۆر نیە) بۆیە بەناڕێکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و کراوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جارێکی تر وەزیر ئەم سیستەمەشی هەڵوەشاندەوە و بۆ ئەمساڵی خوێندن کار بەم بڕیارە ناکرێت و خوێندنی ئێواران لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکان بە تەواوی داخرا (هەندێك زانکۆی لێ بەدەرکرا لەبەر نەبوونی زانکۆ یاخود کۆلێجی تایبەت لەو شارەدا)، لە کاتێکدا چارەنوسی سەدان خوێندکار بەم بڕیارە نادیارە، چونکە چەندین خوێندکار لە قۆناغی یەکەمی سەرجەم بەشە زانستیەکان کەوتون یاخود عبورن یاخود پارەیان داوە و خوێندنیان لە ساڵی یەکەمدا دواخستووە، کەچی کەس نازانێت چارەنوسیان بە کوێ دەگات، ئەمە جگە لەوەی ئەو بەشەی تری داهاتەکەش، کە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت ناعەدالەتی هەیە لە دابەشکردنەوەی لەلایەن خودی وەزیرەوە.

## ٢. نەبوونی سەلاحیات و دەسەلات لە خوارەوەی وەزارەت لای سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکان:

زۆرینەی دەسەلاتەکان لەسەرەوەو لە وەزارەتە، سەرۆکی بەش و راگرەکان و تا ئاستێك سەرۆکی زانکۆکانیش دەسەلاتێکی ئەوتۆیان بۆ شۆڕنەکراوەتەوە خوارەوە، جا چ لەڕووی داراییەوە بێت یاخود لەڕووی کارگێڕییەوە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی ئیشوکارەکان زۆر بەسستی بەڕێوە بچن و لەگەلێ کاتدا بابەتێك کە پێویستی بەبڕیارە چەندان مانگ دوادەکەوێت چونکە دەسەلات لای وەزارەتە. تەنانەت بەپێ ی یاسا یاخود ڕێنمایی دەسەلات دیاری

نەکراوە بۆ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆکان مەگەر سەرۆکی زانکۆ ئەگەر خۆی بیەوێت دەسەڵاتیان بۆ دابەزێنێت ئەویش بەشێوەیەك ئەو دەسەڵاتە دادەبەزێنێت کە ڕەمزی بێت.

### ٣. نەگونجاویی پەیکەری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان و زانکۆکان:

زانکۆ حکومیەکان لەپەیکەری کارگێڕییاندا وەك یەك نین، بۆ نمونە بەشێك لە زانکۆکاندا یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆیا بۆ کاروباری خوێندکاران هەیەو بەشێکیان نیانە، بەشێکیان سیستەمی فەکەلتی و سکول تیایاندا پەیرەو دەکرێت و بەشێکی تریان کۆلێژ.

### ٤. گرفتی پڕنەکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکان:

زۆرینەی پۆستەکانی زانکۆکان بەوەکالەت بەڕێوەدەبرێن، بە فەرمی کەسەکان دانانرێن و دانەنراون، هەرچەندە چەند جارێك بانگەشەکراوە بۆ پێشکەشکردنی سیڤی بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە بەتاڵانەو چاوپێکەوتنیش لەگەل لیژنەی راسپێردراوەوە کراوە لەگەڵ ئەو کەسانەی خوازیاربوون ئەو پۆستانە بگرنە ئەستۆ، بۆ نمونە: پۆستی دوو راوێژکار لە وەزارەت، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی لە زانکۆی سلێمانی، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی لە زانکۆی گەرمیان، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی چەرموو، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی گەرمیان، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی هەڵەبجە، راگری دەیان کۆلێژ و پەیمانگە و چەندان پۆستی تر کە سالانێکە بەتاڵن.

### ٥. زانکۆی بە وەکالەت:

یەکێ لە دیاردە سەرسوڕهێنەرەکان لە زانکۆکاندا ئەوەیە کە زۆرینەی پۆستە باڵاکانیان بە وەکالەت بەڕێوە دەبردرێن،کە ئەمەش دیاردەیەکی نایاسایی و گوماناوییە، هۆکارەکەیشی بۆ بێ بڕیاریی وەزیری خوێندنی باڵاو دەست تێوەردانی حزبی و میزاجی شەخسی دەگەڕێتەوە، کە بەڕێوەبردنی ئەو هەموو پۆستەش بە وەکالەت دەبێتە مایەی لاوازی پرۆسەی بەڕێوەبردن لەزانکۆکاندا، ئەگەر سەیرێکی لیستی ئەنجومەنی زانکۆکان بکەین ئەو راستیە تاڵەمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

ئەگەر بڕوانینە لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی، دەبینین لە (٢٥) ئەندام (٢٤)یـان بەوەکالـەتن و ئەوی تریان نوێنەری مامۆستایانە، وە چەندینیان ماوەکانیان کۆتایی هاتووە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست و شێوازی فەرمانەکەی | پلە |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.رضا حسن حسين | سەرۆکی زانکۆ بە وەکالەت | سەرۆک |
| ٢ | پ.ی.د.رضا حسن حسين | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی بە وەکالەت | ئەندام |
| ٣ | پ.د.کاوە عبداللە محمد امين | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا بە وەکالەت | ئەندام |
| ٤ | پ.ی.د.ئاراس فريق زينل | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران بە وەکالەت | ئەندام |
| ٥ | پ.ی.د.کۆسار محمد علي مراد | ڕاگری کۆلێجی پزیشکی بە وەکالەت | ئەندام |
| ٦ | پ.ی.د.فەرەيدون عبدالستار محمد | ڕاگری کۆلێجی پزیشکی ڤێتەرنەری بە وەکالەت | ئەندام |
| ٧ | پ.ی.د.سيروان خورشيد رفيق | ڕاگری کۆلێجی ئەندازیاری بە وەکالەت | ئەندام |
| ٨ | پ.د.سۆران محمد ممند | ڕاگری کۆلێجی زانست بە وەکالەت | ئەندام |
| ٩ | پ.ی.د.علي قادر عثمان | ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٠ | پ.د.عبدالقادر حەمەامين محمد | ڕاگری کۆلێجی زمان بە وەکالەت | ئەندام |
| ١١ | پ.ی.د.دانا عبدالكريم سعيد | ڕاگری کۆلێجی یاسا و ڕامیاری بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٢ | پ.ی.د.ديار محمد صديق | ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی وەرزش بەوەکالەت | ئەندام |
| ١٣ | پ.ی.د.نەرمين معروف غفور | ڕاگری کۆلێجی بازرگانی بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٤ | پ.ی.د.کارزان توفيق محمود | ڕاگری کۆلێجی زانستە کشتوکالیەکان بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٥ | پ.ی.د.کاوە محمد جمال رشيد | ڕاگری کۆلێجی کارگێڕی و ئابوری بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٦ | پ.ی.د.ابتسام اسماعيل قادر | ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٧ | پ.ی.د.هۆشيار عبداللە عزيز | ڕاگری کۆلێجی دەرمانسازی بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٨ | پ.د.فريدون قادر حەمەصالح | ڕاگری کۆلێجی پەروەردە بە وەکالەت | ئەندام |
| ١٩ | پ.ی.د.ژيان صلاح رمزی | ڕاگری کۆلێجی پەرستاری بە وەکالەت | ئەندام |
| ٢٠ | پ.ی.د.ريبوار سعيد رشيد | ڕاگری کۆلێجی هونەرە جوانەکان بە وەکالەت | ئەندام |
| ٢١ | پ.ی.د.ئاراس معروف رشيد | ڕاگری کۆلێجی پزیشکی ددان بە وەکالەت | ئەندام |
| ٢٢ | پ.ی.د.شەمال عبدول محمد | ڕاگری کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان بە وەکالەت | ئەندام |
| ٢٣ | د.سەلام عبدالكريم عبداللە | ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان/سید صادق-نازناوی مامۆستایە/ بە وەکالەت | ئەندام |
| ٢٤ | پ.ی.د.عابد خالد رسول | ڕاگری کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان بە وەکالەت | ئەندام |
| ٢٥ | پ.ی.د.مهاباد كامل عبداللە | نوێنەری گشتی مامۆستایان | ئەندام |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کە هەموویان بەوەکالەتن یا ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.ئالان فەرەیدون | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | ماوەی یاسایی بەسەر چووە |
| ٢ | پ.ی.د.عەتا | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٣ | پ.د.سۆران ابوبکر محمد | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا | ئەندام | ماوەی یاسایی بەسەر چووە |
| ٤ | پ.ی.د.ئاراس | راگری کۆلیجی تەکنیکی ئینفۆرماتیك | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٥ | پ.ی.د.ئاراس | راگری پەیمانگەی زانستی کۆمپیوتەر | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٦ | پ.ی.د.دانا احمد مستەفا | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٧ | پ.ی.د.دانا احمد مستەفا | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٨ | د.کارزان عبداللە محمد | راگری کۆلیجی تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکانی هەڵەبجە | ئەندام | بە وەکالەت–نازناوی مامۆستایە |
| ٩ | د.کارزان عبداللە محمد | راگری پەیمانگەی تەکنیکی هەڵەبجە | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٠ | پ.ی.د.محمد بابکر مینە | راگری کۆلیجی تەکنیکی تەندروستی | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١١ | پ.ی.د.کاظم فرج عارف | راگری پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ئەندام | – |
| ١٢ | پ.ی.د.حکیم عثمان مصطفی | راگری کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی | ئەندام | ماوەی یاسایی بەسەر چووە |
| ١٣ | د.کامل صابر سعید | راگری پەیمانگەی تەکنیکی بەکرەجۆ | ئەندام | ماوەی یاسایی بەسەر چووە |
| ١٤ | د.یاسین عبدالرحمن احمد | راگری پەیمانگەی تەکنیکی دوکان | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٥ | د.ایوب خسرو نادر | راگری پەیمانگەی تەکنیکی چەمچەماڵ | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٦ | پ.ی.د.سالم نعمت عزیز | راگری پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٧ | د.ایاد فائق شهاب | راگری پەیمانگەی تەکنیکی کەلار | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٨ | م.ی.صلاح قادر محمود | ئەمیندارە ئەنجومەنی زانکۆ | ئەندام | – |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك کە زۆرینەیان بەوەکالەتن یا ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. عدنان محسن عبدالعزيز | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | ماوەی یاسایی بەسەر چووە |
| ٢ | پ.ی.د.عزت فندی یحیی | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی | ئەندام | - |
| ٣ | پ.ی.د.عزت فندی یحیی | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | | بە وەکالەت |
| ٤ | پ.ی.د.زیرەك عزیزخان احمد | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا | ئەندام | - |
| ٥ | پ.ی.د.صالح مستەفا سلیم | راگری پەیمانگەی تەکنیکی دهۆك | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٦ | پ.ی.د.خیری علی اوسو | راگری کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی دهۆك | | بە وەکالەت |
| ٧ | پ.ی.د.خیری علی اوسو | راگری پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی دهۆك | | سەرپەرشتیار |
| ٨ | پ.د.تەها زبیر سرحان | راگری پەیمانگەی تەکنیکی زاخۆ | ئەندام | - |
| ٩ | پ.د.تەها زبیر سرحان | راگری کۆلیژی تەکنیکی زانستی پەترۆلی زاخۆ | ئەندام | سەرپەرشتیار |
| ١٠ | د.هکار زکی محمد | راگری پەیمانگەی تەکنیکی ئامێدی | ئەندام | بە وەکالەت- نازناوی مامۆستایە |
| ١١ | پ.ی.د.منهل الهام عبدال | راگری پەیمانگەی تەکنیکی ئاکرێ | ئەندام | - |
| ١٢ | پ.ی.د.منهل الهام عبدال | راگری کۆلیژی تەکنیکی ئاکرێ | | بە وەکالەت |
| ١٣ | پ.ی.د.منهل الهام عبدال | راگری کۆلیژی ئینفۆرماتیك/ ئاکرێ | | سەرپەرشتیار |
| ١٤ | پ.ی.د.سمیر محو جمیل | راگری پەیمانگەی تەکنیکی بەردەڕەش | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٥ | د.ضیاء مصطفی سلیمان | راگری پەیمانگەی تەکنیکی شێخان | | بە وەکالەت- نازناوی مامۆستایە |
| ١٦ | د.ضیاء مصطفی سلیمان | راگری کۆلیجی تەکنیکی تەندروستی شێخان | ئەندام | سەرپەرشتیار- نازناوی مامۆستایە |
| ١٧ | پ.ی.د.عبدالرحمن سمو حسین | راگری پەیمانگەی تەکنیکی شەنگال | ئەندام | - |
| ١٨ | د.کاروان غازی عبدالله | راگری کۆلیجی تەکنیکی ئەندازیاری دهۆك | ئەندام | سەرپەرشتیار- نازناوی مامۆستایە |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر کە زۆرینەیان بەوەکالەتن یا ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.کاوە عبدالکریم شیروانی | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | ماوەی یاسایی بەسەر چووە |
| ٢ | پ.ی.د.جودت جعفر خەتات | کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری | ئەندام | - |
| ٣ | د.نجیب تۆما بتو | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ٤ | پ.د.میرین حسن فهمی | راگری کۆلیجی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر | ئەندام | - |
| ٥ | د.بۆتان مجید ئاسنگەر | راگری پەیمانگەی تەنەلۆجی هەولێر | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ٦ | د.برزو همزە دزەیی | راگری پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ٧ | پ.ی.م.امید ارشد حویزی | راگری پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر | ئەندام | - |
| ٨ | د.محمد خدر قادر | راگری پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ٩ | د.عبدالهادی عمر قۆجە | راگری پەیمانگەی تەکنیکی شەقلاوە | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١٠ | م.پاکستان محمد امین | راگری پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١١ | م.سوران ذوالنون یاسین | راگری پەیمانگەی تەکنیکی خەبات | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١٢ | م.سەروەر جمال حیدر | راگری پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان | ئەندام | بە وەکالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١٣ | د.عفان عوسمان حسین | ئەمینداری ئەنجومەنی زانکۆ | ئەندام | - |
| ١٤ | د.هیمن کاکەخان عولا | بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی زانستی | ئەندام | - |

ليستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانكۆی دهۆك، كە زۆرینەیان بەوەكالەتن یا ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.مصلح محمد سعيد دهوكی | سەرۆكی زانكۆ | سەرۆك | دوو خول ماوەی یاسایی بەسەر چووە |
| ٢ | پ.ی.د. احمد محمد صالح | یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری كارگێڕی | ئەندام | - |
| ٣ | پ.ی.د. صباح ابراهيم ويس | یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری زانست و خوێندنی باڵا | ئەندام | - |
| ٤ | پ.ی.د. ميڤان عارف عبدالرحمن | یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری خوێندكاران | ئەندام | - |
| ٥ | پ.د. قاسم حسو عبدالله | ڕاگری كۆلیجی پزیشكی | ئەندام | - |
| ٦ | پ.ی.د.كمال نعمان سيف الدين | ڕاگری كۆلیجی كشتوكاڵ | ئەندام | - |
| ٧ | پ.د. جوهر محمد رشيد | ڕاگری كۆلیجی ئەندازیاری | ئەندام | - |
| ٨ | پ.ی.د. كوڤان محمد احمد | ڕاگری كۆلیجی زانستەمرۆڤایەتیەكان | ئەندام | - |
| | پ.ی.د.لقمان طيب عمر | ڕاگری كۆلیجی پیشكی ڤێترنەری | ئەندام | - |
| ٩ | د.ڕێبر فتاح محمد | ڕاگری كۆلیجی كارگێڕی و ئابوری | ئەندام | بە وەكالەت-نازناوی مامۆستایە |
| | پ.د. قاسم احمد قاسم | ڕاگری كۆلیجی یاساو زانستەسیاسیەكان | ئەندام | - |
| ١٠ | پ.ی.د. عزت يوسف رؤوف | ڕاگری كۆلیجی زانست | ئەندام | - |
| ١١ | پ.ی.د. اسماعيل احمد سمو | ڕاگری كۆلیجی پەروەردەی بنیات | ئەندام | - |
| ١٢ | پ.د. احمد قاسم محمد | ڕاگری كۆلیجی پەروەردەی وەرزشی | ئەندام | - |
| ١٣ | د.فريده فريق عبدالعزيز | ڕاگری كۆلیجی پەرستاری | ئەندام | بە وەكالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١٤ | د.مؤيد اغالی ميرزا | ڕاگری كۆلیجی دەرمانسازی | ئەندام | بە وەكالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١٥ | د.بهار جعفر سليڤانی | ڕاگری كۆلیجی پزیشكی ددان | ئەندام | بە وەكالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١٦ | د.هڤال سليم طيب | ڕاگری كۆلیجی پەروەردە-ئاكرێ | ئەندام | بە وەكالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ١٧ | پ.ی.د.اسماعيل محمد عبدالقهار | ڕاگری كۆلیجی زانستی تەندروستی | ئەندام | - |
| ١٨ | پ.ی.د.احسان توفيق طيب | ڕاگری كۆلیجی پەروەردەی بنیات-ئامێدی | ئەندام | - |
| ١٩ | د.محمد صالح عبدالله | ڕاگری كۆلیجی زمان | ئەندام | بە وەكالەت-نازناوی مامۆستایە |
| ٢٠ | احمد سليمان احمد | نوێنەری مامۆستایان | ئەندام | - |
| ٢١ | د.ميرزا مراد | نوێنەری خوێندكاران | ئەندام | - |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی گەرمیان، کە هەموویان بەوەکالەتن یا ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.سیروان حسن صالح | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | بەوەکالەت |
| ٢ | پ.ی.د.ابراهیم عبدالرحمن محمود | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی | ئەندام | - |
| ٣ | هیچ کەسێك دانەنراوە | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا | | بەوەکالەت بەڕێوەدەچێت |
| ٤ | هیچ کەسێك دانەنراوە | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | | بەوەکالەت بەڕێوەدەچێت |
| ٥ | پ.ی.د.محمد حسین زهاوی | ڕاگری کۆلیجی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان | ئەندام | ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٦ | پ.ی.د.حسین اسماعیل علی | ڕاگری کۆلیجی پەروەردە | ئەندام | - |
| ٧ | پ.ی.د.کۆمار نعمت شوکت | ڕاگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت | ئەندام | - |
| ٨ | پ.ی.د.کۆمار نعمت شوکت | ڕاگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت/ئێواران | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٩ | پ.ی.د.عمر یونس عبدالحمید | ڕاگری کۆلیجی زانست | ئەندام | |
| ١٠ | پ.ی.د.جعفر حسین علی | سەرپەرشتیاری کۆلیجی پەروەردەی وەرزش | ئەندام | سەرپەرشتیاری کۆلیجە |
| ١١ | پ.ی.د.دلشاد محمد غریب | نوێنەری مامۆستایانی زانکۆ | ئەندام | - |
| ١٢ | د.کنعان مدحت قادر | ڕاگری کۆلیجی کشتوکاڵ | ئەندام | پلەی زانستی مامۆستایە |
| ١٣ | د.سیروان محمد امین | ڕاگری کۆلیجی پزیشکی | ئەندام | پلەی زانستی مامۆستایە |
| ١٤ | م.سلام رحیم رشید | ئەمینداری ئەنجومەنی زانکۆ | ئەندام | - |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی ڕاپەڕین، کە هەموویان بەوەکالەتن یا ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.موفق خالد ابراهیم | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | بەوەکالەت/ کە بوو بە سەرۆك مامۆستا بوو |
| ٢ | پ.د.صباح رشید قادر | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا | ئەندام | ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٣ | د.دارا توفیق کاکەمین | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ئەندام | بە وەکالەت– نازناوی مامۆستایە |
| ٤ | د.دارا توفیق کاکەمین | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی | ئەندام | بە وەکالەت– نازناوی مامۆستایە |
| ٥ | د.بەهزاد حمد وسو | بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری توێژینەوە | ئەندام | بە وەکالەت– نازناوی مامۆستایە |
| ٦ | پ.ی.د.سناء حسن عبدالصاحب | ڕاگری کۆلیجی پەرستاری | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٧ | د.هیوا مینە محمود | ڕاگری کۆلیجی پەروەردە | ئەندام | بە وەکالەت– نازناوی مامۆستایە |
| ٨ | پ.ی.د.پێشەوا حمید عبدالله | ڕاگری کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٩ | پ.ی.د.رزگار حاجی صالح | ڕاگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٠ | د.محمد حمە علی رشید | ڕاگری کۆلیجی زانست | ئەندام | بە وەکالەت– نازناوی مامۆستایە |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی هەڵبجە، سەرجەم پۆستەکانی بەوەکالەت بەڕێوە دەبرێن.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.تحسین عبدالکریم امین | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | بەوەکالەت |
| ٢ | پ.ی.د.دانا عبدالله تاهیر | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا | ئەندام | بەوەکالەت |
| ٣ | پ.ی.د.ادریس کریم محمد | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی | ئەندام | بەوەکالەت |
| ٤ | کەس دانەنراوە | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ئەندام | - |
| ٥ | پ.ی.د.نەریمان عبدالله علی | راگری کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان | ئەندام | بەوەکالەت |
| ٦ | د.حسین محمد سالح | راگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت | ئەندام | بەوەکالەت–نازناوی مامۆستایە |
| ٧ | د.سەرکێو صلاح عبدالکریم | راگری کۆلیجی زانست | ئەندام | بەوەکالەت نازناوی مامۆستایە– کە دانراوە پێشتر نازناوی مامۆستای یاریدەدەر بووەو بڕوانامەی ماستەی هەبووە |
| ٨ | پ.ی.د.جلال خضر احمد | راگری کۆلیجی پەروەردەی وەرزش | ئەندام | بەوەکالەت |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.وەلی مەحمود حەمەد | سەرۆکی زانکۆ | ئەندام | ئەصیل |
| ٢ | پ.ی.د.ڕۆستەم سەلام عەزیز | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی دارایی | ئەندام | ئەصیل |
| ٣ | پ.ی.د.حەیدەر لەشکری | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا | ئەندام | ئەصیل |
| ٤ | پ.ی.د.محمد حسیب | راگری فاکەلتی ئەندازیاری | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٥ | پ.ی.د.تەها جەلال عمر | راگری فاکەلتی زانست و تەندروستی | ئەندام | بە وەکالەت |
| ٦ | پ.ی.د.باوەدین کەریم مولود | راگری فاکەلتی پەروەردە | ئەندام | – |
| ٧ | پ.ی.د.دلشاد نەجات سعید | راگری فاکەلتی زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیەکان | ئەندام | – |
| ٨ | پ.ی.د.سەرمەد رحیم کریم | سەرۆکی سکولی پزیشکی | ئەندام | – |
| ٩ | پ.ی.د.زانا محمد محمدصالح | سەرۆکی سکولی پەروەردەی وەرزش | ئەندام | – |
| ١٠ | پ.ی.د.لوقمان وسو عمر | ئەمینداری ئەنجومەن | ئەندام | – |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی سۆران.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.مصلح مستەفا | سەرۆکی زانکۆ | ئەندام | نازناوی مامۆستایە – دوو خول ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٢ | د.رشدی صمد عوسمان | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری دارایی | ئەندام | بەوەکالەت–نازناوی مامۆستایە |
| ٣ | د.نەهرۆ زاگرۆس | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا | ئەندام | بەوەکالەت–نازناوی مامۆستایە |
| ٤ | پ.ی.د.یادگار رسول حمدامین | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ئەندام | – |
| ٥ | پ.د.کمال یوسف عودیشۆ | سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی زانستی | ئەندام | – |
| ٦ | پ.د.قەیس کاکل توفیق | راگری فاکەلتی ئاداب | ئەندام | – |
| ٧ | پ.د.کامران حسین حمید | راگری فاکەلتی یاسا | ئەندام | – |
| ٨ | پ.ی.د.سردار محی الدین | راگری فاکەلتی زانست | ئەندام | – |
| ٩ | م.دیار معاذ خلیل | راگری فاکەلتی پەروەردە | ئەندام | بە وەکالەت |
| ١٠ | د.شیروان شریف قرطاس | سەرۆکی سکولی ئەندازیاری | ئەندام | بە وەکالەت |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی زاخۆ.

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.لزگین عبدی جمیل | سەرۆکی زانکۆ | ئەندام | دوو خول ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٢ | پ.ی.د.یاسین تەها مستەفا | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی | ئەندام | – |
| ٣ | پ.ی.د.عبدالحمید سلیمان زاهیر | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری و دارایی | ئەندام | – |
| ٤ | پ.ی.د.عبدالوهاب خالد موسا | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ئەندام | – |
| ٥ | پ.ی.د.ماهر خالد علی | راگری فاکەلتی زانست | ئەندام | – |
| ٦ | پ.ی.د.دیار عبدالکریم سعید | راگری فاکەلتی زانستی مرۆڤایەتی | ئەندام | – |
| ٧ | پ.ی.د.احمد سلیمان یاسین | راگری فاکەلتی کارگێری و ئابوری | ئەندام | – |
| ٨ | پ.ی.د.لقمان زیز عبدالکریم | راگری کۆلیژی ئەندازیاری | ئەندام | – |
| ٩ | پ.ی.د.شیرزاد زکریا محمد | سەرۆکی فاکەلتی پەروەردە | ئەندام | – |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەدین

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.احمد انور دزەیی | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | دوو خول ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٢ | پ.د.جوهر فتاح سعید | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری | ئەندام | – |
| ٣ | پ.ی.د.مستەفا سابیر عەتار | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا | ئەندام | – |
| ٤ | پ.د.شیروان صالح خدر | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ئەندام | – |
| ٥ | پ.ی.د.هیرش عمر عبدالله | راگری کۆلیجی زانست | ئەندام | – |
| ٦ | پ.ی.د.نژاد احمد حسین | راگری کۆلیجی ئەندازیاری | ئەندام | – |
| ٧ | پ.ی.د.زیدان رشید برادوستی | راگری کۆلیجی ئەدەبیات | ئەندام | – |
| ٨ | د.عاتف عبدالله فەرهادی | راگری کۆلیجی زمان | ئەندام | بەوەکالەت–نازناوی مامۆستایە |
| ٩ | پ.ی.د.کاوە عبدالکریم علی | راگری کۆلیجی کشتوکاڵ | ئەندام | – |
| ١٠ | پ.ی.د.احلام ابراهیم ولی | راگری کۆلیجی بەڕێوەبردن و ئابوری | ئەندام | – |
| ١١ | پ.ی.د.سعید عمر ابراهیم | راگری کۆلیجی پەروەردە | ئەندام | – |
| ١٢ | پ.ی.د.کاوان اسماعیل ابراهیم | راگری کۆلیجی یاساو زانستە سیاسیەکان | ئەندام | – |
| ١٣ | پ.د.حسین سعدی ابراهیم | راگری کۆلیجی پەروەردەی وەرزش | ئەندام | – |
| ١٤ | پ.ی.د.سیروان عارەب صادق | راگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت | ئەندام | – |
| | پ.ی.د.ادریس قادر حمدامین | راگری کۆلیجی زانستە ئیسلامیەکان | ئەندام | – |
| | پ.ی.د.علی محمود جوکل | راگری کۆلیجی هونەرە جوانەکان | ئەندام | – |
| | پ.ی.د.سردار پیر خدر | راگری کۆلیجی پەروەردە / شەقلاوە | ئەندام | – |
| | پ.ی.د.چەتۆ حمدامین سمایل | راگری کۆلیجی پەروەردە / مەخمور | ئەندام | – |
| | پ.ی.د.هیوا یاسین عبدالله | بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری توێژینەوەی زانستی | ئەندام | – |
| | پ.ی.م.دانا فائق هۆشیار | بەڕێوەبەری تۆماری گشتی | ئەندام | – |
| | د.ڤیان فاروق محمد | ئەمینداری ئەنجومەنی زانکۆ | ئەندام | – |
| | د. رەمەزان یوسف محمد | نوێنەری مامۆستایان | ئەندام | – |

لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی چەرموو

| ژ | ناو | ناونیشانی پۆست | پلە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.صلاح رضا سعید | سەرۆکی زانکۆ | سەرۆك | ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٢ | پ.د.شوان کمال رشید | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا | ئەندام | – |
| ٣ | پ.ی.د.بارام احمد حمدامین | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری | ئەندام | – |
| ٤ | کەس دانەنراوە | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ئەندام | بەوەکالەت بەڕێوەدەچێت |
| ٥ | پ.ی.د. علی وهاب کریم | راگری کۆلیجی پەروەردەو زمان | ئەندام | – |
| ٦ | د.هونەر امین حسن | راگری کۆلیجی کارگێری گشتی و بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی | ئەندام | بەوەکالەت–نازناوی مامۆستایە |

### ٦. شێوازی پڕکردنەوەی پۆستەکان و پرۆسەی پێشکەشکردنی سیڤی:

هەرچەندە لە کاتی پڕکردنەوەی پۆستەکاندا وەزارەت یا زانکۆکان ڕاگەیەنراو بڵاو دەکەنەوە، بەوەی کە خوازیارانی پۆستەکان بە پێی مەرجەکان سیڤی خۆیان پێشکەش بکەن، بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە مەسەلەی پێشکەشکردنی سیڤی جگە لە سیناریۆیەك زیاتر هیچی تر نیە، چونکە بەر لە خوێندنەوەی سیڤیەکان و چاوپێکەوتنی خوازیاران لەلایەن لیژنەکانەوە ئەو کەسەی مەبەستیانە دایانناوە و ئەم پرۆسەیە تەنها بەناوە و پێشتر حزب بڕیاری لێدەدات. وە هەندێك جار لە پڕکردنەوەی پۆستەکان ڕەچاوی پلەی زانستی و ساڵانی خزمەتی زانکۆیی ناکرێت.

### ٧. گرفتی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ مامۆستایان:

تا ئێستاش نە حکومەت و نە وەزارەت نەیانتوانیوە چارەسەرێك بۆ گرفتی نیشتەجێبوونی مامۆستایان بدۆزنەوە، زۆرینەی ئەو هەولانەی دراویشن پرۆژەکان یا فەشەلیان هێناوە یا سەرکەوتوو نەبوون و ناعەدالەتی هەبووە لە دابەشکردنیاندا، بۆ نمونە:

–گوندی مامۆستایانی زانکۆ لە هەولێر: ئەو خانوانە لە سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆ مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین دروستکرابوون، لە ئێستادا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت و زۆرینەیان مامۆستای فیعلی نین کە لەکاردابن لە زانکۆ و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت چونکە تەملیك کراوە لەسەریان.

–گەڕەکی تازەی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ڕێگەی کەرکوك لە هەولێر: ئەم پرۆژەیەش سەرکەوتوو نەبووەو تا ئێستاش تەواو نەبووەو خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین نەکراوە.

–کەمپی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە بەکرەجۆ: پرۆژەکە کەموکوڕی زۆر بوو، زۆر دواکەوت لە تەواوکردندا، ناعەدالەتی هەبوو لە دابەشکردنی بەسەر مامۆستایاندا، تا ئێستاش چەندان خانوو چۆلن، چەندان مامۆستا وەریانگرتووە بەلام سالانێکە وازیان لەپیشەی مامۆستایی هێناوە و چۆلیشی ناکەن، چەندان مامۆستاش مەرجەکانیان تەواو نەبوو و خانوشیان پێدرا.

–بڕیار بوو بۆ ئەو مامۆستایانەی شوێنی نیشتەجێبوونیان نیە لە زانکۆی سلێمانی نۆ ساڵە بڕیارە بۆیان دابین بکرێت بەلام لەبەر کۆمەلێك گرفت تا ئێستاش هیچ نەکراوە.

–لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون کراوە بۆ مامۆستایانی زانکۆکە بە ڕێکەوتن لەگەل کەرتی تایبەت، بەلام گلەیی و ڕەخنەی مامۆستایان ئەوەیە کە مەرجی قورس و تێچووی زۆری هەیەو ئەگەر لەبازاڕی ئازاد بیکڕن زیاتر قازانج دەکەن، هەربۆیە بەشێکی زۆری مامۆستاین پێی رازی نین.

–لە زانکۆکانی (هەڵەبجە)، (گەرمیان)، (ڕاپەڕین)دا تا ئێستاش هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون بۆ مامۆستایان دابین نەکراوەو هیچ هەنگاوێك نەراوە. تەنانەت چەندین مامۆستا هەیە نزیکەی (٢٠) ساڵ خزمەتی هەیە تا ئێستاش یەك مەتر زەوی وەرنەگرتووە.

### ٨. گرفتی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران:

لەزۆرینەی زانكۆكاندا شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمانبەران دابین نەكراوە، جگە لەچەند زانكۆیەكی كەم نەبێت كە هەندێك هەوڵ هەبووە، ئەوانیش یا تەواو نەبوونە یا فەشەلیان هێناوە. بۆ نمونە لە زانكۆی سلێمانی كەمپێك بۆ فەرمانبەران دروستكراوە، بەلام تا ئێستاش تەواو نەبووە كە ماوەیەكی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، هۆكارەكەیشی بۆ كەمتەرخەمی حكومەت دەگەڕێتەوە كە پێشینەی بۆ كۆمپانیاكە سەرف نەكردووەو لەلایەكی تریشەوە پاشەكەوتی موچە بووە هۆی ئەوەی فەرمانبەران نەتوانن لەكاتی خۆیدا قیستەكانیان بدەن.

### ٩. كەمی و زۆری مامۆستا و ڕێكخستنەوەی میلاك:

وەك پێویست میلاكی مامۆستایان دابەش نەكراوە، هەندێ بەش هەیە میلاكی پێویستی نیە و هەمان كات و لەهەمان زانكۆدا بەشی هاوشێوەی میلاكی زیادە، بەلام نە زانكۆ و نە وەزارەت نەیانتوانیوە ئەم گرفتە چارە بكەن و میلاكات ڕێكبخەنەوە. بۆ نمونە: لە زانكۆی سلێمانی:

| ژ | بەش | كۆلێژ | ژمارەی میلاك | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | كۆ |
| | بایۆلۆجی | زانست | ٢٤ | ١٤ | ١٢ | – | ٥٠ |
| | بایۆلۆجی | پەروەردە | ٤ | ٢ | ١ | – | ٧ |

| ژ | بەش | كۆلێژ | ژمارەی میلاك | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | كۆ |
| | كیمیا | زانست | ٢٣ | ١٦ | ٦ | – | ٤٧ |
| | كیمیا | پەروەردە | ٥ | ١ | – | ١ | ٧ |

| ژ | بەش | كۆلێژ | ژمارەی میلاك | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | كۆ |
| | ماتماتیك | زانست | ٨ | ٦ | ٨ | ٢ | ٢٤ |
| | ماتماتیك | پەروەردە | ٨ | ٣ | – | ١ | ١٢ |
| | ماتماتیك | پەروەردەی بنەڕەت | ٨ | ٥ | – | – | ١٣ |

| ژ | بەش | كۆلێژ | ژمارەی میلاك | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | كۆ |
| | كۆمپیوتەر | زانست | ١٥ | ٧ | ٢ | ١ | ٢٥ |
| | كۆمپیوتەر | پەروەردەی بنەڕەت | ١٣ | ٢ | – | – | ١٥ |

| ژ | بەش | كۆلێژ | ژمارەی میلاك | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | كۆ |
| | ژمێریاری | كارگێڕی و ئابوری | ١٣ | ٥ | ١ | – | ١٩ |
| | ژمێریاری | بازرگانی | ٦ | – | – | – | ٦ |

| ژ | بەش | کۆلێژ | ژمارەی میلاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | کۆ |
| | مێژوو | زانستە مرۆڤایەتیەکان | ٢ | ٥ | ١٣ | ١ | ٢١ |
| | مێژوو | پەروەردە/سەیدصادق | ١ | ١ | – | – | ٢ |

| ژ | بەش | کۆلێژ | ژمارەی میلاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | کۆ |
| | جوگرافیا | زانستە مرۆڤایەتیەکان | ١٠ | ٧ | ٤ | ٢ | ١٩ |
| | جوگرافیا | پەروەردە/سەیدصادق | ٢ | ٢ | – | – | ٤ |

زانکۆی گەرمیان

| ژ | بەش | کۆلێژ | ژمارەی میلاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | کۆ |
| | زمانی کوردی | پەروەردە | ١٨ | ١ | ٢ | – | ٢١ |
| | زمانی کوردی | زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان | ٢ | ١ | ٢ | – | ٥ |
| | زمانی کوردی | پەروەردەی بنەرەت | ٦ | ١ | ٢ | – | ٩ |
| | زمانی کوردی | پەروەردەی بنەرەت/ئێواران | ٤ | ١ | ٢ | – | ٧ |

| ژ | بەش | کۆلێژ | ژمارەی میلاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | کۆ |
| | مێژوو | پەروەردە | ١٢ | ١ | ٢ | ١ | ١٦ |
| | مێژوو | زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان | ٣ | – | ١ | – | ٤ |

| ژ | بەش | کۆلێژ | ژمارەی میلاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | کۆ |
| | دەروونناسی | پەروەردە | ١٠ | ٤ | ٢ | – | ١٦ |
| | دەروونناسی | زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان | ١ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ |

| ژ | بەش | کۆلێژ | ژمارەی میلاک | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | م.ی | مامۆستا | پ.ی | پرۆفیسۆر | کۆ |
| | کیمیا | پەروەردە | ٩ | ٥ | – | – | ١٤ |
| | کیمیا | زانست | ٢ | ٢ | – | – | ٤ |

### ١٠. پێویستی بوونی هاندان لە زانکۆ تازەکاندا :

هیچ هاندانێك نیە لەزانکۆ تازەکاندا بۆ ئـەوەی مامۆسـتایان روی تێبکـەن، لەکاتێکدا ئـەو زانکـۆ و کۆلیـژە تازانـە کەمترین ژمارەی مامۆستاو کادریان هەیە، ئەو هاندانانـەی پێشـتریش هـەبوو لەهەنـدێك لـە زانکۆکـان ئێسـتادا بـڕاوەو نەماوە، لەوانەی ماویشە لەقەیرانەکەدا بەزیان بۆ مامۆستایان شکایەوە چونکە بەر پاشەکەوتی زیـاتر دەکـەوتن و ئـەو هاندانە بەدەر نەکرا.

### ١١. گرفتەکانی توێژەر و یاریدەدەرانی توێژەر لە زانکۆکاندا :

بەپێی مادەی (٢٥) لە یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٠٨ دەبێت توێژەر و یاریـدەدەری توێـژەر (موعید)ەکانبەشـدار بن لە توێژینەوەو بواریان بۆ برەخسێنرێت، بەلام وەك فەرمانبەرێکی ئاسایی تـەنها کـاری کارگێرییـان پـێ دەکرێـت و لەهیچ کام لەو سەنتەرانەی توێژینەوە کە بەناو دامەزراون نە شوێنیان کراوەتەوەو نە کاریان پێ دراوەو نـە هەلیشـیان بۆ رەخسێنراوە. جگە لەمە سێ خولە دامەزراندن بـۆ (معیـد)ەکان ئـەنجام نـادرێ و وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاش هـیچ نەهاتۆتە دەنگ.

### ١٢. گرفتی ئەو زانکۆیانەی کەمپیان نیە :

هەندێك لەزانکۆ و کۆلیژەکان تا ئێستاشی لەگەلدابێت کەمپی تازەیان نیە و لە شوێنی تر دەوام دەکەن، بـۆ نمونـە وەك زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، کۆلیژی سەید سادقی زانکۆی سلێمانی.

### ١٣. گرفتەکانی دامەزراندنی مامۆستایان و فەرمانبەران :

بـەهۆی گرفـت و قـەیرانی داراییـەوە پرۆسـەی دامەزرانـدن وەسـتاوەو مـاوەی چـوار سـالی رابـردوو (مەگـەر بـە ئیستیسناو تایبەت) ئەگەرنا نـە مامۆسـتا و نـە فەرمانبـەر دانەمەزرێنـدراون، لەکاتێکدا ژمارەیـەك خانەنشـین بـوون و بەمەش بۆشاییەك دروستبووە، لەبەرامبەردا وەزارەت پلانێکـی نـەبوو بـۆ ئـەوەی میلاکـی فەرمانبـەران و مامۆسـتایان رێکبخاتەوەو بەپێی پێویست هانیان بدات و ئاسانکاریان بۆ بکات و سەرلەنوێ دابەشیان بکاتەوە بـەوەی لەوشـوێنانی هەلاوسان هەیەو ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەران زۆرەو زیادەن لە بڕی پێویست بۆ ئەو شوێنانەیان بگوازێتەوە کـە فەرمانبەر و مامۆستایان نیەو پێویستیانە.

### ١٤. نوسینگە ڕاوێژکارییەکان لە زانکۆکاندا :

نوسینگە ڕاوێژکارییەکان دەمێکە گرفتـی زۆریـان هـەبووە و بەردەوامیشـن، هـەر لـە بـەڕێوەبردنیان و ناشـەفافیی داهاتەکانیان و گەندەلّی و کاری نایاسایی تیایاندا، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت وەك پێویست چارەسـەر نـەکراون. ئەمـەو بوونی چەندان فەرمانبەر کە تەنها بەناو هەن و دەوام ناکەن جا چ لەو نوسینگانە یا نوسـینگەی سـەرۆکی زانکۆکانـدا. پێویستە رێنماییەکان لەسەر ئاستی وەزارەت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

### ١٥. گرفتی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان:

خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بەپێی مادەی (٩) لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ مافی خوێندنی چون یەکی هەیە وەك هەر کەسێکی تر و لەسەر حکومەتە کە کارئاسانی و وانەبێژی تایبەت و پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات، بەلام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لەخوێندندا گرفتیان هەیە، هەر لە شێوازی وەرگرتنیان لە بەکالۆریۆسەوە تا نەبوونی پێداویستیەکانیان و نەبوونی مامۆستای تایبەت و نەبوونی هۆکارەکانی فێربوون و کۆمپیەتەری زیرەك و گرفتی نەشیاویی ژینگەی خوێندن بۆیان و نەبوونی ستاندارت لە بیناکانی خوێندن وەك نەبوونی رەمپەو مەسعەد و توالێتی تایبەت بەخۆیان. ئەمەو جگە لەوەی لەخوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) گرفتیان هەیە، لە عیراقی فیدرالدا بریارێکی تایبەت هەیە کە نابینایان بۆ وەرگرتنیان لە ماستەر و دکتۆرا لە مەرجەکانی زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر بەخشراون، هەروەها کورسیی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت و تەنها خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن، بەلام لە هەرێمی کوردستان نە ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت و نە بڕیارێکی لەو شێوەیە هەیە.

### ١٦. گرفت و وەك پێویست نەبوونی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی زانکۆکان:

هەندێك لە زانکۆکان سەنتەری رۆشنبیرییان هەیە، بەلام زۆرینەیان بێخزمەتگوزاری ترین سەنتەرن، بێ بەرنامەو پلانن، کەمترین مامۆستا رویان تێدەکەن، هەرچەندە مانگانە برێك پارە لە موچەی سەرجەم مامۆستایانی ئەو زانکۆیانە دەگێڕدرێتەوە بەناوی ئەو سەنتەرانەوە، بەلام کەمترین مامۆستا سەردانی ئەو سەنتەرانەیان کردووە، هەر بۆیەشە نەتوانراوە سود لە ناو و شوێن و کەلوپەل و ئیمکانیاتی مادی ئەو سەنتەرانە وەربگیرێت.

### ١٧. نەبوونی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان:

پێویست بوو سالانە مامۆستایانی زانکۆ خولی راهێنان ببینن، هەم بۆ تازەکردنەوەی زانیارییەکانیان و هەم دانەبڕان لە دنیای تازە، بەلام هیچ خولێکی راهێنان لە زانکۆکاندا بۆ مامۆستایان نابینرێت، جگە لە خولی وانەوتنەوە نەبێت، ئەویش مامۆستا لەتەمەنیدا یەکجار دەیبینێت و تەنها مەبەستیش لێی بڕوانامەکەیەتی کە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی زانستی وەك مەرجێك پێویستی پێی دەبێت. ئەمەو لەکاتێکدا وەزارەت داهاتێکی زۆری هەبوو و دەبوایە لەو داهاتە ئەم کارەی ئەنجام بدابوایە.

### ١٨. نەبوونی خولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەران:

هیچ خولێکی راهێنان بۆ فەرمانبەرانی زانکۆ نیە، لەکاتێکدا زۆر پێویستیان پێیەتی، هەر بۆیەشە ئێستاش لە زانکۆکاندا زۆرترین رۆتینیات لە رایی کردنی مامەلەو کارەکاندا دەبینرێت و زۆرترین فەرمانبەری لێیە بەلام بەهەمان شێوازە تەقلیدی و کۆنەکەی جاران کار دەکەن.

### ١٩. نەبوونی کارگوزار و باخچەوان وەك پێویست لە زانکۆکاندا:

کەمترین کارگوزار لە زانکۆکاندا هەیە، هەر بۆیەشە پاك و خاوێنی وەك پێویست نیەو ژینگەی زانکۆکان پۆخڵیی پێوە دیارە، زۆرینەی ئەو کارگوزارانەی هەن بەساڵاچوون و وەك پێویست ناتوانن کار بکەن، وردە وردە لێیان خانەنشین دەبێت و دامەزراندنی تازەش نیە، کۆمپانیاکانی پاك کردنەوەش بەهۆی گرفتی سەرفنەکردنی پارەو رۆتینیاتی رایی کردنی کارەکانیان و دەست تێخستنەوە وەك پێویست نین. کەمترین باخچەوانیش لە زانکۆکاندا هەیە، هەر بۆیە باخچەکانیان و رێژەی سەوزایی تیایاندا وەك پێویست نیە چونکە خزمەت ناکرێت. بۆ نموونە زانکۆی گەرمیان لەو زانکۆیانەیە باخچەیەکی ئەتۆی تێدانییە خوێندکاران لە خۆ بگرێت و تێیدا بحەسێنەوەو دەڵێی بیابانە! هەربۆیە لە مانگی چوارو پێنج زانکۆ بە دەگمەن تا سەعات دوازدەی نیوەڕۆ خوێندکاری تێدا دەمێنێتەوەو ئەمەش کاریگەریی نەرێنی بەجێدەهێڵێت.

### ٢٠. گرفتی چاپخانەی زانکۆکان و وەك پێویست نەبوونیان:

وەزارەتی خوێندنی باڵا دوو چاپخانەی گەورەی هەیە، یەکێکیان لە هەولێرە سەر بە زانکۆی سەلاحەدین و ئەوەی تریشیان لە سلێمانیە سەر بە زانکۆی سلێمانی، بەڵام هەر بەناو هەن، مەسرەفێکی زۆریان لێکراوەو ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەریان هەیە بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکیان هەبێت، تەنانەت گۆڤار و توێژینەوەو کتێبی مامۆستاکانی خۆشیان لەو چاپخانانە چاپ ناکەن و لەبازاڕ بە پارە دەیکەن.

### ٢١. پشوی زۆر و وەك پێویست جێبەجێنەکردنی ساڵنامەی خوێندن:

تا ئێستاش وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵنامەیەکی جێگیری نیە کە ساڵانە لەسەری بڕوات و مامۆستایان و خوێندکاران بەرچاویان روون بێت و بەرنامەی خۆیانی لەسەر دابڕێژن، هەم لەسەرەتای دەستپێکردنی دەوام و هەم لەکۆتایی هاتنی، هەم لەکاتی پشووەکانی ناوەڕاستی دەوامیش، کە ساڵانە کاتێکی زۆر لەکاتی خوێندندا دەکرێت بەپشوو و کاریگەری لەسەر رەوشی دەوام و تەواونەکردی پرۆگرامی خوێندن و ئاستی زانستیش دەبێت.

### ٢٢. گرفتی گۆڕەپانی پارکین بۆ ئۆتۆمبیل:

هەندێك لە زانکۆکان گرفتی نەبوونی گۆڕەپانی وەستانی ئۆتۆمبێلی مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکارانیان هەیە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەبەردەم زانکۆ و کۆلیژ و پەیمانگەکاندا قەرەباڵغی زۆر دروستببێت و شەقامەکان بگیرێت و لەهەندێ کاتدا کێشەو کارەساتیشی لێکەوتۆتەوە.

### ٢٣. بریکاری وەزارەت:

بەپێی برگەی سێیەم لە مادەی (٤)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەت بریکارێکی دەبێت کە یارمەتی وەزیر دەدات بۆ ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کاروبارە کارگێڕی و دارایی و رێکخستنەکان دەکات لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کەوەزیر پێی دەدات. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە لەوەتەی ئەو وەزارەتە هەیە بریکاری وەزارەتی نەبووە.

### ٢٤. ڕاوێژکارانی وەزارەت:

بەپێی برگەی پێنجەم لە مادەی (٤)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزیر چوار ڕاوێژکاری دەبێ بە پلەی تایبەتی بۆ هەریەك لە کاروبارەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و خوێندنی تەکنیکی و خوێندنی پزیشکی، بەمەرجێك پلەی زانستیان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت و خزمەتی زانکۆییان لە (٢٠) ساڵ کەمتر نەبێت و خاوەنی شارەزاییەکی شیاوەییەکی تەواو بن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ماوەی چوار ساڵە وەزارەتی خوێندنی باڵا تەنها (٢) ڕاوێژکاری هەیەو شوێنی دوو ڕاوێژکارەکەی تر لە چوار ساڵی ڕابردوودا چۆل بووە بەبێ ئەوەی پڕ بکرێتەوە. تەنانەت لەو دووانەش دیارنیە کە یەکێك لە ڕاوێژکارەکان بۆ چ کاروبارێکە. جگە لەمە ئەو ڕاوێژکارانەش کە هەن کاری جێبەجێکردن (تنفیذی)یان پێ سپێردراوە.

### ٢٥. سەرۆکی زانکۆکان:

لە دانانی سەرۆکی زانکۆکاندا زۆر کات یاسا پێشێل کراوە، ئەو کەسەی بە سەرۆکی زانکۆ دانراوە مەرجە یاساییەکانی تیادا نەبووە، ئەمەو سەرباری بوونی هەیمەنەی حزبی و دەستخستنە کاروباری زانکۆوە لەکاتی دانانی سەرۆکی زانکۆکاندا کە حزب بە ئارەزووی خۆ دایناوە، جگە لەمە ژمارەیەك لە سەرۆك زانکۆکان ماوەی یاساییان بەسەر چووەو بەبێ ئەوەی بیانگۆڕن یا بەپێی یاسا بۆیان تازە بکەنەوە، سەرباری ئەوەی ژمارەیەك سەرۆکی زانکۆش هەن کە بەوەکالەت پۆستەکانیان بەڕێوە دەبەن. وە زۆربەیان بەپێ ی ئەو ڕێنماییانە دانەنراون کە وەزارەت خۆی بانگەشەی بۆ دەکات گوایە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی سیڤی و چاوپێکەوتن. هۆکاری بەوەکالەت دانانیش لەم پرۆسەیەدا تەنها میزاج و ململانێ بووە.

| ژ | سەرۆکی زانکۆ | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | سەرۆکی زانکۆی سۆران | ٢ خول ماوەی یاسایی بەسەرچووەو ناناویشی مامۆستایە |
| ٢ | سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین | ٢ خول ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٣ | سەرۆکی زانکۆی زاخۆ | ٢ خول ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ٤ | سەرۆکی زانکۆی سلێمانی | بەوەکالەت پۆستەکەی بەرێوە دەبات |
| ٥ | سەرۆکی زانکۆی گەرمیان | بەوەکالەت پۆستەکەی بەرێوە دەبات |
| ٦ | سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین | بەوەکالەت / مەرجی دانانی تێدا نەبووە کە دانراوە نازناوی زانستی مامۆستا بووە. |
| ٧ | سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە | بەوەکالەت پۆستەکەی بەرێوە دەبات |
| ٨ | سەرۆکی زانکۆی چەرمۆ | وەکالەتە |
| ٩ | سەرۆکی زانکۆی کۆیە | بە ئەصیل دانراوەو مەرجەکانی تیایە |
| ١٠ | سەرۆکی زانکۆی دهۆك | ٢ خول ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ١١ | سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | وەکالەتە و ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ١٢ | سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | وەکالەتە و ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ١٣ | سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك | وەکالەتە و ماوەی یاسایی بەسەرچووە |
| ١٤ | سەرۆکی زانکۆی هەولێری پزیشکی | وەکالەتە و ماوەی یاسایی بەسەرچووە |

### ٢٦. ڕاگری کۆلێژ و پەیمانگەکان:

سەبارەت بە شێواز و مەرجەکانی دانانی راگری کۆلیژەکان لە برگەی یەکەمی مادەی (١٤)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ دا هاتووە: "ئەوەی بەڕاگری کۆلیژ دادەمەزرێ دەبێ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێ و بەلانی کەم بەپایەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ و خزمەتی زانکۆیی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بۆ ماوەی چوار ساڵ و لەسەر پێشنیاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ".

بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێ لەکۆی (١٤) زانکۆی حکومیدا کە (١٢٩) راگر لەخۆ دەگرن، جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری لەسەر پشکی حزبی دانراون، لەدانانیاندا یاساش پێشێل کراوە، بۆ نمونە:

ا–حەوت (٧) راگر هەلگری بڕوانامەی ماستەرن لەکاتێکدا دەبێ هەلگری بڕوانامەی دکتۆرابن، لەوانە: (٢ لە زانکۆی هەولێری پزیشکی)، (١ لە زانکۆی گەرمیان)، (٤ لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر) کە دەکاتە رێژەی ٥٪.

ب–سی و چوار (٣٤) راگر پلەی زانستیان (مامۆستا)یە، لەکاتێکدا دەبێ پلەیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت، لەوانە: (٢ لە زانکۆی ڕاپەڕین)، (٢ لە زانکۆی چەرمۆ)، (٢ لە زانکۆی هەڵەبجە)، (٢ لە زانکۆی گەرمیان)، (١ لە زانکۆی سەلاحەدین)، (٢ لە زانکۆی سۆران)، (٤ لە زانکۆی دهۆك)، (٥ لە زانکۆی سلێمانی)، (٥ لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك)، (٥ لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر)، (٧ لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی)، کە دەکاتە رێژەی (25.6%). ئەم ڕێژەیە زیاد دەبێت. تەنها زانکۆی کۆیەو زاخۆ راگرەکانیان تەواوی مەرجەکانیان تیایە.

ج–بەپێی ئەمە واتە بەوانەی هەلگری بڕوانامەی ماستەرن لەگەل ئەوانەی نازناویا مامۆستایە کە ژمارەیان (٤٠) راگرە کە دەکاتە رێژەی (٣١٪) راگر بە نایاسایی دامەزراون!

د–زۆرینەی ئەو راگرانە ماوەی خزمەتیان لە چوار ساڵ تێپەڕی کردووە بەلام هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەرا نەهێنراوە.

هـ–بەشی زۆری راگرەکان بە وەکالەت پۆستەکانیان بەڕێوە دەبەن، بۆ نمونە لە زانکۆکانی سلێمانی و هەڵەبجە و راپەڕین و گەرمیان و چەرمو و پۆلیتەکنیکدا سەرجەم راگرەکان و لە زانکۆکانی تریشدا زۆرینەیان بەوەکالەتن.

### ٢٧. سیستەمی بە ئەلیکترۆنیکردنی وەزارەت:

سیستەمی بەئەلیکترۆنیکردنی وەزارەت کارێکی باشە، هەم بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتینیات و زووتر ڕاییکردنی کارەکان و کەمکردنەوەی تێچووی هاتوچۆش، بەلام لەمەشیاندا وێرای تێچوونی پارەیەکی زۆر و چۆنیەتی ئەنجامدانی گرێبەستەکە کە گومانی دروستکردوە، پرۆژەکە سەرکەوتوو نەبووە.

### ٢٨. ئیفادی زۆری بەرپرسانی خوێندنی باڵا بە بێ بەرنامە:

سەرنجی زۆر لەسەر وەزیری خوێندنی باڵا و ژمارەیەك لە ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و هەندێك سەرۆکی زانکۆ هەیە، کە بەردەوام لە سەفەر و ئیفادن، بێئەوەی گەشتەکانیان هیچ بەرهەمێکی بۆ پێشخستنی خوێندنی باڵا هەبێت. تەنانەت ڕەخنەی ئەوە لە وەزیر و هەندێك لە ستافی وەزارەت دەگیرێت، کە لەبەر سەفەرەکانیان کەمترین دەوام لە وەزارەت دەکەن.

ئەمە جگە لەوەی لە سەفەر و ئیفادەکانیشدا چەند کەسێك بەردەوام دووبارە دەبنەوە، کە بە مەحسوبیەتی حیزبی و خزمێنە و لێکنزیکی دادەنرێن، بۆ نمونە: کەناڵی ئێن ئارتی بە پێی چەند بەڵگەنامەیەك کە بڵاوی کردەوە، لە هەردوو زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سەرۆکی زانکۆکان بە ناوی بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکاندا، گەشتی وڵاتانیان بۆ خۆیان و هاوڕێ و کەسانی حیزبی نزیك لە خۆیان بۆ دەرەوەی وڵات قۆرخ کردوە. بە پێی بەڵگەنامەکان بەرپرسانی ئەو دوو زانکۆیە بۆ بەشداریکردن لە بانگهێشتنامە دەرەکی و زانستییە پسپۆڕییەکاندا خۆیان یان خزمی خۆیان ناردووەتە دەرەوەی وڵات، ئەوەش لە کاتێکدایە کە نە خۆیان و نە ئەو کەسانەی کە ناردویانن پسپۆڕییەکانیان هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکی ئەو چالاکییەوە نەبووە، کە سەردانیان بۆ کردوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، ڕاگری سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان کە خزمی نزیکی خۆیەتی، بە نوێنەرایەتی زانکۆی سلێمانی ناردوویەتی بۆ زانکۆی کارۆلینسکای پزیشکی لە سوید.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەو زانکۆیەی سوید زانکۆیەکی پزیشکییە لە بوارەکانی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەدا، بەڵام ڕاگری سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان دکتۆرای لە ڕاگەیاندندا هەیە و پسپۆڕییەکەی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ کارەکانی ئەو زانکۆ سویدییەدا نیە، لە زانکۆی سلێمانیشدا بە دەیان دکتۆر و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا هەن، کە پسپۆڕییەکانیان لە بوارەکانی پزیشکیدایە، بەڵام سەرۆکی زانکۆ ئەوانی لەو سەردانە دوورخستوەتەوە، وەك نوێنەری زانکۆ ناردوویەتیە سوێد.

هاوکات لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا لە مالیزیا کۆنفرانسی نانۆ تەکنەلۆجی بەڕێوەچوو، بە پێی بەڵگەنامەیەکیش چەند کەسێك وەك نوێنەری زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی چوونەتە مالیزیا و بەشدارییان لەو کۆنفرانسەدا کردوە. لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی هەریەکە لە سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ کە پسپۆڕییەکەی لە کۆمپیوتەردایە و بەڕێوەبەری تۆمارگای گشتی زانکۆ سەردانی مالیزیایان کردوە.

هەروەها لە زانکۆی سلێمانیش بڕیاربووە هەریەکە لە سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان و هاوڕێیەکی نزیکی سەرۆکی زانکۆیە، ناویان بۆ سەردانیکردنی کۆنفرانسی نانۆ تەکنەلۆجیا نوسراوە. ئەو کەسانەی لەو دوو زانکۆیە سەردانی مالیزیایان کردووە، هیچ کامیان پەیوەندییان بە زانستی نانۆ تەکنەلۆجیاوە نەبووە و تەنها لە ڕێگەی خزمایەتی و پەیوەندیی حیزبایەتییەوە نێردراون بۆ ئەو کۆنفرانسە. هاوکات دواتر و بە هۆی ئاشکراکردنی کێشەکانی زانکۆی سلێمانی لەلایەن ئێن ئارتییەوە و هەروەها بە هۆی ترسی خۆپیشاندانی خوێندکارانەوە، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی ناوی خۆی و ڕاگری سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە گەشتکردن بۆ مالیزیا لادەبات.

ڕەخنەگرانی کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێم باس لەوە دەکەن، زانکۆکانی کوردستان پڕن لە کێشە و قەیران، بەڵام سەرۆکی زانکۆکان لەبری هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو کێشانە، بەردەوام لە هەوڵی ئەنجامدانی گەشت و ئیفاددان و هەمیشە خۆیان و هاوڕێ و کەسانی نزیك لە خۆیان بە ناوی بەشداریکردن لە سیمینارەکاندا دەنێرنە وڵاتانی دەرەوە.

## ٢٩. گرفتەکانی ڕیزبەندی نیشتمانی:

ڕیزبەندی نیشتمانیی زانکۆکان بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەیەکی باشە، بەلام شێوازی ڕاگەیاندنی گرفتی دروستکردووە، هۆکارەکەیشی ترس بوو لەهەندێك زانکۆ کە نەوەك نەچنە ناوپرۆسەکەوە بۆیە (مراعات) دەکران، ئەمەش وایکرد کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بە هۆی جیاوازیکردن لە نێوان زانکۆکانەوە ناڕەزایی لێبکەوێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو زانکۆکانیش لە وەزارەت ڕازی بن، ئەمساڵ دڵی هیچ زانکۆیەکی نەشکاندبوو، هەر هەموی بوو بوو بە یەکەم، هەموشی خۆی بە براوە دەزانی. کە لێرەدا ریزبەندی زانکۆکان بەو شێوەیەی وەزارەت ڕایگەیاندبوو بەم جۆرە بوو:

**ریزبەندی نیشتمانی زانکۆکان بۆ ساڵی ٢٠١٥**

**زانکۆ حکومیەکان**

| گروپ | ناوی زانکۆ |
|---|---|
| گروپی (A) | هیچ زانکۆیەکی حکومی نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە |
| گروپی (B) | زانکۆی کۆیە |
| | زانکۆی سەلاحەدین |
| | زانکۆی سۆران |
| | زانکۆی سلێمانی |
| | زانکۆی زاخۆ |
| گروپی (C) | زانکۆی دهۆك |
| | زانکۆی گەرمیان |
| | زانکۆی هەولێری پزیشکی |
| | زانکۆی ڕاپەڕین |
| گروپی (D) | زانکۆی چەرمۆ |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر |
| | زانکۆی هەڵەبجە |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |

**زانکۆ ئەهلیەکان**

| گروپ | ناوی زانکۆ |
|---|---|
| گروپی (A) | هیچ زانکۆیەکی ئەهلی نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە |
| گروپی (B) | زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی |
| | زانکۆی جیهان/ سلێمانی |
| | زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی |
| گروپی (C) | زانکۆی جیهان/ هەولێر |
| | زانکۆی ئیشق |
| | زانکۆی کۆمار |
| | زانکۆی نەورۆز |
| گروپی (D) | زانکۆی بەیان |
| | زانکۆی جیهان/ دهۆك |
| | زانکۆی حەیات |
| | زانکۆی لوبنانی فەرەنسی |
| | زانکۆی سابیس |

## ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکان بۆ ساڵی ٢٠١٦

| زانکۆ حکومیەکان | |
|---|---|
| **گروپ** | **ناوی زانکۆ** |
| گروپی (A) | هیچ زانکۆیەکی حکومی نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە |
| گروپی (B) | زانکۆی سۆران |
| | زانکۆی کۆیە |
| | زانکۆی سلێمانی |
| | زانکۆی هەولێری پزیشکی |
| | زانکۆی دهۆک |
| | زانکۆی سەلاحەدین |
| گروپی (C) | زانکۆی زاخۆ |
| | زانکۆی چەرمو |
| | زانکۆی هەڵەبجە |
| | زانکۆی ڕاپەڕین |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| گروپی (D) | زانکۆی گەرمیان |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر |

| زانکۆ ئەهلیەکان | |
|---|---|
| **گروپ** | **ناوی زانکۆ** |
| گروپی (A) | هیچ زانکۆیەکی ئەهلی نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە |
| گروپی (B) | زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی |
| | زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی |
| | زانکۆی لوبنانی فەرەنسی |
| | زانکۆی ئیشق |
| گروپی (C) | زانکۆی جیهان/ هەولێر |
| | زانکۆی جیهان/سلێمانی |
| | زانکۆی کۆمار |
| | |
| گروپی (D) | زانکۆی نەورۆز |
| | زانکۆی ئەربیل |
| | زانکۆی جیهان/ دهۆک |
| | زانکۆی بەیان |
| | زانکۆی ئەمەریکی کوردستان |
| | زانکۆی حەیات |

# ریزبەندی نیشتمانی زانكۆكان بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨

| زانكۆ حكومیەكان | |
|---|---|
| **گروپ** | **ناوی زانكۆ** |
| گروپی (A) | هیچ زانكۆیەكی حكومی نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە |
| گروپی (B) | زانكۆی سەلاحەدین |
| | زانكۆی سلێمانی |
| | زانكۆی سۆران |
| | زانكۆی كوردستان – هەولێر |
| | زانكۆی كۆیە |
| | زانكۆی هەولێری پزیشكی |
| گروپی (C) | زانكۆی چەرموو |
| | زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی |
| | زانكۆی دهۆك |
| | زانكۆی گەرمیان |
| | زانكۆی زاخۆ |
| | زانكۆی ڕاپەڕین |
| گروپی (D) | زانكۆی پۆلیتەكنیكی دهۆك |
| | زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر |
| | زانكۆی هەڵەبجە |

| زانكۆ ئەهلیەكان | |
|---|---|
| **گروپ** | **ناوی زانكۆ** |
| گروپی (A) | هیچ زانكۆیەكی ئەهلی نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە |
| گروپی (B) | زانكۆی ئەمەریكی لە عیراق سلێمانی |
| | زانكۆی ئیشك |
| | زانكۆی جیهان هەولێر |
| | زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی |
| | زانكۆی كۆمار بۆ زانست و تەكنۆلۆجیا |
| | زانكۆی نەورۆز |
| گروپی (C) | زانكۆی جیهان/ دهۆك |
| | زانكۆی جیهان/سلێمانی |
| | زانكۆی لوبنانی فەرەنسی |
| گروپی (D) | زانكۆی ئەربیلی نێودەولەتی |
| | زانكۆی بەیان |
| | زانكۆی نۆلج |
| | زانكۆی كاسۆلیك |

ئەوەی جێگەی تێرامان بوو، لە ڕاگەیاندنی ریزبەندییەكەدا، وردەكارییەكان نەخراوەتەڕو، بۆ نمونە نازانرێت نمرەی هیچ كام لەو پێنج زانكۆیانەی باشترینن لە پێوەرەكاندا چەندەو ئایا كام لەو پێوەرانە زۆرترین خاڵی لەسەربووەو وایكردوە زانكۆكەكانی هەرێم ببنە پێشەنگ و ئەوانی تریش بەدوایاندا ریز بكرێن. یەكێك لەو خاڵانەی سەرنجی چاودێرانی ڕاكێشاوەیە ئەوەیە كە بەگوێرەی ریزبەندییەكە زانكۆی سەلاحەدین لوتكەی گروپی بی و زانكۆی سلێمانیشدا لەدوایدا دێت بێئەوەی هیچكام لەو زانكۆیانە لە ریزبەندی پێوەرەكاندا یەكەم بن.

لە ریزبەندكردنی زانكۆكان لەجیهان پشت بەچەند پێوەرێك دەبەسترێت كە گرنگترینیان بە ئەی ئاڕ دەبلیو یەوە نمرەی لەسەر پێوەرێك داناوە لەدەستنیشانكردنی ریزبەندی زانكۆكاندا لەوانە كوالێتی خوێندن، ستافی ئەكادیمی، توێژینەوەی زانستی. پێوەرێكی تری جیهانیش تی ئێچ ئی ئێس-كیو ئێسەو تا رادەیەكی زۆر پێوەرەكانی نزیكە لەوەی سەرەوە .

پێوەرێکی تریش وێبۆمێتریکسی ئیسپانیاو پشت بەچالاکی پێگەی زانکۆو پەیمانگا جیهانییەکان دەبەستێت و ئامانج لێی هاندانی نێوەندە ئەکادیمیەکانە بۆئەوەی چالاکییە زانستییەکانیان لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بەجیهان بناسێنن نەک پۆلێنکردنی زانکۆو پەیمانگاکان.

ماوەی سێ ساڵە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە ڕیزبەندی زانکۆ حکومیو ئەهلییەکان ڕادەگەیەنرێت. سالانی (٢٠١٥) و (٢٠١٦) ناوی پێوەرەکان بە شێوەیەی (٢٠١٧-٢٠١٨) بڵاونەدەکرایەوە تەنیا ڕیزبەندییەکە ڕادەگەیەنرا .

بەوتەی لێپرسراوانی وەزارەت ئامانج لە ڕاگەیاندنی دروستکردنی کێبڕکێی زانستییە لەنێوان زانکۆکانو بەرزکردنەوەی ئاستییان. بەشێك لەو پێوەرانەی لەدیاریکردنی ڕیزبەندییەکەدا پشتی دەبەسترێت پەیوەندی هەیە بەو بڕە پارەیەی لەبەردەستی بەڕێوەبەرانی زانکۆکاکاندایە، لەوانە ستافو چالاکی نێودەوڵەتیو ڕێکخستنی کۆنفرانسو دابینکردنی سەرچاوەی زانستی. تەرخانەکردنی بڕەپارەیەك لەلایەن وەزارەتەوە بۆ ئەو جۆرە چالاکیانەو جیاوازیکردن لەنێوان زانکۆکانی هەردو دەڤەر وایکردوە بەشێك لەو زانکۆیانە ئەو جۆرە ڕیزبەندییانە بە ڕەوا نەبینن. لەبەرئەوەی هەندێك زانکۆی نزیك لەبەرپرسەکان بودجەی زیاتریان لەبەردەستدا بێت بۆئەوەی ستاف ئەکادیمی لەدەرەوە بهێننو چۆنیان بوێت چالاکی ئەنجام بدەن. خاڵێکی تریش کە دەکرێت مایەی پرسیار بێت ئەوەیە بۆچی وەزارەتی خوێندنی باڵا پشت بەپێوەرە نێودەوڵەتییەکان نابەستێتو بۆخۆی پێوەر بۆڕیزبەندییەکە دادەتاشێت.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن دامەزراوەی ویبۆمیترکس ڕاگەیەندرا، کە ڕیزبەندی زانکۆکانی کوردستان لەڕیزبەندی جیهانی بەم شێوەی خوارەوەیە:

| ژ | ناوی زانکۆ | پێگەی لە ڕیزبەندی جیهانیدا ٢٠١٧ |
|---|---|---|
| | | |
| ١ | زانکۆی کۆیە | ٤٧٤٦ |
| ٢ | زانکۆی سۆران | ٥٦٧٤ |
| ٣ | زانکۆی سلێمانی | ٦٠٢٩ |
| ٤ | زانکۆی دهۆك | ٧٣٦٠ |
| ٥ | زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی | ٧٩٣٩ |
| ٦ | زانکۆی کەرکوك | ٨٠٥٣ |
| ٧ | زانکۆی ئیشق | ٩٢٨٨ |
| ٨ | زانکۆی کوردستان | ٩٥٩٢ |
| ٩ | زانکۆی سەلاحەددین | ١٠١٧٠ |
| ١٠ | زانکۆی ڕاپەڕین | ١٢٣٤٩ |
| ١١ | زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی | ١٣٤٢٦ |
| ١٢ | زانکۆی پزیشکی هەولێر | ١٣٦٥٠ |
| ١٣ | زانکۆی زاخۆ | ١٣٩٣٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | زانكۆی ئەمریكی لە سلێمانی | ١٤٥٥٩ |
| ١٥ | زانكۆی كۆمار بۆ زانست وتەكنەلۆژیا | ١٤٨٦٠ |
| ١٦ | زانكۆی پۆلۆتەكنیكی هەولێر | ١٩٢١٥ |
| ١٧ | دەستەی كوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی | ٢٠٣٧٣ |
| ١٨ | زانكۆی جیهان لەهەولێر | ٢٠٦٢٥ |
| ١٩ | زانكۆی پۆلۆتەكنیكی دهۆك | ٢٠٦٩٩ |
| ٢٠ | زانكۆی ئەمریكی كوردستان | ٢١٢٥٧ |
| ٢١ | زانكۆی لوبنانی فەرەنسی لە هەولێر | ٢١٣٣٤ |
| ٢٢ | زانكۆی حەیاتی تایبەت | ٢١٦٨٥ |
| ٢٣ | زانكۆی نەورۆز | ٢١٨٧٥ |
| ٢٤ | بۆردی كوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشكیەكان | ٢٢٠٥٤ |
| ٢٥ | زانكۆی چەرمۆ | ٢٤١٥٤ |
| ٢٦ | زانكۆی بەیان | ٢٤٩٢٧ |
| ٢٧ | زانكۆی جیهان لە سلێمانی | ٢٥١٠٦ |
| ٢٨ | زانكۆی هەڵەبجە | ٢٦٣٣١ |
| ٢٩ | زانكۆی گەرمیان | ٢٦٦٥٩ |

هەروەها بەپێی پێوەری دامەزراوەی وێبۆمێتریكس لە مانگی یەكی ٢٠١٩ دا ڕێزبەندی زانكۆكانی كوردستان بەم شێوەیە بوو:

| ژ | ناوی زانكۆ | پێگەی لە ریزبەندی جیهانیدا ٢٠١٩ |
|---|---|---|
| ١ | زانكۆی كۆیە | ٩٢١ |
| ٢ | زانكۆی ئەمەریكی لە سلێمانی | ١٤٨٥ |
| ٣ | زانكۆی كوردستان لە هەولێر | ١٧٤٢ |
| ٤ | زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی | ٢٣٠٢ |
| ٥ | زانكۆی هەولێری پزیشكی | ٢٣٢٠ |
| ٦ | زانكۆی دهۆك | ٢٦٧٧ |
| ٧ | زانكۆی ئیشق | ٢٨١٢ |
| ٨ | زانكۆی سەلاحەدین | ٤٤٠٦ |
| ٩ | زانكۆی سۆران | ٦٠٧٤ |
| ١٠ | زانكۆی زاخۆ | ٦٢٦٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | زانكۆی نەورۆز | ٦٣٠٦ |
| ١٢ | زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی | ٦٤٠٧ |
| ١٣ | زانكۆی سلێمانی | ٧١٧١ |
| ١٤ | زانكۆی جیهان له هەولێر | ٩٦٧٧ |
| ١٥ | زانكۆی پۆلۆتەكنیكی دهۆك | ١٠٠٧٥ |
| ١٦ | زانكۆی كۆمار | ١٠٨٩٢ |
| ١٧ | زانكۆی راپەڕین | ١١١٧٦ |
| ١٨ | زانكۆی گەرمیان | ١٣١٢٥ |
| ١٩ | زانكۆی جیهان له سلێمانی | ١٣٦٢٩ |
| ٢٠ | زانكۆی بەیان | ١٤٣٧٦ |
| ٢١ | زانكۆی هەڵەبجە | ١٥٩٣١ |
| ٢٢ | زانكۆی هەولێری پۆلیتەكنیك | ١٧٢٤٠ |
| ٢٣ | زانكۆی چەرمۆ | ١٧٧٤٣ |
| ٢٤ | زانكۆی لوبنانی فەرەنسی | ١٧٨٩٢ |
| ٢٥ | زانكۆی جیهان له دهۆك | ١٩٦٣٠ |
| ٢٦ | زانكۆی ئەمەریكی له كوردستان | ٢٣٥٤٥ |
| ٢٧ | زانكۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی | ٢٥٤٤٧ |

پێویسته بگوترێ ئەم ریزبەندیه به پۆلێنی ویبۆمیترکس (Webometrics Ranking of World Universities)ئەنجامدراوەو ئەم پۆلێنە له مەدریدی ئیسپانیایه وهەڵسەنگاندن بۆ زانكۆو پەیمانگاكان دەكات وهەڵسەنگاندنەكەی لەسەر وێبسایتی زانكۆكان دەبێت، پێوەرەكانی بریتیه لە: (٥٠٪كاریگەری وێبسایتی زانكۆ بەتایبەتی بەهاو سودی زانیاریەكان وئەدای ئەكادیمی وئەو خزمەتگوزاریانەی پێشكەشی دەكات، ٢٠٪ژمارەی ئەو لاپەڕە ئەلیكترۆنیانەی زانكۆ كە گۆگل دەیخوێنێتەوە، ١٥٪گەنجینەی دۆسیە ئەلیكترۆنیەكانی وەك (ppt pdf doc)كەبەكەڵكی بەكارهێنان بێت، ١٥٪ توێژینەوە بڵاوكراوەكان وئامـاژەدان بە توێژینەوەكان وەكو سەرچاوەی زانستی).

ریزبەندی زانكۆكانی كوردستان زۆر نزمن. بەتایبەتی ئەگەر بزانین كە پۆلێنی ویبۆمیترکس (Webometrics Ranking of World Universities)سادەترین وئاسانترین پۆلێنی زانكۆكانی جیهانە بەبەراورد لەگەل پۆلێنەكانی (پۆلێنی زانكۆی شەنگەهای، پۆلێنی گۆڤاری تایمز بۆ خوێندنی باڵا، پۆلێنی كواكواریلی سیموندس QS لەلەندەن). هەروەها بەبەراورد بەپۆلێنە هەرێمیەكانی زانكۆ وەك: (پۆلێنی یەكێتی ئەوروپا، پۆلێنی ئیرلەندا، پۆلێنی ئینگلیزی، پۆلێنی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا).

ئەوەی جێگای نیگەرانیە، زۆر لە زانكۆكانی ئەفریقیا لەپێش زانكۆكانی كوردستانن، كەئەمەش شكستی سیستەم وسەركردەو بەڕێوەبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا وزانكۆكانی كوردستان نیشان دەدات.

لەم ریزبەندیە راستی گەورەمان بۆ روندەبێتەوە سەبارەت بە ئاستی زانكۆ ئەهلیەكانی كوردستان، ئەویش ئەوەیە كە ئەو زانكۆ ئەهلی وتایبەتانەی كەناو ونازناوی گەورەو قەبەی وەك ئەمریكی وفەرەنسی وهتد... لەخۆناوە ئاستەكانیان لەزانكۆ حكومیەكان زۆر نزمترە سەرەرای ئەو بودجە زەبەلاحەی بۆیان خەرج دەكرێت لە بودجەی هەرێم وپارەی نەوتی كوردستان.

هەروەها ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە ریزبەندی زانكۆی (موسل)ە، كە زانكۆیەكی ویرانكراوە لەرووی ژێرخانی بینا وتەكنیكی بیشكەوتوو هەروەها زانكۆیەكە ئاوارەكراوە لە شارەكانی هەولێرو دهۆك وكەركوك، دەبینین ریزبەندیەكەی جوارەمە لەسەر ئاستی عێراق ولەئاستی جیهانیش (٣٤٥٨) وریزبەندیەكەی دەكەوێتە پێش گشت زانكۆكانی كوردستان.

هەروەها كۆنترین وگەورەترین زانكۆی كوردستان كە زانكۆی سەلاحەددینە لەهەولێر دەبینین ریزبەندیەكەی بەپێی ساڵی ٢٠١٧ لەپلەی (١٠١٧٠) ـە، كە ریزبەندیەكەی دوای زۆرێك لە زانكۆ ئەفریقیەكان هاتووە، وەك (زانكۆی زامبیا (٢٦٤٨)، زانكۆی كادی ئایاد ماراكچ لە مۆرۆكۆ (١٩٩٤)، زانكۆی كسمایۆ (٥٨٤٥) لەسۆماڵ، زانكۆی رەواندا لە رەواندا (٣٥٥٧)، زانكۆی ئێدواردۆمۆندلانا لە مۆزەمبیق (١٨٩٩) وزانكۆی دیلۆمی لە تۆگۆ (٤٥٣٠) وزۆر لەزانكۆكانی ئەفریقیا لەپێش زانكۆكانی كوردستانن كە هەندێك لەو وڵاتانە رێژەی بێكاری نێو گەنجانی دەگاتە ٧٠٪ وووڵاتەكانیان لە هەژارترین وڵاتی جیهانە.

### ٣٠. جیاوازی كردن لە ئیمتیازات:

دەوام كردن لە پشووی هاویندا بە دەرماڵەو مووچەی تەواو جیاوازیەكی زۆر دەكرێت لە نێوان سەرۆكی زانكۆكان و یاریدەدەرەكانیان و ڕاگرەكان و سەرۆك بەشەكان و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەكان لە سەرۆكایەتی زانكۆ لە دەستەی وانەوتنەوە، ئەژماركردنی دەوام كردن بۆ (سەرۆكی زانكۆ و یاریدەدەرەكان و ڕاگرەكان) بە مووچەو دەرماڵەی تەواو بەڵام بۆ (سەرۆك بەشەكان و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەكان لە سەرۆكایەتی زانكۆ لە دەستەی وانەوتنەوە) تەنها بە (٧٥) كاتژمێر لە مانگەكەدا ئەمەش جیاوازی و ستەمێكی زۆرە. هۆكارەكەیشی بۆ خراپی ڕێنماییەكە دەگەڕێتەوە، سەرباری ئەوەی چەند ساڵێكە ناڕەزایی دەردەبڕدرێت بەلام وەزارەت پشتگوێی خستووەو هیچ گۆڕانكارییەكی بەسەر ڕێنماییەكەدا نەهێناو هەمواری نەكرد.

### ٣١. وەك پێویست نەبوونی ژینگەی ناوەندەكانی خوێندن:

لە بەشێكی بەرچاوی ناوەندەكانی خوێندندا ژینگەی خوێندن وەك پێویست نیە، هەر لە نەبوونی هۆكارەكانی گەرمی و ساردكردنەوە، گرفتی كارەبا لەهەندێك شوێندا، وەك پێویست نەبوونی پاكوخاوێنی تیایاندا كە سیمایەكی ناشارستانیە لەناوەندێكی زانستی وەك زانكۆدا نەبێت، تەنانەت لە بەشێكیاندا تەوالێت و دەستشۆرەكان داخراون یا وەك پێویست نین.

### ٣٢. دابڕانی زانکۆکان لە کایەی هونەری و رۆشنبیری:

زانکۆ پێویستە کانگەی جولانەوە هونەری و رۆشنبیرییەکان بێت، بەلام زانکۆکانی ئێمە بەتەواوی لەو بوارانە دابڕاون و هەر بۆیەشە کەمترین کاریگەرییان بەسەر گۆڕانکارییە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانەوە هەیە، نەبوونی سینەماو شانۆ و چالاکیە رۆشنبیرییەکان لەزانکۆکاندا بەزەقی دەبینرێت.

# شەشەم: تەوەری کاروباری خوێندکاران

## ١. گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خوێندکاران:

ئـەم بەڕێوەبەرایەتیانـە گرفتیـان زۆرە، لـە بەشـێك لـە زانكۆكانـدا یاریـدەدەری سـەرۆكی زانكـۆ بـۆ كاروبـاری خوێنـدكاران نیـە، یـاخود ئەگـەر هەشـبێت كەسـێكی تـر بەوەكالـەت بـەڕێوەی دەبـات، ئەمـەش بۆتەمایـەی ئـەوەی پشتگوێ بخرێت، سالانە خۆپیشاندان و نارەزایی خوێندكاران دەبینرێت لەبەرامبـەر بـەرپرس و بەرێوەبـەرەكانی ئـەم بەشـە بـەهۆی كەمتەرخـەمی و خراپـی خزمـەتگوزاری و بەدەنگەوەنەچـوون و هەلسـوكەوتی نەشـیاوی هەنـدێك لـە فەرمانبەر حزبیەكانی ئەم بەشانەوە.

## ٢. گرفتی بەشەناوخۆییەكان:

بەشەناوخۆییەكان وەك پێویست نین، سەرباری ئەوەی سالآنە برێك پارە لـە خوێنـدكاران وەردەگیرێـت (دوو سـالە لەژێر فشاردا ئەم وەرگرتنـە راگیراوە)، پێداویسـتیەكانیان وەك پێویسـت دابـین نـەكراوە، لـە ئـاوی گـەرم و كارەبـا و گەرمی و ساردی، چەندین گرفتی تر. هەر بۆیەشە بەردەوام ناڕەزایەتیی خوێندكاران سەرهەڵدەدات.

جگە لەمە لە هەندێك لە بەشە ناوخۆییەكاندا كادرانی حیزبی كراونەتـە بەرپرسـی بەشـە ناوخۆییـەكان و لـە سـاتی داخوازیەكانیانـدا مامەڵـەی نـەگونجاو دەكـەن! ئـەركی حكومەتـە بەشـی نـاوخۆیی دابـین بكـات بـە تـەواوی خزمەتگوزاریەكانەوە ! ناكرێ وابزانن خێر بەقوتابیان دەكەن، كە لەو بەشە ناوخۆییانەدا دەمێننەوە.

وەزارەت بە ناوی سەرچاوەی داهات بۆ زانكۆ و پـەیمانگاكان، بریـارێكی نابـەجێی بەسـەر كـوڕ و كچـی هەژارانـدا سەپاند، ئەویش بریتی بوو لە وەرگرتنی پارە لە خوێندكارانی بەشـە ناوخۆییـەكان بـە بـڕی سـەد هـەزار دینـار و بـڕی بیست هەزار دینار بۆ خوێندكارێك گەر داوای پشتگیری دەرچون بكات و بڕی پەنجا هەزار دینـار بـۆ هـەر نوسـخەیەكی بڕوانامە، كە ئەمەش بارگرانیەكی زۆری خستۆتە سـەر شـانی خوێنـدكاران و چـەندین خوێنـدكار بـە هـۆی ئـەم بڕیـارە سەقەتەوە وازییان لە خوێندن هێناوە.

## ٣. ڕێكخراوەكانی قوتابیان و خوێندكاران:

ڕێكخراوەكـانی قوتابیـان و خوێنـدكاران، بەتایبـەت لـە پارێزگاكـانی هـەولێر و دهۆكـدا (یـەكێتی قوتابیـانی كوردستان)ی سەر بە پارتی و لە پارێزگاكانی سلێمانی و هەڵەبجـەدا (كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كوردسـتان)ی سـەر بـە یـەكێتی، هـەر یەكـەیان بـە حـوكمی باڵادەسـتی حزبـەكانیان لـەنێو زانكۆكانـدا باڵادەسـتن، ئـەم ڕێكخراوانـە زۆرتـرین تـەداخولی كاروبـاری زانكـۆ و پەیمانگـەكان دەكـەن، نوێنـەرەكانی خوێنـدكاران و قوتابیـان لەهـەر دەڤـەرەی بـەپێی باڵادەسـتی حزبـەكانیان لـەو ڕێكخراوانـەن و بـەبێ ئـەوەی بـە هەڵبـژاردنیش دەستنیشـانكرابن، دواهەڵبـژاردنی ڕێكخراوەكانی خوێندكاران و قوتابیان سـالی ٢٠٠٤ بـوو، واتـە (١٥) سـاڵ لەمەوبـەر، كەچـی تـا ئێسـتاشی لەگەڵـدابێت ناڕاستەوخۆ لەسەر بنچینەی هەمان هەڵبژاردن بەڕێوە دەچن. ئەم ڕێكخراوانە لەنێو زانكۆكاندا لەژێر ناو و تایتلی تـردا ژووری تایبەتیان بەناوی نوێنەرایەتیەوە هەیەو كاری ڕێكخراوەیی خۆیانی تیادا دەكەن.

٤. **مۆتەکەی قبوڵ مەرکەزی و وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ:**

نەگەڕانـەوەی بەشـێك لـە نـاوی خوێنـدکاران سـاڵانە، کـە ڕێژەیـەکی زۆرە، بەشـێکی بـۆ بێپلانـی وەزارەتـەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا دەگەڕێتەوە، بەشێکیشی جۆرێکە لە بازرگانی و بـازاڕ پەیـداکردن بـۆ زانکـۆ ئەهلییـەکان لـە هەرێمی کوردستاندا. جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو لە ئەمساڵدا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی ١٢ی ئامـادەیی لـە هـەرێمی کوردستان لە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەك ناویان نەهاتـەوە کـە هەندێکیان نمـرەی بەرزیشـیان بەدەسـتهێناوە، ئـەوەش نیگەرانی خوێندکاران و کەسوکارەکانیانی لێکەوتووەتەوە و لە ماوەی ڕابردوودا و چـەندین خۆپیشـاندانیان لـە ناوچـە جیاوازەکانی هەرێم ئەنجامداوە.

ئەمەش دوای ئەو بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا هات کە بۆ ئەمساڵی خوێندن دایانبوو کـە ڕێـژەی لەسـەدا ٧٠ی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکان بۆ ئەو خوێندکارانە تەرخان کرا کە لە خـولی یەکـەم دەرچـوو بـوون هـەروەها ڕێـژەی سەدا ٣٠ یش بۆ ئەو خوێندکارانە تەرخان کرا کە لە خولی دووەم دەرچووبوون.

نەهاتنـەوەی نـاوی بەشـێك لـەو دەرچـووانە لەکاتێکدایـە لەهـەرێمی کوردسـتان ١٦ زانکـۆی حکـومی هەیـە، کـە دابەشبون بەسەر شارەکانی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشـدا ١٩ زانکـۆ و ١٤ پـەیمانگای ئـەهلییش هـەن کـە هەنـدێکیان ئەمساڵ کراونەتەوەو ساڵانە بە پارەیەکی زۆر خوێندکار لە بەشەکانیان دەخوێنێت و زۆرینـەی ئـەو زانکـۆ و پـەیمانگا ئەهلیانە هی بەرپرسانی پارتی و یەکێتین. وەك بەشێك لە شارازایانی بواری خوێندن ئامـاژەی پێدەکـەن حکومـەت لـە ڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەیـەوێت بەشـێکی زۆر لـە خوێنـدکاران بنێرێتـە زانکـۆ و پـەیمانگا ئەهلییـەکان کـە کرێی ساڵانەی خوێندن تیایاندا زۆرە و لە توانای ئەواندا نییە.

بەمەش وەرنەگرتنی خوێندکاران بەو ڕێژە زۆرە جۆرێکـە لـە بازرگـانی و بـازاڕ پەیداکردنـە بـۆ زانکـۆ ئەهلییـەکان، چونکە حزبە باڵادەستەکان هاوشێوەی کەرتەکانی دیکە دەستیان بەسەر کەرتی خوێندندا گرتووە و لـە مـاوەی چـەند ساڵێکدا دەیان زانکۆی ئەهلیان کردووەتەوە و بە برە پارەیەکی زۆر خوێندکار وەردەگرن.

بۆ نمونە: ساڵی پار وەزارەتی خوێندنی باڵا بەهۆی وەرنـەگرتنیان لـە زانکـۆ و پـەیمانگاکان نزیکـەی پێـنج هـەزار خوێندکاری بێبەشکرد لە خوێندن، بەجۆرێك ئەو خوێندکارەی کە کۆنمرەی ٦٢ بـە خوارەبێـت نـاوی نەگـەڕاوە، بـەڵام ئەمساڵ بە پێچەوانەوە بۆ لقی زانستی کۆنمرەی ٥٠ ناوی گەڕاوەتەوە، ئەوانەی پارساڵ ئەمساڵ چاوەڕێی گەڕانـەوەی ناوەکانیان بوون لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڵام هیچیان ناویان نەگەڕاوە.

کێشـەیەکی تـر کـە بـەرۆکی خوێنـدکارانی گرتـووەو سـالانە بەهۆیـەوە غـەدریان لێـدەکرێت مەسـەلەی (گشـتی، پاریزگا)یـە، کەبەهۆیـەوە سـاڵانێکە جیـاوازی لـەنێوان خوێندکارانـدا دەکرێـت بەبێئـەوەی وەزارەت چارەسـەریی بـۆ بدۆزێتەوە.

ئەمەو جگە لە دواکەوتنی گەڕانەوەی ناوی خوێندکارانی دەرچووی پۆلی ١٢ لە قبولی مەرکەزی، واتـا خوێنـداکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ، ئەمەش گرفتی دروستکردوە، بە هۆی ئەوەی هەندێك سـاڵ تـا مـانگی ١٢ دەسـت بـە خوێنـدن ناکرێت. گۆڕانکاری بەردەوام ساڵانە لە ڕێنماییەکانی شێوازی وەرگرتنی خوێندکاران لـە زانکـۆو پـەیمانگاکان ئەمـەش هەندێك جار بەهۆی بێ ئاگایی یـاخود درەنـگ دەرچـوونی ڕێنماییەکانـەوە خوێنـدکار زەرەرمەنـد دەبێـت کـە زۆرجـار بڕیارەکان لە ناوەڕاستی یاخود کۆتـایی سـاڵی خوێندنـدا دەردەچێت. بـۆ نمونـە ئەمسـاڵ تـا ٢٠١٨/١٢/٣١ پرۆسـەی

ناوەدەرچوون و گواستنەوە بەردەوام بوو. پێویستە ڕێنماییەکان کۆنکریتی بن و بڕیارەکان دیراسەکراو بن تا ئاوا زوو زوو گۆڕانکاری ئەنجامنەدەن. جگە لەمەش هۆکارێکی تر لەو پاشاگەردانیە تێکەڵ و پێکەڵی لیژنەکەیە کە هەر ڕۆژەی کەسێك سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی دەکات.

### ٥. مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران:

گەلێ کات مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لەهەمبەر داواکردنی مافەکانیاندا دەبینرێت، بەلام زۆربەی کات بە شێوازی نەشیاو بەرپرسانی زانکۆکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، لەتازەترین خۆپیشاندان و مانگرتن نارەزاییەکانی خوێندکارانی بەشەناوخۆییەکانی سلێمانی بوو کە لەسەر داواکردنی مافەکانیان (خزمەتگوزارییەکان، کارەبای بەردەوام، ئاوی گەرم، پاك کردنەوە، سەرپەرشتیاری و چەند داوایەکی تر) لەبەشەناوخۆییەکانیان هاتنە دەرەوەو نارەزاییان دەبڕی، بەلام بەرپرسانی زانکۆی سلێمانی بە نەشیاوترین شێواز ڕووبەڕوویان بوونەوە. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە خۆپیشاندان و نارەزاییەکان چەند ڕۆژێك بخایەنێت و تەنانەت لەهەندێك کۆلیژو بەشدا بووە هۆی پەکخستنی پرۆسەی خوێندن.

### ٦. گرفتی ئامادەنەبوون (غیابات)ی خوێندکاران:

خوێندکار مەسەلەی غیابات بە جددی وەرناگرێت، لەبەرئەوەی مامۆستایان و سەرۆك بەش و زانکۆکان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان ئەوەندە گرنگی بەو بابەتە نادەن بە پێی ڕێنمایی و یاساکان کارناکەن و خوێندکار جاری واهەیە زۆریش غیاب دەبێت چونکە دەزانێت مامۆستاو زانکۆکەی زۆرگرنگی بە غیابات نادەن و ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە.

### ٧. گرفت و شێوازی سیستەمی تاقیکردنەوەکان:

شێوازی تاقیکردنەوەکان بەشێکی گرنگی مامۆستاکان لەسەر میزاجی شەخسی پرسیار دایدەنێن و ئەکادیمی و زانستی نییە، بۆیە ساڵانە ژمارەی ئەو خوێندکارانە زۆرن کە دەناڵێنن بەدەست پرسیاری نا ئەکادیمیەوە! یان زۆرجار پرسیاری هێندە سەیر دادەنرێن دەڵێی بۆ قۆناغی بنەرەتییە بەشی زۆری هەڵبژاردن و راست و هەڵەیە! پرسیاری بیرکەرەوەو شیکاری و هزری نییە.

### ٨. گرفتەکانی خویندکارانی ئێواران:

وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بری خوێندن بە شێوازی ئێواران، سیستەمی پاراڵێلیشی داناوە و بە پێی ئەم سیستەمەش خوێندکار بەو سیستەمە دەتوانێت لە بەیانیان بە پارە بخوێنێت، بەڵام ٤٠٪ کۆی خوێندکارانی وەرگیراو بە سیستەمی زانکۆلاین دەتوانن بەم سیستەمە بخوێنن، واتە ئەگەر سەد خوێندکار لە هەر بەشێکی زانستی بە سیستەمی زانکۆلاین وەرگیران، ئەوا چل خوێندکار دەتوانن بە سیستەمی پاراڵێل لەو بەشە زانستیە وەربگیرێن، هەرچەندە چاوەڕوان دەکرێت تەمەنی ئەم سیستەمەش زۆر درێژە نەکێشێت و وەکو هەموو بڕیارەکانی تری وەزارەت بە زیندوی بمرێنرێ.

لەم بارەیەوە هەندێك لە بەرپرسانی خوێندنی باڵا پۆستەكانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكارهێناوە، بڕیارێك دەردەكەن بۆئەوەی لە خوێندنی پاراڵێدا، منداڵی مامۆستا نیوەی پارە و منداڵی سەرۆكی زانكۆ و یاریدەدەر و ڕاگرەكان بەخۆڕایی دەوام بكەن. ئەمەش دوجار گەندەڵی و ناعەدالەتیە، لەلایەكەوە جیاكارییە، لەگەڵ منداڵانی تر لەم قەیرانی داراییەدا، لەلایەكیترەوە جیاوازییە لە نێوان مامۆستاكان و خاوەن پۆستەكان، كە موچەشیان زیاترە.

بەلام وەزارەت ئەمسال بڕیارێكی تری لەبارەی خوێندنی ئێوارانەوە دەركرد و لە زۆرینەی بەشەكانی ئێوارانـدا وەرگرتنی خوێندكاران ڕاگیرا، هەر لەمبارەیەوە وتەبێژی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حكومەتی هەرێم ڕایگەیاند، وەزارەتەكەیان بڕیاریداوە زۆربەی بەشەكانی ئێواران لە زانكۆ و پەیمانگەكانی هەرێم دابخات و بڕیارەكەش بۆ ئەساڵی خوێندنی ٢٠١٨–٢٠١٩ دەچێتە بواری جێبەجێكردنەوە.

## ٩. گرفتی وەرگرتنی خوێندكاران بە سیستەمی ڕاستەوخۆ:

بە پێی سیستەمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆی خوێندكارن، لە هەر بەشێكی زانستی لە ٧٠٪ دەكەوێتە سەر نمرەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی و لە ٣٠٪ دەكەوێتە سەر تاقیكردنەوەی توانستی زانستی لەو بوارەی كە خوێندكار دەیخوازێت، هەرچەندە ئەم سیستەمە سەرەڕای ئەوەی پێشوازیەكی گەرمی لێكرا لە لایەن خوێندكارانەوە، بەڵام گەندەڵییەكی زۆر و ناحەقی و واستەیەكی زۆری تێدا كرا. ساڵی پار ٧٠٪ بەشەكان خوێندكاران بەم سیستەمە وەرگرت، كەچی بۆ ئەمساڵ تەنها لە بەشە وەرزشییەكان و هونەر كار بەم سیستەمە كرا سیستەمەكە گۆڕا بە ڕاستەوخۆی كریدیت.


هەرێمی كوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: ١١٠٤٣ No:
ڕێكەوت: ٢ / ٧ / ٢٠١٦ ی زایینی Date:
: ٢ / ٥ / ٢٧١٦ ی كوردی

رێنمایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٦
وەرگرتنی(ڕاستەوخۆی زانكۆیی) لە زانكۆ و پەیمانگە حكومیەكانی هەرێمی كوردستان

یەكەم/ پلانی وەرگرتن:
وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە لەلایەن زانكۆ، كۆلێژ، فاكەڵتی پەیمانگە، سكوڵ، بەش، ئامادە و جێ بەجێ دەكرێت بە ڕەچاوكردنی میكانیزمی پلان لە ساڵانی ڕابردودا بەپێ ی قۆناغەكانی پرۆسەی ئامادەكردنی پلانی خوێندن لە زانكۆ حكومیەكانی هەرێمی كوردستان دوای پەسندكردنی لەلایەن وەزارەتەوە و، لە پلانەكەدا ڕێژەیەک لە(٢٠%)كەمتر نەبێت بۆ خوێندنی پاراڵیل تەرخان دەكریت، ئەم وەرگرتنە خوێندن لە كۆلێژەكانی كۆمەڵەی پزیشكی و ئەندازیاری و بەشی یاسا لەكۆلیژ/ فاكەڵتی یاسا ناگرێتەوە.

دووەم/ مەرجی پێشكەش كردن و پێشبركێ:
١- كەمترین نمرەی پێشبركێ ی وانەی پسپۆری (دروس المفاضلة) لە پلانەكەدا لەلایەن بەشی زانستی دیاری دەكرێت بەپێ پسپۆری و تایبەتمەندی خۆی بەشێوازێكی یەكخراو لە زانكۆكاندا.
٢- دەرچوانی ئامادەیی یەكانی هەرێمی كوردستان (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٥ - ٢٠١٦) دەتوانن داواكاری پێشكەش بكەن، بۆ پێشبركێ لە دەرچوانی خولی یەكەم و دووەمدا، بەمەرجێ كۆنمرەی ئامادەییان لە (٦٠%) كەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.
٣- دەرچوانی ئامادەیی یەكانی (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندن(٢٠١٤ – ٢٠١٥) كە لە هیچ زانكۆیەكی حكومی و تایبەت وەرنەگیراون مافی پێش كەش كردنیان دەبێت، بۆ پێشبركێ بەمەرجێ كۆنمرەی ئامادەییان لە (٦٠%) كەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.
٤- دەرچوانی ئامادەیی یە پیشەیی یەكان دەتوانن بچنە پێشبركێ بۆ ئەو بەشانەی كەمافی پێشكەش كردنیان هەیە، بەپێ ی ڕێنمایی هاتوو لە ڕێبەری قوتابیان/خوێندكاران. بۆ دەرچوانی ئامادەیی

www.mhe-krg.org
ناونیشان: هەرێمی كوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەكی كەركوك، شەقامی هادی چاوشلی
بگۆڕی وەزارەت: (٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨–٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨)
Kurdistan Region- Erbil, Kirkuk Road
Phone: ٠٦٦٢٥٦٢٦٩٦


هەرێمی كوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

پیشەیی، ساڵی خوێندنی(٢٠١٥ – ٢٠١٦)، بەمەرجێک كۆنمرەیان (٦٠%) كەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.
٥- بەمەبەستی هاندانی داواكاری خوێندنی ڕاستەوخۆی زانكۆیی لە وولاتانی دەرەوە بۆ دەرچوانی ئامادەیی یەكانی وولاتەكانی دەوروبەری هەرێمی كوردستان و بیانی و نێودەوڵەتی دەكرێ ڕێژەیەک لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دیاری بكرێت بۆ وەرگرتنیان بە سیستەمی پارلێل، لەگەڵ چاوپۆشیكردن لەهەندێ مەرج، وەكو تەمەن و ساڵی دەرچوون و كۆنمرە.
٦- داواكار تەنها مافی پێشكەش كردنی بۆ یەک زانكۆ چڕ دەكاتەوە وەلەلایەن زانكۆوە تەنها بۆیەک بەشی شایستە بوون كاندید دەكریت.
٧- جگە لەوانەی كە لە خاڵی(٢، ٣، ٤) هاتووە پێشبركێ لەسەر ڕێژەی پارالێل دەكەن، بۆ دەرچوانی ساڵانی پێشووی ئامادەیی یەكانی هەرێم و عیراق، بە ڕەچاوكردنی ڕینماییەكانی پاڕالیل لە نمرەو تەمەندا، وەنمرەی كاندیدكردنی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لەو بەشانە دەبێتە بنەما بۆ پشبركێ ی ڕێژەی پارلێل، بە چاو پۆشی لە ساڵی دەرچوون، وە لەلایەن لێژنەیەكی تایبەت، بۆ هەر بەشێک كرێی خوێندن دیاری دەكرێت.
٨- پێشكەش كردن ڕاستەوخۆ لە تۆماری كۆلێژ/ فاكەڵتی/ پەیمانگەی زانكۆی پەیوەندیدار دەبێت.
٩- فۆرمێک لەلایەن ناوەندی وەرگرتن ئامادە دەكرێت بە هەماهەنگی لە گەڵ زانكۆكاندا بە شێوازێكی یەكخراو، وە سوود لە زانیاریەكانی زانكۆ لاین وە وەردەگرێت.

سێیەم/ پێشكەش كردن و چاوپێكەوتن:
١- زانكۆكان كاردەكەن بۆ ئامادەكردنی پلانی خۆیان بەم سیستمە و، دوایین كات ڕۆژی (٢٠١٦/٧/٢١) دەبێت بۆ ناردنی پلانەكانیان بۆ وەزارەت.
٢- پێشكەش كردن لە (٢٠١٦/٧/٢٤)تاكو (٢٠١٦/٨/٢٤) ڕاستەوخۆ لە تۆماری كۆلێژ، فاكەڵتی پەیمانگە دەبێت.
٣- لێژنەی زانستی بەش هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاقیكرنەوەو چاوپیكەوتن بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی كۆلێژ، فاكەڵتی، پەیمانگە، یا لێژنەی زانستی كۆلێژ بە میكانزمێكی عەدالەت ئامێزو زانستی.

www.mhe-krg.org
ناونیشان: هەرێمی كوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەكی كەركوك، شەقامی هادی چاوشلی
بگۆڕی وەزارەت: (٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨–٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨)
بەڕێوەبەرایەتی یاسا: ٠٦٦٢٥٦٢٦٩٦
Kurdistan Region- Erbil, Kirkuk Road
Phone: ٠٦٦٢٥٦٢٦٩٦

## ١٠. سیستەمی کریدیت:

وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ئەم ساڵی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان سیستەمی کریدتی داهێناوە، بە پێی ئەم سیستەمە لە ٧٠٪ خواستی وەرگرتن وەرگرتن دەکەوێتە سەر نمرەی ئامادەی خوێندکار و لە ٣٠٪ دەکەوێتە سەر نمرەی توانای زانستی ئامادەیی بۆ ئەو پسپۆڕییانەی کە داوای دەکات، بۆ نمونە ئەگەر خوێندکارێك حەزی بە بەشی فیزیا بێت، ئەوە لە ٧٠٪ دەکەوێتە سەر کۆنمرەی ئامادەیی، لە ٣٠٪ دەکەوێتە سەر ئەوەی ئەم خوێندکارە لە شەشەمی زانستی لە ماددەی فیزیا چەندی هێناوە، ئەوەی جێ پرسیار و سەرسوڕمانە وەزارەت زانکۆکانی کوردستانی کردۆتە مشکی تاقیگە، لەبەر ئەوەی هەرچی سیستەمی جیهانیە بۆ ماوەی ساڵێك لە کوردستاندا تاقی دەکاتەوە و دواتر سیستەمێکی تر دادەهێنێت، کە ئەمە جگە لە سەرگەردانی و نەزانی و بێ پلانی و بێ دیراسەیی هیچیتری لێ ناخوێندرێتەوە.

**برگەی چوارەم :**

**مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن:**

| ز | پێشکەش کردن بۆ | تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزە | بەمەرجێك |
|---|---|---|---|
| أ | کۆلێژە پزیشکییەکان (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) | 85% کەمتر نەبێت | هەرسێ وانەی زیندەوەرزانی و کیمیا و فیزیك لە (240) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ب | کۆلێژی پزیشکی ڤێترنەری | | کۆنمرەی زیندەوەرزانی و کیمیا و فیزیك لە(210 ) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم ، وەرگرتنی دەرچووان لە کۆلێژی ڤێترنەری کە لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆك هەیە ڕێژەی وەرگرتن (70%) بۆ پارێزگایە و (30%) بۆ پارێزگاکانی تر دەبێت. |
| ج | کۆلێژی ئەندازیاری نەوت و کیمیاوی (بەشەکانی نەوت ، پترۆل ، کیمیاوی) | 80% کەمتر نەبێت | کۆنمرەی هەرسێ وانەی (کیمیا، ماتماتیک، فیزیک) ی لە (240) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| د | بەشەکانی ئەندازیاری لە زانکۆکان جگە لە بەشەکانی خاڵی (ج) | 80% کەمتر نەبێت | کۆنمرەی هەردوو وانەی (ماتماتیک، فیزیک) ی لە (160) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. بەشەکانی بیناسازی و تەلارسازی نابێت نەخۆشی ڕەنگبینی (عمی الالوان) ی هەبێت. |
| ە | بەشەکانی ئەندازیاری لە کۆلێژە تەکنیکییەکان | 80% کەمتر نەبێت | کۆنمرەی هەردوو وانەی (ماتماتیک، فیزیک) ی لە (160) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| و | کۆلێژەکانی پەرستاری لە هەر زانکۆیەک | | پێویستە چاوپێکەوتن لە کۆلێژەکە ئەنجام بدات پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن وکورسییەکانی خوێندن لە کۆلێژەکانی پەرستاری لەهەر زانکۆیەک لە (25%) بۆ ڕەگەزی نێر و لە (75%) بۆ ڕەگەزی مێ دەبێت ، جگە لە بەشی مامانی لە کولێژی پەرستاری لە زانکۆی هەولێری پزیشکی تەنها بۆ ڕەگەزی مێینەیە |
| ز | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان بەشەکانی (کیمیای ژیانی کلینکی ، مایکرۆبایلۆجی پزیشکی) , زانکۆی هەولێری پزیشکی وکۆلێژی زانستی تەندروستی بەشەکانی (زانستی لابوردی پزیشکی ، زانستی سڕکردن) لە زانکۆی دهۆک ، بەشی میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی ،کلینیکەڵ سایکۆلۆجی لە زانکۆی کۆیە. | بۆ زانین دەرچووانی ئەم بەشانە نازناوی پزیشک وەرناگرن و ماوەی خوێندنیان چوار ساڵە | مەرجە کۆنمرەی هەرسێ وانەی(زیندەوەرزانی ، کیمی ، فیزیک) ی لە (210) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ح | پلان دانان جهی / زانکۆی دهۆك | بۆ زانین دەرچووانی ئەم بەشە نازناوی ئەندازیاری پلان وەردەگرن خوێندن لەم بەشە (5)پێنج ساڵە، وە بڕی تێچووی خوێندن $ (3000) سێ هەزار دۆلار بۆ هەر ساڵێکی خوێندن وە ساڵی پێنجەم بە خۆراییە بۆ قوتابی . | وەرگرتن بۆ بەشی زانستییە ، وە دەبێت کۆنمرەی قوتابی (74%) کەمتر نەبێت و خوێندن لەم بەشە بەزمانی ئینگلیزیە ، قوتابی/ خوێندکار ساڵی یەکەم کورسی یەکەم زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت و لە کورسی دووەم دەست بە خوێندنی زانستی دەکات دەبێت نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی (70%) کەمتر نەبێت و تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (30) زیاتر بێت. |
| ط | بایۆ میدیکاڵ/ کۆلێژی ئەندازیاری / زانکۆی دهۆک | بۆ زانین ئەم بەشە بڕی تێچووی خوێندنی $ (4000) چوار هەزار دۆلار بۆ هەر ساڵێکی خوێندن | کۆنمرەی هەردوو وانەی (ماتماتیک، فیزیک) ی لە (160) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ی | بەشی زانستی تاقیگەی پزیشکی لەزانکۆی چەرموو | | قوتابی/ خوێندکار دەبێ دەرچووی لقی زانستی بێت ، وە نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (70%) کەمتر نەبێت چونکە خوێندن لەم بەشە بەزمانی ئینگلیزی دەبێت ، وە هەر سێ وانەی (زیندەوەرزانی و کیمیا و فیزیک) لە (210) کەمتر نەبێت لەخولی یەکەم یان دووەم. |

### ١١. گرفتی ئەو ڕێژە زۆرەی خوێندکارانی پۆلی (١٢) کە ساڵانە وەرناگیرێن:

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانەی پۆلی دووانزە تەواو دەکەن لە زانکۆکان وەرناگیرێن. هەر لەبەر ئەمە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ئەمساڵی خوێندنی ٢٠١٨-٢٠١٩ لە کاتی ڕاگەیاندنی ناوی خوێندکارانی وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگاکان، توشی ڕەخنەیەکی زۆری ڕای گشتی بویەوە، بە جۆرێك غەدرێکی زۆر لە خوێندکاران کرا و ناحەقیەکی گەورە لە نەهاتنەوەی ناوی خوێندکاران و جیاوازی نمرە و خولی یەکەم و دووەمدا کرا، دیارە ئامانجی وەزارەت لەم کارە بۆ ئەوەبوو زانکۆ و پەیمانگا ئەهلیەکان پڕ بکات لە خوێندکار، بەڵام ناڕەزایەتییەکان هەر زوو وەزیریان ناچار کرد، سێ جار دەرگای پەڵپگرتن بۆ خوێندکاران بکاتەوە، لە بەر ئەوەی تاکو پێشی ئەوکاتە، ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان کەمتر بوو لە ٥٠٪، ئەمە جگە لەوەی فەرقی جیاوازی نمرەی کریدت و پاراڵێل دەگەیشتە ٧٠ حەفتا نمرەی گشتی لە هەندێك بەشی زانستی، لە بەشە پزیشکیەکانیش دەگەیشتە نزیکەی ٥٠ پەنجا نمرە. بە پێی لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم ساڵی خوێندندا (٥٤٠٤٢) خوێندکار داواکارییان بۆ زانکۆکان پێشکەش کردبوو، کە بۆ هەر چوار سیستمی زانکۆلاین و کریدیت (ڕاستەوخۆ) و پاراڵێل و ئێواران (٣٩٠٥٧) کورسی تەرخان کرابوو، لە کۆی ئەو داواکارییانە (٢٨٦٠٩) خوێندکار وەرگیراون، کە دەکاتە ڕێژەی (٥٣٪) خوێندکارانی دەرچووی پۆلی دوانزە. کە کەمترین نمرەی وەرگیراو بۆ زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان (٦٠.١٤٣) بووە.

بە پێی لێدوانی بەرپرسانی خوێندنی باڵا: بۆ ئەمساڵ نمرەی وەرگرتن لە کۆلێژ و پەیمانگاکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە و خەریکە دەگاتە ئاستی ئاسایی. نمونەی ئەوەش دەهێننەوە کە بۆ ئەمساڵ نمرەی وەرگرتنی خوێندکاران لە کۆلێژە پزیشکییەکان گەیشتوەتە (٩٥) و بۆ سیستمی پاراڵێلیش گەیشتوەتە (٩٢)، کە ئەوەش لە ئاستی ئاسایی نزیك دەبێتەوە، بەراورد بە ساڵانی ڕابردو نمرەی وەرگرتن لەو کۆلێژە لەسەرو (٩٩)ـەوە دەوەستا.

سەبارەت بە وەرگرتنی خوێندکارانیش لە زانکۆ و پەیمانگا تایبەت و ناحکومییەکان بەڕێوەبەری گشتی وەزارەت ڕایگەیاند: کە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگە ناحکومیەکان (٢٥٠٠٠) کورسییان تەرخانکردوە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران.

### ١٢. گرفتەکانی زانکۆلاین:

خوێندکار هوشیاری و ئاگایی تەواوی لەبارەی زانکۆلاینەوە نییەو زۆرجار دەکەوێتە هەڵەوە ئەمە بۆ زۆرێك لە مامۆستاکانیش ڕاستە! هۆکاریش زۆری گۆڕانکارییەکان و زوو زوو هەموارکردنی ڕێنماییەکەیە، جاری وا هەیە لەهەمان ساڵدا گۆڕانکارییەکە دەکرێت و ڕاگەیاندنی وەزارەتیش وەك پێویست لەگەل زانکۆکاندا لەسەر ئەم بابەتە کاری نەکردووە.

### ١٣. ڕێبەر و ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکاران:

ئەگەر چاوێك بە ڕێبەری دەرچوونی زۆرینەی زانکۆکاندا بخشێنین کە سالانە لەکاتی ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکاراندا دەریدەکەن، سەرباری ئەوەی لیژنەی تایبەتی بۆ پێکدێت و زۆرترین پارەی لێ سەرفدەکرێت کەچی زۆرترین هەڵەیان تیایە، لەکاتێکدا ئەم ڕێبەرە وەك بەلگەنامەیەکی فەرمیی زانکۆکان دادەنرێت کەچی بەم جۆرەش بەڕێوەدەچێت، ئەمەش یەکێکە لەنیشانەکانی بێسەروبەرەیی زانکۆکان. وە هەندێك لە زانکۆکان سالآنە ئاهەنگی دەرچوانی خوێندکاران ئەنجام نادەن و هیچ ڕێبەرییەکیش بوونی نیە، بۆ نموونە زانکۆی هەڵەبجە تا ئێستا (٤) خولی دەرچووانی هەیە تەنها یەك جار ئەم پرۆسەیەی ئەنجام داوە، ئەویش بۆ دەرچووانی سالی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧).

### ١٤. دیاردەی دەوامنەکردن (لێدانی دەوام) لەلایەن خوێندکارانەوە:

ئەمە بووە بە نەریت و مامۆستاکانیش بەهۆی ئەوەی خەمێکی ئەوتۆی بۆناخۆن و دەبێتە پشوو بۆخۆشیان و وانە نالێنەوە بۆیە ناڕاستەوخۆ پێیان ئاساییەو پێشیان خۆشەو ئیجرائات ناکەن! لەبەرامبەردا وەزارەتیش هیچ پلان و هەنگاوێکی نەبووە بۆ چارەسەر کردنی.

### ١٥. دیاردەی توندوتیژی لە زانکۆکانداو نەبوونی پەیوەندیی تەندروستی نێوان مامۆستا و خوێندکار:

بەداخەوە لە هەندێك بەش و کۆلێجی زانکۆکاندا پەیوەندی لەنێوان مامۆستاو خوێندکار پەیوەندییەکی خراپەو خۆشەویستی نایانبەستێت بەیەکەوە، هەندێك لە مامۆستاکان وشك و برینگ وەکو ئامێر رەفتاردەکەن و ئەمەش وادەکات هەندێکار بەریەککەوتنیش ڕوودات!

### ١٦. دەرکردن (فصل)کردنی خوێندکار:

زۆر جار لە فەسل کردنی خوێندکاراندا ناهەقی دەکرێت، کەیەکێ لە هۆکارەکانی دەوام نەکردنە، کاتێك خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی دەگاتە ئەو میچەی بۆی دیاریکراوە و لێی لادەدات فەسل دەکرێت، بەلام ئەمەش لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی ترەوەو لە کۆلیژ و بەشێکەوە بۆ کۆلیژ و بەشێکی ترەوە جیاوازی تیادا هەیە بەپێی هەلسوکەوت و میزاجی بەرپرسەکانی.

### ١٧. گواستنەوەی خوێندکاران لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر:

سەرباری ئەوەی ڕێنمایی هەیە بۆ گواستنەوەی خوێندکاران لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر، بەلام ئەم ڕێنماییانەش وەك پێویست جێبەجێ ناکرێن و سالانە دەبینرێت کە بەپێی میزاج هەلسوکەوت دەکرێت، زۆر جار هەیە ئەو خوێندکارانەی خوازیارن بگوازرێنەوە ڕێگەیان پێ نادرێت و بەپێچەوانەشەوە.

### ١٨. گرفتی خوێندنی سیستەمی بۆلۆنیا:

وەزارەت بۆ سالی خوێندنی ٢٠١٨-٢٠١٩ بڕیارێکی تری دەرکرد، ئەویش داهێنانی سیستەمی بۆلۆنیایە لە هەموو کولێژەکانی زانکۆکان و چەند پەیمانگایەك وەکو تێست بۆ ئەمسالی خوێندن، گەر سیستەمەکە سەرکەوتوو بوو، ئەوا

بۆ ساڵی ئاینده له هەموو کۆلێژ و پەیمانگاکان جێبەجێ دەکرێت، گەر سەرکەوتووش نەبوو، ئەوا وەك بڕیارەکانی تر هەڵدەوشێتەوە و سیستەمێکی تر پەیڕەو دەکرێت، هەروەکو سەرجەم بڕیارەکانی تر دەیان خوێندکار سەرگەردان و نائومێد دەبن و فەوزایەکی گەورەی ئیداری لە ماستەر شیت و تۆمارگای کۆلێژ و پەیمانگاکان دروست دەکات، لەبەر ئەوەی بە پێی ئەم سیستەمە سیستەمی خوێندن لە ساڵانەوە دەبێتە سیستەمی وەرزی.

## حەوتەم: تەوەری هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگەکانی تردا

### ١. هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی پلاندانان و خوێندنی باڵا:

وەزارەتی خوێندنی باڵا هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی پلاندانانندا نیە، یا بەشێوەیەکی تر بلێین ئەم وەزارەتە بە پلان کار ناکات یان وەزارەتی پلاندانان پلانی سالانەی نیە. چونکە ئەگەر پلان هەبێت هەرگیز ئەم هەموو زانکۆ و کۆلیژ و بەشە بەبێ پلان ناکرێنەوە بەبێ ئەوەی پێداویستی لۆجستیکی و مرۆییان بۆ فەراهەم کرابێت، یاخود کردنەوەی دەیان بەش بەبێ ئەوەی پێویستی بە پسپۆرییەکانیان هەبێت کە سالانە دەبێتە مایەی هەلاوسانی ئەم جۆرە بڕوانامانەو دەستنەکەوتنی کار دوای دەرچوونیان، یا نەکردنەوەی ئەو بەشانەی کە پێویستە بکرێنەوەو بازاڕ پێویستی پێیان هەیە.

### ٢. هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا:

وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە دوو نزیکترین وەزارەتن و پەیوەندی راستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە، چونکە هەم وەزارەتی پەروەردە سالانە دەیان هەزار خوێندکار بۆ خوێندنی باڵا دەنێرێت و هەم خوێندنی باڵا مامۆستاو فەرمانبەر بۆ پەروەردە ئامادە دەکات. بۆیە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی تێکەڵە و هیچیان بێ ئەوی تریان سەرکەوتوو نابن. بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە هەماهەنگی نێوان ئەم دوو وەزارەتە وەك نەبوو وایە، دەتوانین بلێین هیچ هەماهەنگییەکی ئەو تۆ لە نێوان ئەم دوو وەزارەتەدا بەدی ناکرێت و پلانی ئیشەکانیان یەك ناگرێتەوە، کە پێویستە هەردووکیان لە پلانی ستراتیجیاندا ئەگەر هەیانبێت! خواست و داواکارییەکانی یەکتری لەبەرچاو بگرن. کە ئەمە یەکێ لە گرفتە هەرە گەورەکانی پەروەردەیە چونکە خوێندنی باڵا بەپێی پێویستیی وەزارەتی پەروەردە کادری پسپۆر ئامادە ناکات. بۆ نمونە:

- خوێندنی باڵا بەپێی پێداویستیەکانی پەروەردە کۆلیژ و بەشەکان ناکاتەوەو کادیری پێویست پێناگەیەنێت.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵی ٢٠١٧ بڕیاری بە پەراوێزخستنی زمانی کوردی دەرکرد بەبێ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بکات لەسەر زەرورەتی ئەم وانەیە.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵی ٢٠١٨ بڕیاریدا بۆ وەرگرتنی خوێندکارانی قۆناغی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا لە خولی یەکەمدا ٧٠٪ و لە خولی دووەمدا ٣٠٪ ی خوێندکاران وەربگرێت بەبێئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بکات.

### ٣. نەبوونی هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەت و دامودەزگەکانی تر:

وەزارەتی خوێندنی باڵا هەماهەنگی لەگەل وەزارەت و دامودەزگەکانی تردا نیە، بەپێی پێداویستیەکانی وەزارەت و دامودەزگەکانی تر کادیر ئامادە ناکات، ئەو توێژینەوانەی ئەنجامدەدرێت لە زانکۆکاندا بەهەماهەنگی نیە لەگەل وەزارەت و دامودەزگەکانی تردا و پێداویستیەکانیان پڕناکاتەوە.

### ٤. لاوازی و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان زانکۆ و کۆمەڵگەدا:

پەیوەندییەکانی نێوان زانکۆکان لەگەل کۆمەڵگەدا ئێجگار لاواز و داپچڕاوە، زانکۆکان کەمترین کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە، دەیان و سەدان گێشەو گرفت و قەیران بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتووە بەبێ ئەوەی زانکۆکان ڕێگەچارەیەکیان هەبێت بۆی، زانکۆ دەستەو ئەژنۆیە لەهەمبەر قەیرانە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و یاساییەکان و دەنگی لێوە نەهاتووە لەبەرامبەریاندا.

### ٥. نەبوونی پلانی حکومەت بۆ خوێندنی کوردی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:

خوێندنی کوردی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم زۆر بەرەو دوواوە گەڕاوەتەوە، نەک هەر ئەمە، هیچ پلانێك بۆ گەشەپیدانی زمان و کەلتور و مێژو و ژیاری کورد و کوردستان نیە. ئیستا دەبوایە وەزارەت کۆمەڵێ دەزگای گەورەی زانستی لەو بارەوە دروستکردبان. کاری بۆ دانانی تێستێکی جیهانی بۆ زمانی کوردی کردبا، هاوشێوەی ئایەڵتس و تۆیفڵ و ئەمانە، هیچ نەبێ وەك تۆیفڵی زمانی فارسی.

### ٦. دابڕانی وەزیر لە دامودەزگەکان و ئاگادارنەبوونی لە کێشەکان وەك پێویست:

وەزیر کەمترین سەردانی بۆ زانکۆکان کردوە تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشیان بێت. ئەمەو جگە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی مایس و ئەیلولی ٢٠١٨ سەردانی ژمارەیەکی زۆری زانکۆکانی کرد، هەربۆیەشە کەمتر ئاگاداری بارودۆخی زانکۆکانە، جگە لەمە زۆرترین دەوامیشی لە وەزارەت هەفتانە دوو تا سێ ڕۆژ بووە.

# هەشتەم: تەوەری زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان

**١. سەربارى بوونى یاسایەکى تایبەت بە زانکۆ ئەهلیەکان، بەڵام وەك پێویست جێبەجێ نەکراوە:**

سەربارى ئەوەى یاساى ژمارە (٢)ى ساڵى ٢٠١٣ تایبەتە بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە هەرێمى کوردستان، بەلام ئەم یاسایەش لەگەلێ شوێندا پێشێلکراوە و وەك پێویست جێبەجێ ناکرێت، هەر لە کردنەوەى زانکۆ و کۆلیژ و بەشەکان و ستافى وانەوتنەوەیان و وەرگرتنى خوێندکاران و پێداویستى ژێرخان و تاقیگەو کتێبخانەو کرێى خوێندن و بەکارهێنانى زانکۆ و ئەو زەوییەى وەریان گرتووە بۆ مەبەستى تر و گەلێ بابەتى تریدا.

**٢. گرفتى دانپیانان بە بڕوانامەى زانکۆ ئەهلیەکان لەلایەن وەزارەتى خوێندنى باڵاى عێراقەوە:**

زانکۆ ئەهلیەکان هەموویان وەك پێویست لەلایەن وەزارەتى خوێندنى باڵاى عیراقەوە دانیان پێنەنراوە، لەکاتێکدا بەهەزاران خوێندکار لەو زانکۆیانەدا خوێندنیان تەواو کردووە و بڕوانامەیان بەدەستهێناوە. ئەم گرفتە بۆ هەندێك لە زانکۆ حکومییەکانیش راستە، وەك زانکۆ تازەکان کە تاکو ئیستا بە دەست هەمان گرفتەوە دەناڵێنن و عێراق دانى پێدانەناون، وەك: سۆران، ڕاپەڕین، زاخۆ، گەرمیان، هەڵەبجە ... تاد.

**٣. بەکارهێنانى بودجە و موڵکى گشتى بۆ ژمارەیەك لە زانکۆ ئەهلیەکان کە کەرتى تایبەتن:**

هندێك لە زانکۆ تایبەتەکان بودجەو مولکى گشتى و فەرمانبەرى حکومییان بەکار هێناوە، کە ئەمەش لەگەل یاسادا وێك نایەتەوە، وەك زانکۆکانى ئەمەریکى لە سلێمانى و زانکۆى ئەمەریکى لە کوردستان و زانکۆى گەشەپێدانى مرۆیى و ... هتد.

**٤. بەکارهێنانى زەویى زانکۆ بۆ بەرژەوەندى تایبەتى:**

هەندێك لە زانکۆکان ئەو زەوییانەى وەریانگرتووە بۆ مەبەستى تر بەکاریان هێناوە کە پێچەوانەى اسایەو جگە لەمەبەستى زانکۆیى کە لە یاساو مۆلەتەکەیاندا هاتووە نابێت بۆ هیچ مەبەستێکى ترى بەکاربێنن، بۆ نمونە وەك زانکۆى ئەمەریکى لە سلێمانى کە زەویى زانکۆى بۆ مەبەستى بازرگانى بەکارهێناوەو تەلارى مۆڵ و دوکان و دامەزراوەى ترو سەنتەرى بازرگانیى لەناو زانکۆ و لەسەر زەویى زانکۆ کردۆتەوە.

**٥. گرفتى مامەڵە لەگەڵ زانکۆکانى (قەڵەم و کتاب و حەدبا و نور):**

ژمارەیەکى بەرچاو لە دانیشتوانى هەرێمى کوردستان لەو زانکۆیانە خوێندوویانە و دەخوێنن، بەڵام ئەم زانکۆیانە لەلایەن وەزارەتى خوێندنى باڵاى هەرێمەوە دانپیانراو نین، هەر لەم بارەیەوە وەزارەتى خوێندنى باڵا لە ٢٠١٥/١١/٨ ڕوونکردنەوەیەکى بۆ خوێندکاران بلاوکردەوە بۆ ئەوەى نەچنە ئەو زانکۆیانە، دەقى ڕاگەیەندراوەکەى وەزارەتى خوێندنى باڵاى هەرێمى کوردستان:

ڕاگەیاندراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبارەی زانکۆکانی (حەدبا، نور، قەڵەم، کتاب) وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئاگاداری سەرجەم ئەو خوازیارانە دەکات، کە دانیشتوی پارێزگەکانی هەرێمی کوردستانن و دەیانەوێ لە زانکۆ تایبەتەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بخوێنن، وەك کولێژە زانکۆییەکانی (حەدبا، نور، قەڵەم، کتاب و...هتد)، کە ڕوو لەو کۆلێژە زانکۆیانە نەکەن، چونکە شێوازی دەوامکردن لەو کۆلێژە زانکۆیانە بەگوێرەی پێویستی زانستی و کارگێڕی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێوەری وەرگرتن زۆر نزمترە بەراورد لەگەڵ پێوەری وەرگرتن لە زانکۆ تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستان. وەك پێشتر ڕامانگەیاندوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هیچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو کولێژە زانکۆیانە ناکات و لە نوسراوەکەشماندا بە ژمارە (٦٨٣١) کە لە ڕێکەوتی (٦/٤/٢٠١٥) بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزمان کردووەتەوە و ئەنجومەنی وەزیرانیش بە نوسراوی ژمارە (٣١٩٣) لە ڕێکەوتی (٢٢/٤/٢٠١٥) گشتاندنی بۆ سەرجەم وەزارەت و دەزگا و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پێکردوە، لە ئێستا و داهاتوشدا ئیمتیاز بە هەڵگرانی بڕوانامەی ئەو کۆلێژە زانکۆیانە نەکرێت. یان لە فەرمانێکی وەزاری سەر سوڕهێنەردا بە ژمارە (٦٩٤٤) لە (٣٠/٥/٢٠١٨) دەڵێت: "بڕیارماندا بەپێدانی ئیمتیاز تەنها بەو قوتابی/ خوێندکارانەی تاکو ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) وەرگیراون لە کۆلێژی قەڵەمی زانکۆیی بەمەرجێك بڕوانامەی ناوەندی و ئامادەیی پێشکەش بکەن لەکاتی ڕاستاندنی بڕوانامەکانیان: لەکاتێکدا لەساڵی (٢٠١٥) بڕیاری مامەڵە نەکردنی دەرچوواندوە لەگەڵ ئەو زانکۆیەدا. بۆیە ئەوانەی ئێستا لەو کۆلێژە زانکۆیانە دەخوێنن، کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن و پارەکەشیان بەهەدەر دەچێت، بۆیە داواش لەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێ لەو کولێژە زانکۆییانە بخوێنن، با ئەوانیش پارە و کاتی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن و باوەڕیش بەو ڕێکلامانە نەکەن کە لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بلاویان دەکەنەوە، بەڵکو لە بری ئەوە باشترە ڕوو لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، کە مۆڵەتی خوێندن و کارکردنیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان وەرگرتوە و لە چوارچێوەی سیاسەت و بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتەکەمان کار دەکەن.

بەلام هەر دووای ماوەیەك وەزارەت لەو بڕیارەیشی پاشگەز بوویەوە و لە ٢٠١٧/٤/٤ بڕیارێکی تریدا کە جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئیمتیازی دەرچوونی دا بە دەرچووانی کۆلیژی قەڵەم بەمەرجێك دەرچووەکە دانیشتووی کەرکوك بێت ئینجا بڕوانامەکەی پەسەند دەکرێت، کە ئەمەش لەگەل یچ پێوەرێکی زانستی و کارگێی یا هیچ دەقێکی یاساییدا وێك نایەتەوە. دواتر بۆ جارێکی تر لە ٢٠١٨/٥/٣ وەزیری خوێندنی باڵا پاشگەز بوویەوەو بڕیارێکی تریدا!

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية التعليم الخاص

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: / ٤٨٠٧
ڕێکەوت: ٤ / ٤ / ٢٠١٧ی زایینی
١٥ / ١ / ٢٧١٧ی کوردی

No:
Date: / /

بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

بابەت/ گشتاندن

سڵاو و ڕێز..

دوابەدوای نوسراومان ژمارە (٦٨٣١) لە بەرواری (٢٠١٥/٤/٦) سەبارەت بە پێنەدانی ئیمتیازی دەرچوون و هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵ زانکۆ ئەهلیەکانی سنوری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم . لەبەر ئەوەی کۆلێژی قەڵەمی زانکۆیی کە دەکەوێتە پارێزگای کەرکووک لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو هەماهەنگی زانستی تەواوی لەگەڵ وەزارەتمان هەبووە وە کاری جدییان کردووە لەسەر بەرز کردنەوەی کوالیتی خوێندن لە ڕوانگەی دڵنیایی جۆری پەیرەو کراو لە وەزارەتمان بۆیە بڕیارماندا بە:-

پێدانی ئیمتیاز بە دەرچووانی ئەم کۆلێژە زانکۆییە لەوانەی دەکەونە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە سنوری پارێزگای کەرکووک بە مەرجێک دانیشتووی ئەم سنورە بن لەکاتی ئێستادا وە دەرچووی قوتابخانە ئامادەییەکانی ئەم سنورە بن وە پێویستە بڕوانامەی دەرچووانی ئەم کۆلێژە زانکۆییە لەلایەن وەزارەتمان پەسەند بکرێت وە بە نوسراوی پشتگیری دەرچوون پشتڕاست کرابێتەوە.

لەگەڵ ڕێزدا...

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
٢٠١٧/٣/٣٠

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی پشکنین و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان /بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆلێژی قەڵەمی زانکۆیی /بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا .
- نوسینگەی کەرکووکی وەزارەتمان/ بۆ کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ زانین / لەگەڵ بەڵگەکان.
- دەرکردە .

www.mhe-krg.org
E-mail: mohesr.studies.krg@gmail.com

ناونیشان: هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٦٩٣١٥

---

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية التعليم الخاص

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific

ژمارە: / ٦٩٤٤
ڕێکەوت: ٩ / ٥ / ٢٠١٨ی زایینی
١٠ / ٢ / ٢٧١٨ی کوردی

No:
Date:

فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣١٩٣) لە ٢٠١٥/٤/٢٢.

بڕیارماندا بە پێدانی ئیمتیاز تەنها بەو قوتابی / خوێندکارانەی تاکو ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥ وەرگیراون لە کۆلێژی قەڵەمی زانکۆیی بەمەرجێک بڕوانامەی ناوەندی و ئامادەیی پێشکەش بکەن لەکاتی ڕاستاندنی بڕوانامەکانیان.

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
٢٠١٨/٥/٢٢

وێنەیەک بۆ:
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ڕاوێژکاری فێرکردنی باڵا ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە (٣١٩٣) لە ٢٠١٨/٤/٢٢ بۆزانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆزانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوانی وەزارەت / بۆزانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت / لەگەڵ بەڵگەکان.
- دەرکردە.

www.mhe-krg.org
E-mail: mohesr.studies.krg@gmail.com

ناونیشان: هەرێمی کوردستان - هەولێر - ڕێگای سەرەکی کەرکوک شەقامی هادی چاوشلی
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٦٩٣١٥

## دەیەم: دەست تێخستنی حیزب

حزب بەتەواوی دەستی خستۆتە بیناقاقای زانكۆكانەوە، لەپارێزگاكانی هەولێر و دهۆكدا پارتی و لە سلێمانی و هەڵەبجەش یەكێتی هەموو بڕیارێكی پەیوەست بە زانكۆكان دەدەن، لەزەقترین سیماكانی ئەم دیاردەیە بریتین لە:

١-دانانی سەرۆكی زانكۆ و یاریدەدەرەكانیان و راگری كۆلیژ و پەیمانگەكان و سەرۆكی بەشەكان لەسەر پشكی حزبی، دەگمەن نەبێت لەهەردوو لادا كەسێك لەم پۆستانە نابینیتەوە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ سەر بەهەردوو حزب نەبن. ئەگەر هەشبێت بە چەندین بەهانەی نەشیاوو بێ بنەما لە پۆستەكانیان دوریان دەخەنەوە.

٢-سەپاندنی جۆرەها بڕیار بە شێوازی فەرمی بێت یا نافەرمی بەسەر زانكۆكان و بەرپرسەكانیاندا.

٣-سزادانی ئەو مامۆستایانەی كە بیروڕای سیاسیان جیاوازە لەسەر بۆچوونی حزبی.

٤-كردنی زانكۆكان بەشوێنی چالاكی و سمیناری سیاسی و بانگەشەی حزبی بۆ بەرپرسە باڵادەستە حزبیەكان.

٥-بەكارهێنانی زانكۆكان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەكانیان و فشار خستنەسەر مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندكاران.

٦-زەقی دیاردەی واستەو واستەكاری بۆ ئەندامانی حزبی.

## ڕاسپاردەکان

١- لە پەرلەمانی کوردستاندا یاسایەکی تێروتەسەلی گشتگیری گونجاو لەگەل گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا تایبەت بە خوێندنی باڵا پەسەند بکرێت.

٢- یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ ی زانکۆ تایبەتەکان هەموار بکرێتەوەو کەموکورتییەکانی چاك بکرێن و ڕێگە لە پێشێلکارییەکان بگیرێت.

٣- پەرلەمانی کوردستان بە گشتی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بەتایبەت چاودێریی وردی ڕەوشی خوێندنی باڵا بکەن لە جێبەجێکردنی یاساو ڕێگە بە پێشێلکاری نەدەن.

٤- هەماهەنگی زیاتر هەبێت لەنێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا لەگەل وەزارەتەکانی پلاندان و پەروەردەو بەتایبەت و وەزارەت و دامودەزگاکانی تر بەگشتی.

٥- چاو بە پەیکەری زانکۆ و کۆلیژ و پەیمانگەکاندا بخشێنرێتەوەو لەگەڵ یاساو پێوەرە زانستیەکاندا بگونجێنرێن.

٦- ئەو هەموو بڕیار و ڕێنمایی و گۆڕانکارییە کتوپڕانەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا بەبێ دیراسە دراون و دەدرێن ڕابگیرێن و بڕیارەکان بە دیراسە بن و وا زوو زوو لێی پاشگەز نەبنەوە.

٧- بودجەی تایبەتیی شیاو بۆ بواری خوێندنی باڵا بەگشتی و توێژینەوەی زانستی بەتایبەت تەرخان بکرێت.

٨- سەربەخۆیی زیاتر لەبوارەکانی کارگێڕی و دارایی و زانستی بۆ زانکۆکان فەراهەم بکرێت.

٩- هەموو ئەو پۆستانەی زانکۆکان (کە زۆرینەن) لە سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرەکانیان و راگرەکان، سەرلەنوێ بەگشتی رابگەیەنرێنەوەو بە سیڤی کەسانی شیاو کەمەرجە یاسایی و زانستیەکانیان تیادابێت بە شێوازی فەرمی دابنرێن.

١٠- هەموو ئەو پۆستانەی بەتاڵن و بەوەکالەت بەڕێوەدەبرێن بەپێی پێوەرە زانستی و یاساییەکان بە سیڤی پڕبکرێنەوە.

١١-سەرۆکی بەشە زانستیەکان بەپێی پێوەرە زانستی و یاساییەکان دابنرێن.

١٢-سەرجەم زانکۆکانی کوردستان بەیەکسانی و بەیەك ئاست هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت و ئەو جیاکارییەی لەنێوانیاندا هەیە ڕێگەی لێ بگیرێت.

١٣- کردنەوەی بەش و کۆلیژ و پەیمانگەو زانکۆی نوێ بە پێوەری زانستی و یاسایی بێت و ئەو شێوازەی پێشتر پەیڕەو کراوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکان رابگیرێت.

١٤-کردنەوەی بەشی جۆری (کە لەگەڵ پێداویستی بازاڕدا بگونجێت) هەنگاوی بۆ بنرێت و ئەو بەشانەی کە خواستیان لەسەر نیەو هەڵاوسانیان دروستکردووە و زۆرن کەمبکرێنەوەو لێکبدرێن.

١٥-ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ مامۆستایانی زانکۆ فەراهەم بکرێت، لە چاك کردنی موچەیان و زیادکردنی کرێی وانەبێژی بۆیان و دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆیان.

١٦- گێڕانەوەی دەرماڵە بۆ خوێندکاران و دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان لە شوێنی حەوانەوەیان لە بەشەناوخۆییەکاندا.

١٧- پرۆسەی تواناسازی بەشێوازێکی نوێ و بە پێوەری تازەو بەلەبەرچاوگرتنی کەموکورییەکانی خولی پێشوو و چاك كردنیان سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوەو لەیاسای بودجەدا بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت و بوارەکانی راهێنان و توێژینەوەش بگرێتەوە.

١٨- شەفافیەت هەبێت لە خەرجکردنی ئەو بودجەیەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆکاندا هەیەو بەپێی یاساو بەپێی پێویستی خەرج بکرێت.

١٩-ئەو باج و رسوماتە زۆرەی لەدەرەوەی یاسادا لەبوارە جۆربەجۆرەکانی خوێندنی باڵادا لەدەرەوەی یاسا سەپێنراوە هەڵبگیرێت.

٢٠-چاوخشاندنەوە بە کۆنگرەی زانستیی زانکۆکان و دەربازکردنیان لە شێوازی تەنها کۆکردنەوەی خاڵەوە بۆ شێوازێك كە ئاستی زانستییان بەرز بێت و بە پێوەرە زانستیەکان ببنە هۆکارێك بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی زانکۆکان.

٢١-گرنگی بە کتێبخانەی زانکۆکان بدرێت و لەهەر زانکۆیەکدا کتێبخانەیەکی تەقلیدی و ئەلیکترۆنیی بەرفراوان بەمەبەستی وەدەستخشتنی سەرچاوەی زانستی بۆ مامۆستایان و خوێندکاران دابین بکرێت.

٢٢- تاقیگە زانستیەکان چاویان پێدابخشێنرێتەوەو کەلوپەل و ئامێر و کەرەستەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

٢٣- گرنگی زیاتر بە توێژینەوەی زانستی بدرێت و بودجەی بۆ تەرخان بکرێت و هاندانی زیاتر هەبێت.

٢٤-ماڵپەڕی زانکۆکان رێکبخرێنەوەو سەرجەم زانیارییەکانی تایبەت بە زانکۆکەو مامۆستایان و کۆلیژ و بەش و سەنتەرەکانی تیادا دابنرێت و توێژینەوەکانی مامۆستایانی تیادا بلاو بکرێتەوە.

٢٥- گۆڤاری زانستی زانکۆکان پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و رانکی گۆڤارەکان بەرز بکرێنەوەو لەکاتی خۆیاندا دەربچن و بەئەلیکترۆنیش بکرێن.

٢٦- توێژینەوەی دەرچوونی خوێندکاران چاوی پێدابخشێنرێتەوەو هەول بدرێت جۆرێك لە پێشبڕکێ لەنێوانیاندا دروستبکرێت و هاندانی زیاتر هەبێت بۆیان.

٢٧- چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم پێدان و بەرزکردنەوەی نازناوی زانستی.

٢٨- چارەسەرکردنی گرفت و لادانی لەمپەرەکانی بەردەم خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و گونجانیان لەگەل پێوەرە زانستی و یاساییەکان.

٢٩- گرنگی دانی زیاتر بە زمانی کوردی وەك زمانی دایك و دەربازکردنی لەم پشتگوێخستنەی کە هەیە.

٣٠-چاوخشاندنەوە بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری و هەموو بابەتەکانی زانستخوازی بەردەوام و فیتباك و هەگبەی مامۆستا لەو شێوازەی ئێستای كە تەنها بە شكلی هەیەو گۆڕینی بۆ پرۆسەیەك کە لەخزمەت بەرەوپێشەوە چوونی ئاستی زانستی مامۆستایاندا بێت.

٣١- دانانی دەزگایەکی تایبەت لە خوێندنی باڵا بەمەبەستی وەرگێڕانی سەرچاوە زانستیەکان.

٣٢- چاوپێداخشاندنەوەی چاپخانەی زانکۆکان و نۆژەنکردنەوەیان و دانانی ستاف کاری تازەی شارەزا و ڕاهێنراو بۆیان بەمەبەستی چاپکردنی گۆڤاری زانکۆکان و کتێب و توێژینەوەی مامۆستاکان.

٣٣- هەماهەنگی زیاتر لەنێوان زانکۆکاندا دروستبکرێت بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی زیاتری زانستی و کاری هاوبەش.

٣٤- پەیوەندیی زیاتری زانکۆکانی کوردستان لەگەل زانکۆکانی دەرەوەو زانکۆ نێودەوڵەتیە ناسراوەکاندا گرنگی پێبدرێت و پتەوتر بکرێت.

٣٥- پەیوەندییەکانی زانکۆکان لەگەڵ کۆمەڵگەدا پتەوتر بکرێت و تاوتوێی ئەو بوارانە بکرێت کە زانکۆ دەتوانێت جێ دەستی بەسەر گۆڕانکارییەکانیدا هەبێت.

٣٦- سەرلەنوێ چاوێك بە میلاکی زانکۆکاندا بخشێنرێتەوە، لەو شوێنانەی هەڵاوسان هەیە لە مامۆستایان و فەرمانبەران ، بگوازرێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە مامۆستاو فەرمانبەریان نیە، بەو مەرجەی هاندانی لەگەلدابێت.

٣٧- تەواوکردنی کەمپی ئەو زانکۆیانەی تەواو نەکراون و دروستکردنی کەمپ بۆ ئەو زانکۆ و کۆلیژ و پەیمانگەیانەی نیانەو دابینکردنی شوێن و ژینگەیەکی گونجاو بۆ خوێندن.

٣٨- دەرگەی دامەزراندن بکرێتەوە بۆ ئەو پسپۆرییانەی کە پێویستن لە مامۆستایان و دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆکان.

٣٩- خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران بکرێتەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێڕی و زانستییان.

٤٠- ساڵنامەی خوێندن لە زانکۆکاندا چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو ڕۆژانی پشو کەمبکرێتەوەو جۆرێك ڕێکار بگیرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە دەوام نەکردن و پشوی بێ هۆکار.

٤١- چاو بەپەیکەری وەزارەتدا بخشێنرێتەوەو بەپێی یاسا و بەپێی پسپۆرییەکان بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکارەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەرەکان دابنرێن.

٤٢- ئەنجومەنی وەزارەت بەرزترین دەسەلاتی وەزارەتە پرۆفیشنالانە کاری خۆی بکات و لەکات و ساتی خۆیدا کۆبوونەوە بکات و بڕیاری پێویست بدات.

٤٣- ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو شەفافتر و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر ئیعتیبارێکی تری ناوچەیی و حزبی، ئاستی زانکۆکان بەپێی پێوەرە زانستیەکان دەستنیشان بکرێن.

٤٤- چاو بە شێواز و سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاراندا بخشێنرێتەوەو گرفتەکانی زانکۆلاین و ناوچەیی و خواستەکانی خوێندکار چارە بکرێن.

٤٥- چاو بە شێوازی تاقیکردنەوەکاندا بخشێنرێتەوە و لەگەل سەردەم و پێوەری زانستی و شێوازی فێرکردندا بگونجێنرێن.

٤٦- گرنگی بەخوێندنی کوردی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بدرێت و لەو سەرگەردانیەی تێی کەوتوون دەرباز بکرێن.

٤٧- گرفتی دانپیانانی زانکۆ تازەکان لە عیراق و گرفتی زانکۆ تایبەتەکان چارەسەر بکرێت.

٤٨- رێگری بکرێت لە بەکارهێنانی موڵك و زەوی گشتی لەلایەن زانکۆ تایبەتەکانەوە بۆ مەبەستی تری دەرەوەی زانکۆ و خوێندنی باڵا.

٤٩- دوور خستنەوەی دەستی حزب لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵا .

٥٠-بەمەبەستی چارەسازییەکی ریشەیی بۆ گرفتەکانی خوێندنی باڵا، کۆنگرەیەکی بەرفراوانی تایبەت بە چارەسەرکردنی گرفتە یاسایی و کارگێڕی و زانستیەکانی بە ئامادەبوون و بەشداری سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا ببەسترێت.

# پاشكۆكان

**بەڕێز/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**بابەت/ داواکاری**

پاش سلاو و ڕێزمان...

وێڕای پیرۆزباییمان لە بەڕێزتان بە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کابینەی هەشتەمدا، هیوادارین سەرکەوتووبن لە کارەکانتاندا لە پێناو خزمەتی خوێندنی باڵا و بەرەو پێشچوونی ئەم بوارە گرنگە.

ئێمە وەك (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) کە ڕێکخراوێکی ناحکومین و لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵادا کار دەکەین، لە سۆنگەی ئەوەوە کە پێمان وایە پێشکەوتنی خوێندنی باڵا خەمی هەموومانە، لەگەڵ دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی هەشتەمدا بۆ پاڵپشتی بەڕێزتان وەك وەزیری خوێندنی باڵا و سەرکەوتنی ئەم بوارە و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان یاخود هیچنا کەمکردنەوەیان، بۆ بەرچاوڕوونی زیاترتان یادداشتنامەیەکمان ئامادە کردووە و سەرجەم ئەو گرفت و کێشانەی بواری خوێندنی باڵامان خستۆتە ڕوو و ئامادەییشمان تێدایە بۆ خزمەتی زیاتری بوارەکە و درێغی نەکەین لە پاڵپشتیتان.

هەر بۆ ئەم مەبەستە دەمانەوێت لە دانیشتمنێکدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەك ڕێکخراوی تری ئەکادیمی و بواری خوێندنی باڵا و چەند کەسایەتی و پسپۆرێکی ئەم بوارە هەم پاڵپشتی خۆمانتان بۆ دەربڕین و هەم ئەم یاداشتەشتان پێشکەش بکەین.

داواکاریمان لە بەڕێزتان ئەوەیە ئەو میواندارییەمان قبوڵ بکەن. دەستنیشانکردنی کاتەکەشمان بۆ بەڕێزتان جێ هێشتووە.

**لەگەڵ ڕێزدا ....**

**د.سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

**سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**

**٢٠١٤/٧/٧**

تێبینی:

*-(ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، بە ژمارە (١٤٥٢) لە ٢٠١٣/١١/٢٨ تۆمار کراوە.

## ژمارەی خوێندکاران لە زانکۆکانی کوردستاندا

| ژ | زانکۆ | ژمارەی خوێندکاران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠٠٦-٢٠٠٧ | ٢٠٠٧-٢٠٠٨ | ٢٠٠٨-٢٠٠٩ | ٢٠٠٩-٢٠١٠ | ٢٠١٠-٢٠١١ | ٢٠١١-٢٠١٢ | ٢٠١٢-٢٠١٣ |
| ١ | سەلاحەدین | ١٩٥٦٥ | ٢٠٢٠٨ | ٢١٣٥٨ | ١٩٦٨٤ | ٢١١٠٨ | ٢٠٦٧١ | ٢٠٦٧٩ |
| ٢ | سلێمانی | ١٥١٢٦ | ١٨٤٤٠ | ٢١٦٥٢ | ٢٢٦٧٠ | ١٧٠٩٧ | ١٧٢٦٥ | ١٨٧٠٠ |
| ٣ | دهۆک | ٦٨٣٧ | ٨٨٧٨ | ٩٠٩٣ | ١٠٠٥٦ | ٩٣٠٨ | ١٠٤٥٤ | ١٢١٦٦ |
| ٤ | کۆیە | ٤٠٣٢ | ٤١٤٥ | ٤٦٣٠ | ٤١٨٤ | ٣٠٣٠ | ٢٨٣٢ | ٣٧٠٠ |
| ٥ | هەولێری پزیشکی | ١٧٤٩ | ١٤٦١ | ١٧٠٩ | ١٨٤٨ | ١٧٧٦ | ١٨٦٥ | ٢٠٣٥ |
| ٦ | سۆران | – | – | – | ١٧٤٢ | ٢٠٣١ | ٢١٦٥ | ٢٥١٦ |
| ٧ | پۆلیتەکنیکی هەولێر | ١٤٤٣ | ٧٢١٩ | ٩٤١٩ | ١٢٣٢١ | ١٥١٣٤ | ١٦٦٢٢ | ١١٥٤٩ |
| ٨ | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ٢٠٥٠ | ٥٦٩١ | ٨٥٨٥ | ١١١٨٤ | ١٤٨٣٢ | ١٣٤٣٨ | ١٣٥٨٠ |
| ٩ | پۆلیتەکنیکی دهۆک | – | – | – | – | – | – | ٥٨٢٩ |
| ١٠ | گەرمیان | – | – | – | – | ٥٥٦٣ | ٤٤١٩ | ٣٩٧٨ |
| ١١ | هەڵەبجە | – | – | – | – | ٦١٣ | ٨٨١ | ١٠٢٠ |
| ١٢ | زاخۆ | – | – | – | – | ٢٣٨٦ | ٢٣٣٨ | ٢٤٨١ |
| ١٣ | ڕاپەڕین | – | – | – | – | ١٥٥٥ | ١٥٤٢ | ٢١٢٩ |
| ١٤ | چەرموو | – | – | – | – | – | – | – |
| | **کۆی گشتی** | ٥٤٨٦٢ | ٦٦٠٤٢ | ٧٦٤٤٦ | ٨٣٦٨٩ | ٩٤٤٣٣ | ٩٤٤٩٢ | ١٠٠٣٦٢ |

# ژمارەی خوێندکاران لە زانکۆکانی کوردستاندا

| ژ | زانکۆ | ژمارەی خوێندکاران | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٢٠١٨-٢٠١٩ |
| ١ | سەلاحەدین | ٢٢١٣٧ | ٢٣٦٩٢ | | ٢٤٨٣١ | | |
| ٢ | سلێمانی | ٢٠٩٥١ | ٢١١٣١ | | ٢٢٣١٩ | | |
| ٣ | دهۆك | ١٤٦٣٨ | ١٥٩٨١ | | ١٩٢٢٢ | | |
| ٤ | کۆیە | ٤٥٢٧ | ٤٦٦٢ | | ٥١٠٩ | | |
| ٥ | هەولێری پزیشکی | ٢٢٦١ | ٢٦٤٩ | | ٢٩٨٦ | | |
| ٦ | سۆران | ٣٠١٨ | ٣٢٠٦ | | ٣٧٩٧ | | |
| ٧ | پۆلیتەکنیکی هەولێر | ٩٠٧٤ | ٩٣٦٦ | | ١٠٥٩١ | | |
| ٨ | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ١٣٠٨٢ | ١٣٦٩١ | | ١٣١٤٩ | | |
| ٩ | پۆلیتەکنیکی دهۆك | ٥٥٩٦ | ٥٦٠٨ | | ٦٨١١ | | |
| ١٠ | گەرمیان | ٤٠٧٤ | ٤١١٥ | | ٥٥١٨ | | |
| ١١ | هەڵەبجە | ١٠٧١ | ١٢٩٦ | | ٢٠٩٩ | | |
| ١٢ | زاخۆ | ٢٩٢٥ | ٣٥٩٠ | | ٤٠٤٠ | | |
| ١٣ | راپەڕین | ٢٨١٤ | ٣٤٦٧ | | ٤٨٩٢ | | |
| ١٤ | چەرموو | – | ١٣٣١ | | ١٨٢٤ | | |
| | **کۆی گشتی** | ١٠٦١٦٨ | ١١٤٠٨٥ | | ١٢٧١٨٨ | | |

بەڕێز/ ( م. س )ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێز/ ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێز/ ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێزان/ کاک پافڵ + کاک قوباد + شێخ لاهور

بابەت/ یاداشت

بەڕێزان وەك لای خۆشتان زانراوە ، حزبی سیاسی لە دنیادا ئەبێ بەردەوام کار لەسەر گەشە پێدان و بەرەو پێش چوونی خۆی بکات ، بۆ ئەمەش کۆمەڵێ ڕێگەی جیاواز هەیە ، وەکو دانانی پلانی نوێ ، پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری زیاتر ، گۆڕینی دەم و چاوی کۆن ، ڕازی کردنی جەماوەر و کادیر و ئەندام و دەنگ دەرانی ، ئەمانەش دوای دیراسەکردن و تاقی کردنەوەوە دێنەدی ، بە تایبەت تاقی کردنەوەی هەموو ئەوانەی لە پلە و پۆستە باڵاکاندان ، ئاخۆ لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا ئەدای چۆن بووە؟ تا چەندە سەرکەوتوو بووە؟ لەمەشەوە حزب بەرەو خۆ نوێ کردنەوە و سەرکەوتنی زیاتر هەنگاو ئەنێ ، بە پێچەوانەشەوە بەرەو شکست ئەڕوات .

ئەزمونی حزبە تێکۆشەرەکەی ئێمەش بە تایبەت لە چەند هەڵبژاردنی ڕابوردوودا گەیاندینە ئەو هەقیقەتەی کە تاکو لە ئیدارە سەرکەوتوو بووبێت و لە خەڵك و دەنگ دەرانی نزیك بوو بێت ، هەروەها تاکو خاوەن پۆستە باڵاکانی ئەدایان باش بوو بێت ، توانیویەتی دەنگی زیاتر بهێنێت ، یان هەندێ جار جەماوەرە دڵسۆزەکەی لەبەر خاتری ڕوباری خوێنی شەهیدانی یەکێتی و ڕێبازەکەی مام چانسی تریان پێداوە ، بەڵام ئاخۆ ئەم پێدانی ئەم چانسە هەر بەردەوام ئەبێت ، بە تایبەت ئەگەر دەم و چاوە سواو و خەڵك نادڵسۆز و بێ باکەکان هەر لە هەمان پۆست و شوێن دابنرێنەوە؟

بەڕێزان ئێمە کۆمەڵێ کادیری دڵسۆز و خاوەن شەهید و چالاکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانین لەناو زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان دا ، لەو پەڕی هەست کردن مان بە لێپرسراوێتی داوا لە بەڕێزتان ئەکەین بۆ ئەم کابینەی حکومەت چانسی بوونەوە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ( بەڕێز د . یوسف گۆران ) ئەدرێتەوە ، چونکە ئەتوانین بڵێین ئەدای سەرکەتوو نەبووە و ناڕەزای زۆری لەسەرە ، ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :-

1

1. لە مەسەلەی دانانی مەرجی وەرگرتنی لەقەبی زانستی ڕووبەڕووی ناڕەزایی زۆر بووەوە ، ناستەنگی زۆری بۆ کاندیدانی خوێندنی باڵا و خاوەن ماستەر و دکتۆراکان دروست کرد .
2. لە وەرگرتنی خوێندکارانی پۆلی 12ی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکان دا بڕیار و ڕێنمایی زۆری هەڵە و ناعەدالەتی دەرکرد ، وەك : جیاکردنی خوولی یەکەم و دووەم ، پەراوێز خستنی زمانی کوردی ، ... هتد .
3. لە داخستنی خوێندنی ئێواران لە زانکۆ و پەیمانگاکان و گرنگی دان بە زانکۆ ئەهلی یەکان و کردنەوەی کۆلێژی نوێی زانکۆیی و ... هتد ، گومانی زۆری خستە سەر خۆی و حزبەکەشمان !
4. دروست کردنی کەشێکی عەسکەری و تەجەسوسی لەناو زانکۆ و پەیمانگاکان دا ، بەتایبەت ئەوانەی زۆنی سەوز لە ڕێگەی سزادانی هەر مامۆستا و فەرمانبەرێك کە تەنانەت بە پۆستێك یان کۆمێنتێکیش لە فەیسبووك سەرنجێکی لەسەر بڕیارە نا دروستەکانی نووسیوە .
5. بەڕێوەبردنی زۆربەی پۆستەکانی ناو وەزارەت و زانکۆ و پەیمانگاکان بە وەکالەت و پڕنەکردنەوەی هەندێ پۆستی تریش ، هەروەها دروست کردنی تەکەتولێکی نا زانستی و نا ئیداری و قۆرخ کردنی ئەو پۆستانە بۆ تەنها بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی نزیك لە خۆی .
6. کەم دەوامکردن و گوێ نەگرتن لە خوێندکار و کەس وکاری هاوولاتی و کادیرانی یەکێتی و وەڵام نەدانەوەیان ، تەنانەت لە ئاستی باڵاش دا !

........................ هۆی تریش هەیە ، بەڵام مشتێ نمونەی خەروارێکە .

لەگەڵ ڕێزمان دا...

کۆمەڵی کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لەناو زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان

2018/10/26

• تێ بینی :- هۆکاری ناونەنووسینمان ئەگەڕێتەوە بۆ مەترسی سزادان مان .

2

بۆ /سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

بۆ/ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توژێنەوەی زانستی

بۆ/ وەزارەتی پەروەردە

بۆ/ هەموو کورد زمانێك

بۆ /مامۆستایانی زمانی شیرینی کوردی .....

بۆ /دڵسوزان و کەسایەتی و قەڵەم بە دەستانی کوردستان

بابەت / نڕەزایی

دڵسۆزان و ئازیزانی زمانی شیرینی کوردی وەك ئاشکرایە چەند ڕۆژێکە بڕیارێکی نەزۆکانە بە ناوی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دراوە بە هەژمار نەکردنی نمرەی زمانی کوردی لە پۆلی دوازدە بۆ کولێژەکانی ( پزیشکی ،ئەندازیاری ،زانستی ) بە بێ گوێدانە هیچ بنەمایەیەکی زانستی و مەنتیقی کوێرانە هاتوون زمانی دایکی نیشتیمانی کوردستان لەکەدار بکەن و بەهاو شکۆی میللەتێك بکەنە قوربانی وڕێنەیەکی بەعسییانەی لە گۆڕنراو و زیندوو کردنەوەی جارێکی دیکە ئەم بڕیارەش ئەوە دەردەخات کە خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا تا ئیستا نەیتوانیوە مشووری ئەوە بخوات کە سەرچاوەی زانستی دروست بە زمانی کوردی بۆ بابەتە زانستییەکان فەراهەم بکات و بتوانی بنیادی زمانی زانستیمان پتەو تروو دەوڵەمەنتر بکات....ئێمە کۆمەڵێك مامۆستاو دڵسۆزانی زمانی کوردی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ... پاش تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە وامان بە باش زانی کە دەبێ دژ بەم بڕیارە کە دەبێتە بەڵا بەسەر شانی زمانەکەمانەوە ،کۆ ببینەوە و هەڵوێستێك گەڵاڵە بکەین بڕیاری پێویست بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بڕیارە بدەین وە داوا لە سەرجەم لایەنە پەیوەندی دارەکان دەکەین بڕیاری پێویست لەم بارەوە بدەن و هەڵوێستی کوردانە بنوێنن کە ئەم بڕیارە دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی کورد و زمانی دایکە وە دووبارە زیندوو کردنەوەی بڕیارەکانی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ، و ئامانج لێی تەنها بەرژەوەندی چەند کەسێکی نابەرپرس و بێ ئاگایە لە بەها نەتەوییەکانمان لە ئە نجامی جێ بە جێ کردنی ئەم بڕیارە هەڵوێستە مەدەنییەکانمان بەردەوام دەبێت و بە هەموو شێوەیەك دژی ئەم بڕیارە دەوەستینەوەو پێویستە بە زووترین کات بڕیاری پێویست بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە بدرێت.

١٥ی ئاداری ٢٠١٧

دە ستە ی قە ڵغانی زمانی دایك

## دەقی یادداشتی ناڕەزایی ٣٠٩کاندیدی تواناسازی

بۆ/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی کوردستان

وەزیری خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان

(کێشەی دابینکردنی مافە داراییەکانی کاندیدانی تواناسازی)

پاش سەرهەڵدانی ئەو بارودۆخە نالەبارەی یەخەی کوردستانی گرت، کاندیدانی تواناسازی هەستان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان و ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە ئەنجامدان و بەشداری کردن لە چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بۆ پشتگیریی کوردستان لەو وڵاتانەی کە درێژە بە خوێندنیان دەدەن، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا ئێمەی کاندیدان بێدەنگیمان هەڵبژارد بەرامبەر نەدان و دواکەتنی مافە داراییەکانمان.

بەڵام بەداخەوە وادیارە بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا یان ئەوەتا ئەو ژمارە زۆرەی کاندیدانی تواناسازییان بیر چووە کە لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتان بوونیان هەیە و بەردەوامن لە خوێندن، یا بێدەنگیی کاندیدانیان قۆستۆتەوە بۆ نەدان و دواکەوتنی مافە داراییەکانمان.

بەهۆی دواکەوتنی مافە داراییەکانمان ئێمەی کاندیدانی تواناسازی ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر نالەبار و نائاساییداین، تەنانەت نازانین بیر لە خوێندن بکەینەوە یا بیر لە چۆنیەتیی دابینکردن و قەرزکردنی پارە بکەینەوە !

بە کورتی ئاماژە بە هەندێ لەو کێشانە دەکەین کە بەرەو ڕوومان بۆتەوە بەهۆی نەدان و دواکەوتنی مافە داراییەکانمان سەرەڕای دووریمان لە کوردستان:

١- زانکۆکان باکیان نییە بە بارودۆخی کوردستان و داوای پارەی زانکۆ لە کاتی خۆیدا ئەکەن، ئەمە وایکردووە چەندەها کاندید بەرەورووی دەرکردن ببنەوە و داوایان لێکراوە خوێندنەکەیان بە جێ بهێڵن.

٢- بێبەشبوونی بەشێکی کاندیدان لە خزمەتگوزارییەکانی زانکۆ و وەك وەستاندنی ئیمەیڵی زانکۆ و وەستاندنی چوونەژوورەوەی کتێبخانە و چەندەها کێشەی تر بە هۆی نەدانی پارەی زانکۆ.

٣- هەڕەشەی دەرکردنی هەندێ کاندید لەو خانووانەی کە بەکرێیان گرتوون لەلایەن خاوەنەکەیەوە بە هۆی بێتوانایی کاندید لە دانی کرێ لە کاتی خۆی.

٤- کێشەی بانکی، بەهۆی نەبوونی پارەی تەواو لە حیسابی بانکی بۆ پێدانی کرێی خوێندن و پێداویستییەکانی تر، هەندێ کاندید تووشی کێشەی بانکی بوونەتەوە و هەڕەشەی وەستانی حیسابی بانکیان لێکراوە.

٥- کێشەی دابینکردنی پارەی بژێوی ژیان، بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری کاندیدان خێزاندارن و منداڵیان هەیە، هەروەها بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە، بژێویی ژیانیان لە بارودۆخێکی خراپ و سەختدایە.

ئەم کێشانە و چەندەها کێشەی تر بوونەتە هۆی بێزاربوونی تەواوی کاندیدان لە پشتگوێخستنیان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و لایەنی پەیوەندیدار بەرامبەر دەستەبەرکردنی مافە داراییەکانی کاندیدانی تواناسازی. بۆیە

وەك لایەنیكی گرییەستەكە بە مافی خۆمانی دەزانین كە داواكار و داكۆكیكاری مافەكانی خۆمان بین و بە دواداچوونی بۆ بكەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاسایی بەردەوام بین لە خوێندن، هەروەك چۆن وەزارەتیش مافی خۆیەتی لە سەركەوتن و قۆناغەكانی خوێندنمان ئاگادار بێت و بەدواداچوونی بۆ بكات.

بۆیە ئێمەی كاندیدانی تواناسازی كە واژومان كردووە لە خوارەوە، بڕیارمان دا كە چیدی بێدەنگ نەبین بەرامبەر ئەو پشتگوێخستن و نادادپەروەرییەی كە دژمان دەكرێت، هەروەها داواكارین لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و لایەنە پەیوەندی دارەكان لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوو مافە داراییەكانمان سەرف بكات، تا بتوانین دوور بین لە هەڕەشەی دەركردن و دوورخستنەوەمان لە كۆرسی خوێندن و بە ئارامی و دوور لە كێشە درێژە بە خوێندنمان بدەین و بە سەركەوتویی بگەڕێینەوە بۆ بنیاتنانی كوردستانێكی پێشكەوتووتر.

لە كۆتاییدا داواكارین لە بەرێزتان بە شێوەیەكی فەرمی و بە زووترین كات بەدەم داواكەمانەوە بێن و راستەوخۆ ئاگاداری بارودۆخی كاندیدەكان بن و چارەسەرێك بۆ ئەم كێشەیە بكەن، بە پێچەوانەوە هە ربەر ئەنجامێكی نەخوازراو روو لە كاندیدانی تواناسازی بكات (بۆ نموونە لەدەستدانی خوێندن و نوێنەكردنەوەی فیزا و دەركردن لە وڵات) ئەوا خودی كاندید بەرپرسیار نابێت لێی.

لەگەڵ ڕێزماندا

**داواكاران/كاندیدانی تواناسازی**

**١٣-١٠-٢٠١٤**

تێبینی/ لیستێكی هاوپێچ كە واژۆی ٣٠٩ كاندیدی تواناسازی بۆ دەستەبەركردنی مافە داراییەكانیان بەسەرەوەیە.

## "هەڵوێست و پەرچەکردارمان لەبەرامبەر خەمساردیتان چاوەڕواننەکراو دەبێت."

**بۆ بەڕێزان/**

**-سەرۆکی حکومەتی هەرێم**

**-وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**-وەزیری دارایی و ئابووری**

**-لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان**

**-داواکاری گشتی**

**-رای گشتی و دەزگاکانی راگەیاندن**

پاش چەندین یاداشت و روونکردنەوەو سەردان و کۆبوونەوەلەگەڵ بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵاو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمان و ئەو لیژنەیەی کەبۆ تەواوکردنی کارەکانی رێنمایی ژمارە١١، سەرەنجام جگەلە بێبەڵێنی و کات کوشتن و نائومێدی شتێکمان دەستگیر نەبوو. تەنانەت دانیشتنی ئەم هەفتەیەی چەند نوێنەرێکی خوێندکاران لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا، پێناچێت هیچی لێ سەوز ببێت.

هەربۆیەدەمانەوێت بەم کۆتا یاداشتە ئاگادارتان بکەینەوە، وەك چۆن سەرچاوەی دروستبوونی ئەم قەیرانەخۆتانن، دواجار هەر خۆشتان پێویستەتەحەمولی مەسئولییەتی دەرەنجامەخراپ و نەخوازراوەکانی هەڵوێست و کاردانەوەتوندەکانمان بکەن.

ئەوەی لێرەدا بەکورتی دەیخەینەپێش چاوتان تەنها بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو راستییەنییە، کەلەئاست داواو مافەکانی ئێمەو بڕیارو رێنماییەکانی خۆتان بێ بەڵێن و ناڕاستگۆن. بەڵکو بۆ دوایین جار ئاگادارکردنەوەتانەلەوەی گەر بێتوو لەهەفتەی یەکەمی مانگی ئایاردا رێنمایی ژمارە١١ نەچێتەبواری جێبەجێکردنەوەو خوێندکاران چەکی قەرەبوو وەرنەگرن، دڵنیاتان دەکەینەوەکەئەو داوا یاساییەی ئامادەمان کردووەپێشکەشی دادگای ئیداری هەرێمی دەکەین و لەحاڵی نائومێدبوونیشمان لەدادگای ئیداری هەرێم و بەدەنگ نەهاتنی داواکاری گشتی و ئەنجومەنی دادوەری هەرێم، وێڕای خۆپیشاندان و مانگرتن، راستەوخۆ کێشەکەمان دەبەینەدادگای فیدراڵی حکومەتی ناوەندی وداوای یاسایی لەدژی هەموو کەس و لایەنێکی بەرپرس و کەمتەرخەم بەرزدەکەینەوە.

لەدوای ئەو هەنگاوانەگەر کێشەکەمان چارەنەکرا، ئەوا بێ هیچ سڵکردنەوەیەك داواکارییەك بەرزدەکەینەوە بۆ سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی عێراقی فیدراڵ، بۆ ئەوەی لەبەشەبودجەی ١٧٪ هەرێم ئەو بڕەپارەیەببڕن و مافی زەوتکراومان بۆ بگێڕنەوە، چونکەوەك لەیاداشتی پێشوومان ئاماژەمان پێدابوو، ماوەی ٣ ساڵە لەبەشەبودجەی هەرێم ئەو پارەیەی ئێمەوەردەگیرێت و کەس نازانێت دەچێتەگیرفانی چ کەس و لایەنێکەوە. هەروەك بەڕێز بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابووری ئەو راستییەی درکاندووە، کە"خەرجکردنی ئەو پارەیەبۆ بودجەی حکومەت، دڵۆپێکەلەدەریایەك".

بۆ دواجارو بەکورتی داواکارییەکانمان لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:

١- جێبەجێکردنی رێنمایی ژمارە١١ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم و ژمارە١٦٥ حکومەتی ناوەندی عێراق لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی وەقائیعی عێراقی.

٢- قەرەبووکردنەوەمان لەرۆژی یەکەمی دەرچوونی رێنماییەکەوە، کەلەخاڵی یەکەمدا ئاماژەمان پێداوە.

٣- چارەسەرکردنی کێشەی ئەو خوێندکارانەی کەمۆڵەتی بەمووچەیان پێدراوە، بەڵام رێنمایی ژمارە١١ نایانگرێتەوە، بەتایبەت کەیاسای بودجەی گشتی هەرێم پارەی بۆ ئەمجۆرەحاڵەتانەتەرخانکردووەو لە ماددەی شەشەمدا بەبڕی ١٢٠ ملیار دینار ئەم جۆرەکێشانەی چارەسەر کردووە.

**لیستی ناوی فێرخوازانی گیرفانسازی ﴿فەرمانبەری مولەت پێدراو﴾ کە ئەم یاداشتەیان ئامادەکردووە:**

| ز | ناو | بلەی خوێندن /بواری خوێندن/زانکۆ / وولات |
|---|---|---|
| 1 | ابراهيم مجيد فرج | ماستر/كستوكال/قاهيرة/مصر |
| 2 | ابراهيم محمد رشيد | ماستر/هندسة كارةبا/قبرص |
| 3 | ابراهيم محمود ميرزا فرج | ماستر/وةرزش/منصورة/مصر |
| 4 | ابراهيم عبدالكريم حمة كريم | ماستر/ئاداب/قاهرة/مصر |
| 5 | ابوبكر قادر مصطفى | ماستر/تربية/جامعة جنان/لبنان |
| 6 | ابراهيم مهدى عارف | ماستر/الدراسات الاسلامية/جامعة جنان/لبنان |
| 7 | احسان على طه | ماستر/زينكة/عوسمانية-حيدراباد/هندستان |
| 8 | احسان محمد صالح | ماستر/محاسبة/منصورة/مصر |
| 9 | احمد اسعد احمد | ماستر/زانكوى بونة/هندستان |
| 10 | احمد بندر موسى | ماستر/شريعة الاسلامية/قاهرة/مصر |
| 11 | احمد حسين احمد بابير | ماستر/مايكرو بايولوجي/زانكوى بابا صاحب/هندستان |
| 12 | احمد خدر فقي رسول | ماستر/شريعة/قاهرة/مصر |
| 13 | احمد محمود صالح | ماستر/شريعة/جامعة بيروت الاسلامي/لبنان |
| 14 | احمد علي امين | ماستر/ اسكندرية / كلية حقوق (قانون) |
| 15 | ادهم على عبدالوهاب عبدالله | ماستر/كستوكال/قاهيرة/مصر |
| 16 | اراز عبدالقادر عبدالله | جامعه سودان لعلوم و تكنوجيا- سودان - تكنولوجيا تعليم |
| 17 | ئاراز خدر عبدالله | ماستر/كومةلناسى/زانكوى بونة/هندستان |
| 18 | ئاراس عبدالله نجم الدين | ماستر/العلاقه الدوليه والدبلوماسيه/زانكوى بيروت عربي/لبنان |
| 19 | ئارام حميد محمد | زانكۆى جنان/كوليزى اداب/بةشى تاريخ |
| 20 | ئارام رەسوڵ | ماستر/كومةلناسى/زانكوى بانكلور/هندستان |
| 21 | ئارام محمد برا | ماستر/الصحة العامة/الاسكندرية/مصر |
| 22 | ئارام موفق خورشيد | ماستر/كومبيوتةر/European University of Lefke/قبرص |
| 23 | ئارام محمد عبدالقادر | ماستر/كشتوكال/منصورة/مصر |
| 24 | ئةردةلان شيروان رشيد | ماستر/هندسة ى كومبيوتةر/زانكوى قبرصى نيودةولةتى |
| 25 | ئةرسلان عبدالله رحيم | ماستر/شريعة/جامعة بيروت الاسلامي/لبنان |
| 26 | ئارى جەمبل عەلى | ماستر/European University of Lefke/قبرص |
| 27 | ئارى عكيد محمد | ماستر/فيزيا/زانكوى بونة/هندستان |
| 28 | ئازا كامران احمد | ماستر/وةرزش/الاسكندرية/مصر |
| 29 | ئازاد محمد احمد | ماستر/الزمالة المصرية/ الاشعة التشخيصية |
| 30 | ئاسو حميد حسن | ماستر/زانست/زانكوى UTM/ماليزيا |

| | | |
|---|---|---|
| 31 | ئاسو علي كريم | ماستةر/انكليزى/زانكوى بانكلور/هندستان |
| 32 | اسامة رشيد كريم | دكتورا/شريعة/جامعة بيروت الاسلامية/لبنان |
| 33 | اسماعيل محمد امين عارف | ماستةر/فلسفةي ئيسلامى/قاهرة/مصر |
| 34 | اسماعيل محمد كريم | ماستةر/ئاداب/جامعة جنان/لبنان |
| 35 | اسماعيل محمد عيسى | ماستةر/كشتوكال/منصورة/مصر |
| 36 | اسماعيل نورى اسماعيل | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 37 | اشواق محمد امين سمين | ماستةر/انكليزى/زانكوى بابا صاحب/هندستان |
| 38 | ئافان عبدالعزيز رضا | دكتورا/ياساي تايبةت/معهد البحوث والدراسات/مصر |
| 39 | افين محمد عزيز | ماستةر/وةرزش/منصورة/مصر |
| 40 | افين محمد حسن | ماستةر/IT/قبرسى نيودةولةتى/توركيا |
| 41 | افين هيدايت احمد | ماستةر/زمانى ئنكليزى/ئوكرانيا |
| 42 | افراز نذير صالح | ماستةر/زماني ئنكليزي/قبرسي نيودةولةتي/توركيا |
| 43 | اكرم فريدون حمدامين | ماستةر/راكةياندن /لبنان |
| 44 | ئاكو ابوبكر جعفر | ماستةر/UTM/ماليزيا |
| 45 | ئاكو ستار محمد | ماستةر/عربى/منصورة/مصر |
| 46 | ئاكو عبدالمجيد سعيد | ماستةر/ادارة الاعمال/منصورة/مصر |
| 47 | ئاكو قادر حەمه | ماستةر/كومةلناسى/حلوان/مصر |
| 48 | ئاكو يوسف احمد | ماستةر/هندسة/زانكوى UTM/ماليزيا |
| 49 | ئالان عوسمان محمد | ماستةر/ بايوتكنلوجي/B.M.A university /هندستان |
| 50 | ئامانج قادر رسول | ماستةر/وةرزش/منصورة/مصر |
| 51 | ئامانج محمود عبدالله | ماستةر/ياسا/الاسكندرية/مصر |
| 52 | ئامانج عبدالله احمد محمد | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 53 | ام كلثوم مصطفى درويش | دكتورا/ئاداب/الاسكندرية/مصر |
| 54 | امجد حمد عبدالله | ماستةر/محاسبة/منصورة/مصر |
| 55 | امير بيرو شاكر | ماستةر/زانكوى EMU/قبرص |
| 56 | امير محمد شريف | ماستةر/زينكة/زانكوى عوسمانية-حيدراباد/هندستان |
| 57 | امير عبدالستار قادر | ماستةر/اصول الفقه/ام درمان/سودان |
| 58 | ئاوات عمر صابر | ماجستير -كلية العلوم-جامعة منصورة |
| 59 | ئاوات محمود صاحب نجم الدين | / اصول الدين / التفسير وعلوم القران/امدرمان سودان |
| 60 | ئاواره محي الدين رحمان | ماستةر/تيشك و سونةر/عين شمس/مصر |
| 61 | ئوميد محمد امين فرج | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 62 | ئوميد فايەق عوسمان | ماستةر/بزيشكى/جامعة بنها/مصر |
| 63 | ئوميد علي فتاح | ماستةر/ئةدةبياتي ئنكليزي/زانكوي بانكةلور/هندستان |
| 64 | ئوميد عزيزاحمد | ماستةر/هندسةى ميكانيك/زانكوى نير ئيست/قبرص |
| 65 | ئوميد ياسين رسول | ماستةر/تاريخ/منصورة/مصر |
| 66 | ئەوين طاهر صابر | ماجستير -كلية الاداب -جامعة منصورة |
| 67 | اياد احمد بهاالدين | ماجستير _كلية الاداب _جامعة منصورة |
| 68 | ايفان كريم عبدالله | ماستةر/بزيشكى/زانكوى بهاراتى/هندستان |
| 69 | ايوب سالّح نورى | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 70 | ايوب عبدول حمه | ماستةر/جلديه و التناسليه/عين شمس/مصر |
| 71 | باسل سيدو احمد | ماستةر/جوانكاري بيست/زانكوى الكالا-مدريد/اسبانيا |
| 72 | باخان خاليد عبدالقادر | ماستةر/جوكرافيا/منصورة/مصر |
| 73 | بارزان احمد | ماستةر/جلديه و التناسليه/عين شمس/مصر |

| | | |
|---|---|---|
| 74 | بارزان صابر حسين | ماستەر/وەرزش/الاسكندرية/مصر |
| 75 | بارزان عومەر عەلی | ماستەر/محاسبة/جامعة جنان/لبنان |
| 76 | باوەر طاهر محمد | ماستەر- زراعة- قاهرة |
| 77 | بختيارعلى احمد | ماستەر/GIS/زانكوى UTM/ماليزيا |
| 78 | بەرزان على رحيم | ماستەر/ياسا/منصورة/مصر |
| 79 | بەريز عباس | ماستەر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 80 | بەيوەند جلال حسن | ماستەر/Eastern Mediterranean University/قبرص |
| 81 | بدرخان سعيد رشيد احمد | ماستەر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 82 | بديع شفيق عبدى | ماستەر/GIS/توركيا |
| 83 | بردمان ويسي عباس | ماستەر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 84 | بروا رسول شريف | ماستەر/زماني ئنكليزي/زانكوي نيەر ئيست/قبرص |
| 85 | بلند ابراهيم حسين | ماستەر/سياسة/معهد البحوث والدراسات العربية/مصر |
| 86 | بنار عثمان محمد | ماستەر/ادارة والاعمال/منصورة/مصر |
| 87 | بشتيوان فاضل صديق | ماستەر/ادارة/قناة السويس/مصر |
| 88 | بشتيوان عبدالله يوسف | ماستەر/بايوكيميسترى/قبرص |
| 89 | بهار حسن سعيد | ماستەر/ئاداب/الاسكندرية/مصر |
| 90 | بهزاد شفيق خلف | ماستەر / وەرزش/منصورة/مصر |
| 91 | بوتان لطيف عبدالقادر | ماستەر/ئاداب/الاسكندرية/مصر |
| 92 | بوكان عمر على | ماستەر/زانستي كومبيوتەر/زانكوى UTM/ماليزيا |
| 93 | بيار محمد طاهر | ماستەر/زانكوى قبرسى نيودەولەتى/قبرص |
| 94 | بيخال نامق حسن | ماستەر/ئاداب/الاسكندرية/مصر |
| 95 | بي كەرد علي احمد | ماستەر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 96 | بيستون عبدالخالق عساف | ماستەر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 97 | بيشرەو احمد حسين | ماستەر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 98 | بيشرەو حەمەلي عبدالله | ماستەر/شريعة/جامعة بيروت الاسلامي/لبنان |
| 99 | بيشرەو محمود سلمان | ماستەر/ادارة/جامعة جنان/لبنان |
| 100 | بيشرەو نادر رشيد | ماستەر/اصول الفقه/ام درمان/سودان |
| 101 | بيشره و صمد توفي | دكتوراه/جغرافيا /كلية الا داب/ اسكندرية/مصر |
| 102 | بيلال صمد عبالحق | ماستەر/ئامار/منصورة/مصر |
| 103 | پشتيوان محمد شريف | ماستەر/هندسةى ميكانيك/JNTU/هندستان |
| 104 | پەرۆش محمد نەجيب | ماستەر/تاريخ/معهد البحوث والدراسات/مصر |
| 105 | پەيام محمد طاهر احمد | ماستەر/حقوق/منصورة/مصر |
| 106 | پولا عبدالصمد محمود | دكتورا/دەرونزاني/الاسكندرية/مصر |
| 107 | پێشەوا خاليد محمد امين | بورد (دكتورا)/تيشك و سونەر/مصر |
| 108 | تاج الدين احمد انور | ماستەر/زمانى عربي/ام درمان/سودان |
| 109 | تارا عبدالرحمن عبدالقادر | ماستەر/جينەتيك/زانكوي عوسمانية-حيدراباد/هندستان |
| 110 | تريسك قادر محمد | ماستەر/كيميا/منصورة/مصر |
| 111 | توانا حەمە سعيد حەمە صالح | ماستەر/IT/نيەرئيست/قبرص |
| 112 | توانا محمد علي | ماستەر/وەرزش/منصورة/مصر |
| 113 | جابر ديوالي محمد | ماستەر/زماني ئنكليزي/زانكوي قبرسى نيودەولەتي/توركيا |
| 114 | جبار طه مينه | ماستەر/شريعة/جامعة بيروت الاسلامي/لبنان |
| 115 | جەنكي اسماعيل عبدالله | ماستەر/بهاراتى/هندستان |
| 116 | جلال الدين حسن صالح | ماستەر/انكليزى/زانكوى د.بامو/هندستان |

| | | |
|---|---|---|
| 117 | جلال قادر جميل | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 118 | جمال تقى قاسم | دكتورا/بوردى عربى/مصر |
| 119 | جمال خليل مجيد | ماستةر/فيزيا/منصورة/مصر |
| 120 | جميل محمد علي قادر | ماستةر/وةرزش/جامعة يرموك/الاردن |
| 121 | جعفر انور | ماستةر/بيركارى/قبرص |
| 122 | جوان برهان عثمان | ماستةر/علوم اجتماع/منصورة/مصر |
| 123 | جوان جلال رشيد | ماستةر/الصحة العامة/الاسكندرية/مصر |
| 124 | جةزا محمد | ماستةر/مايكرو بايولوجى/زانكوى بانكلور/هندستان |
| 125 | جوامير محمد رشيد | ماستةر/ميزوو/زانكوي فارونيش/روسيا |
| 126 | چنار حسين عزيز | ماستةر/فيزيا/زانكوى شياتس/هندستان |
| 127 | جيا محمد على | ماستةر/ادارة/قناة السويس/مصر |
| 128 | چيا طاهرجميل | ماستةر/كشتوكال/قاهرة/مصر |
| 129 | چالاك ئەكرم ممندى | ماستةر/بةروةردةي وةرزشي/زانكوي روكوفك/روسيا |
| 130 | چالاک محئ الدين نورى | بكالوريوس/بريتانيا/زانستى ئاشكرادنى تاوان/ |
| 131 | حسن قادر حسن | ماستةر/زمانى عربي/منصورة/مصر |
| 132 | حسن عثمان عبدالله | ماستةر/تاريخ/منصورة/مصر |
| 133 | حسن فهمى حسن | ماستةر/هندسة/زانكوى قبرصى نيودولةتى/قبرص |
| 134 | حسين فواد ميكايل طاهر | ماستةر/ئاداب/قبرص |
| 135 | حسين محمود احمد حسن | ماستةر/كيميا/زانكوى د.بامو/هندستان |
| 136 | حسين لطيف محمد طاهر | ماستةر/وةرزش/الاسكندرية/مصر |
| 137 | حمدي حمزة حمة | ماستةر/حقوق/منصورة/مصر |
| 138 | حميد رشيد احمد | ماستةر/زينكة/بهاراتى/هندستان |
| 139 | حميد علي محمد | ماستةر/هةندسة ميكانيك/تركيا |
| 140 | جنارة حسن خضر | ماستر-زمانى ئينكليزى-European University of Lefke |
| 141 | خبيب نادر عبدالرحمن | ماستةر/ميزوو/زانكوي بونة/هندستان |
| 142 | خالد انور حمة غريب | ماستةر/الصحة العامة/الاسكندرية/مصر |
| 143 | خالد توفيق محمود | ماستةر/فةلسةفةي ئيسلامي/قاهرة/مصر |
| 144 | خالد محمود عبدالله | ماستةر/زمانى نكليزى/University Taras Shevchenko/ئوكرانيا |
| 145 | خالد عثمان حمدامين | ماستةر/فةلسةفةي ئيسلامي/قاهرة/مصر |
| 146 | خالده محمد حسن | ماستةر/بايوكيميستري/عوسمانية-حيدراباد/هندستان |
| 147 | خەلات ابوبكر عبدالله | ماستةر/ياسا/قاهيرة/مصر |
| 148 | خيرية سعدي كريم | ماستةر/ئاداب/قاهرة/مصر |
| 149 | دارا محمد عزيز | ماستةر/كيميا/زانكوى هامدارد/هندستان |
| 150 | دانا شريف | ماستةر/ياسا/ زانكوى ئةسكةندةرية / مصر |
| 151 | دانا على قادر | ماستةر/زانكوى EMU/قبرص |
| 152 | دانا عەزيز احمد | ماستةر/كشتوكال/قاهرة/مصر |
| 153 | دانا وەلى محمد شەريف | ماستةر/ياسا/الاسكندرية/مصر |
| 154 | دريد سليم مجيد | زانكوي بامو.هندستان. |
| 155 | دزوار ابراهيم محمود | ماستةر/تجارة والاعمال/قناة السويس/مصر |
| 156 | دةريا دلدار نجات | ماستةر/ادارة اعمال/زانكوى ئةمريكى/قبرص |
| 157 | دلاور كريم عمر | ماستةر/وةرزش/منصورة/مصر |
| 158 | دلزار عبدالصمد محمد | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 159 | دلنيا خضر سعيد | دكتورا(بورد)/طب الاسنان/الاسكندرية/مصر |

| | | |
|---|---|---|
| 160 | دلوفان محمد علي جعفر | ماستةر/تاريخ/معهد البحوث والدراسات/مصر |
| 161 | دلوفان يونس حسن | ماستةر/ادارة/منصورة/مصر |
| 162 | دلير اسماعيل غفور | ماستةر/كيميا/منصورة/مصر |
| 163 | دلێر عبدالرحيم عبدالكريم | ماستةر/جوكرافيا/معهد البحوث والدراسات/مصر |
| 164 | دلێر عەباس رەشید | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 165 | دڵشاد حسن يوسف | ماستةر/زماني ئنكليزي/عوسمانية/هندستان |
| 166 | دڵشاد جليل اسماعيل | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 167 | دڵشاد عمر محمد سعيد | دبلوم/احصاء/قاهرة/مصر |
| 168 | دیاری عبدالخالق حسن | ماستر / ئە ندازیاری کارەبا/ زانکوی لفکەی ئەوروبی/ قبرصی تورکیا |
| 169 | ديدار انور احمد | ماستةر/فلسقفة/منصورة/مصر |
| 170 | ديمةن عبدالرحمن اسماعيل | ماستەر / زمانی ئینکلیزی (Girne American University) / قبرص |
| 171 | رشيد ميكائيل محمد | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 172 | رةنج حسين احمد | ماستةر/وةرزش/الاسكندرية/مصر |
| 173 | رةوةز طارق محمد امين | ماستةر/هندسەی كومبيوتةر/زانكوی قبرصی نيودةولةتی |
| 174 | رزكار حمة رشيد احمد | ماستةر/ادارة الاعمال/جامعة قناة السويس/مصر |
| 175 | رزكار خدر حمدامين | ماستةر/ئاداب/الاسكندرية/مصر |
| 176 | رزگار محمود محمد صالح | دكتورا(بورد)/تيشك وسونار/مصر |
| 177 | رزگار على صالح | ماستةر/فةلسةفة/منصورة/مصر |
| 178 | رزگار عبدالكريم محمد | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 179 | رزگار عثمان حمد امين | ماستةر/زانكوي بنكلور/هندستان |
| 180 | رسول حسن رسول | دكتورا/شريعة/جامعة بيروت الاسلامي/لبنان |
| 181 | رمضان احمد رشيد | ماستةر/سياسة/معهد البحوث والدراسات العربية/مصر |
| 182 | رەهێڵ ئیسماعیل مصطفی | ماستةر/تاريخ/قاهرة/مصر |
| 183 | رەئوف محمد شەریف | ماستةر/ئاداب/جامعة جنان/لبنان |
| 184 | **روستەم حەمە زوراب** | ماستةر/مايكرو بايولوجى/زانكوى بانكلور/هندستان |
| 185 | رنى مؤيد حسين | ماستةر/زماني ئنكليزي/قبرسي نيودةولةتي/توركيا |
| 186 | ريباز رحيم محمد | ماستةر/وةرزش/الاسكندرية/مصر |
| 187 | ريباز محمد خليل | ماستةر/IT/قبرسى نيودةولةتى/توركيا |
| 188 | ريباز عبدالوهاب باقر | ماستةر/بايوتكنولوجى/UTM/ماليزيا |
| 189 | ريبين حمه اسماعيل | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 190 | ريدار عبدالخالق قادر | ماستةر/القطاع المصرفي والماليه/زانكوى نير ئيست/قبرص |
| 191 | ريكةوت صابر حسن | ماستةر/زانكوى UTM/ماليزيا |
| 192 | ريكر محمد سليم | ماستةر/تربية/معهد البحوث والدراسات العربية/مصر |
| 193 | رێبوار بەختیار ابراهيم | ماستةر/كومبيوتةر/ماليزيا |
| 194 | رێبوار حسن خدر | ماستةر/پەرستاری/زانكوی راجايفكاندى/هندستان |
| 195 | رێبوار ئەحمەد مەحمود | ماستةر/علوم الحاسب/منصورة/مصر |
| 196 | ريبين ازاد عمر | ماستةر/كشتوكال/الاسكندرية/مصر |
| 197 | رێبین عثمان محمود | ماجستير محاسبة / كلية إدارة الأعمال / جامعة الجنان / لبنان |
| 198 | ريبين صمد عبدالله | ماستةر / مصر / منصورة /كلية الاداب قسم جغرافية |
| 199 | ريناس كامران مولود | ماستةر/هندسة/زانكوى قبرصى نيودولةتى/قبرص |
| 200 | زانا اسماعيل زوراب | ماستةر/ياسا/زانكوى بونة/هندستان |
| 201 | زانا عبدالرحمن عبدالله | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 202 | زانيار علي احمد | ماستةر/IT/زانكوى SRM/هندستان |

| | | |
|---|---|---|
| 203 | زردشت أبوبكرقادر | ماستةر/زميرياري/منصورة/مصر |
| 204 | زرار محمد طاهر | ماستةر/كيميا/E.M.U/توركيا |
| 205 | زريان عزيز على | ماستةر/زانكوى القران الكريم والعلوم الاسلامية/سودان |
| 206 | زريان غريب رشيد | ماستةر/وةرزش/الاسكندرية/مصر |
| 207 | زكرى صابر صالح | ماستةر/هندسةى كومبيوتةر/زانكوى قبرصى نيودةولةتى |
| 208 | زمناكو نورى محمد شلرى | ماستةر/ياسا/قاهيرة/مصر |
| 209 | زيان على احمد | ماستةر/ادارة والاعمال/منصورة/مصر |
| 210 | زيرك محمد روستم خان | ماستةر/حقوق/منصورة/مصر |
| 211 | زيرك رسول سعيد مولود | ماستةر/زماني ئنكليزي/نيةرئيست/قبرص |
| 212 | زيرەڤان سليمان عبدى | ماستةر/وةرزش/حلوان/مصر |
| 213 | ژوان عادل كەريم | ماستةر/وةرزش/الاسكندرية/مصر |
| 214 | ساره اسماعيل عبدالجليل | ماستةر/ئاداب/الاسكندرية/مصر |
| 215 | سامان اسماعيل حمد | ماستةر/جامعة جنان/لبنان |
| 216 | سامان همزه عمر | ماستةر/سياسة/معهد البحوث والدراسات العربية/مصر |
| 217 | سامان مجيد محمد | ماستةر/تاريخ/منصورة/مصر |
| 218 | سامان عبدالرحمن علي | ماستةر/ medical biology and genetics / زانكوى غازى عنتاب /تركيا |
| 219 | سامان على محمد | ماستەر/تربيه إسلاميه/جامعه الجنان/ لبنان |
| 220 | سامى حمد حسين | ماستةر/جوكرافيا/زانكوي باباساحيب/هندستان |
| 221 | ستار صديق | ماستةر/كشتوكال/منصورة/مصر |
| 222 | سترخيل ئاراز فاضل | ماستةر/الصحة العامة/الاسكندرية/مصر |
| 223 | ستركةوت داود عباس | القلب والاوعية دموية/زمالة مصرية |
| 224 | سةفين رفعت غفار | ماستةر/محاسبة/زانكوى بونة/هندستان |
| 225 | سةفين عارب | ماستةر/ئاداب/الاسكندرية/مصر |
| 226 | سةفين ياسين عبدالله | ماستةر/ميزوو/منصورة/مصر |
| 227 | سربست خدر ميرزا | ماستةر/حاسوب/ماليزيا |
| 228 | سرمت سمير فتح الله | ماستةر/زانستى كومبيوتةر/زانكوى نيرئيست/قبرص |
| 229 | سرمد سمير فتح الله | ماستةر/compute science/قبرص |
| 230 | سروان وسمان حمد | ماستةر/مايكرو بايولوجي/زانكوى د.بامو/هندستان |
| 231 | سروة محمد شريف | ماستةر/University Eastern Mediterranean/قبرص |
| 232 | سالار كريم توفيق | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 233 | سالار قادر حسن | ماستةر/زانست/زانكوى UTM/ماليزيا |
| 234 | سلام حاجى خضر | ماجستير محاسبة / كلية ادارة الاعمال/ جامعة الجنان / لبنان |
| 235 | سلام حميد عباس | ماستةر/انكليزى/زانكوى د.بامو/هندستان |
| 236 | سەهەند فەرهاد عبدالكريم | ماستةر/تجارة/منصورة/مصر |
| 237 | سواره فاتح حويز | ماستەر /بايۆكيمسترى/پونه /هند |
| 238 | سوران جلال رحيم | ماستةر/شريعة/جامعة بيروت الاسلامي/لبنان |
| 239 | سۆران جلال عبدالله | ماستەر - ماتماتيک - زانكۆى EMU - قبرص |
| 240 | سۆران بورهان محمد | ماستةر/وةرزش/معهد البحوث والدراسات/مصر |
| 241 | سۆران محمد رشيد | ماستةر/فيزيا/منصورة/مصر |
| 242 | سۆنيا عزيز حسين | ماستةر/ياسا/الاسكندرية/مصر |
| 243 | سعد محمد احمد | ماستةر / انكليزى/ زانكۆى University Eastern Mediterranean / قبرص |
| 244 | سعد سعيد مجيد | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 245 | سمرة سامر العزاوي | ماجستير-هندسة المعماري/زانكوى ئةوروبي لفكة/قبرص |

| | | |
|---|---|---|
| 246 | سيامند جلال حمد | ماستةر/وةرزش/الاسكندرية/مصر |
| 247 | سيران مجيد سليمان | ماستةر/ئاداب انكليزى/University Cyprus International/قبرص |
| 248 | سيروان محمود عبدالكريم | ماستةر/علم النفس/جامعة افريقا العالمية/سودان |
| 249 | سيفان عمر اسماعيل | ماستةر/ئاداب/منصورة/مصر |
| 250 | سيروان احمد عبدالرحمن | ماستةر/زانستي كوبيوتةر/عوسمانية/هندستان |
| 251 | سيروان محمد عزيز | ماستةر/زانستى كومبيوتةر/بهاراتى/هندستان |
| 252 | شاخةوان عارف محمد | ماستةر/وةرزش/منصورة/مصر |
| 253 | شاخەوان عەلی کاك عەبدوڵا | ماستةر/هندسة مدني/الاسكندرية/مصر |
| 254 | شاخوان احمد محمد | ماستةر/زانست/زانكوى UTM/ماليزيا |
| 255 | شاسوار صديق توفيق | ماستةر/كومةلناسى/حلوان/مصر |
| 256 | شالاو فارس احمد | ماستةر/تةندروستى و كومةل/زانكوى بوترا/ماليزيا |
| 257 | شاهو عثمان محمود | ماستةر/الصحة العامة/الاسكندرية/مصر |
